
گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (٤٢٩
لە ساڵوەگەڕی شۆڕشـ ـی مەزنی ئەیلوولدا
شۆڕشێکی هەمەلایەنە بۆ مانادانەوە
بە بەها بەرزەکانی نیشتمان




# یەکەم سەردانم بۆ واشینگتۆن دوای هاتنی ئۆباما


## لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠

## ١٣٠

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی سەرۆک ئۆباما، ڕۆژی ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ سەردانی واشینگتۆنمان کرد. ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠، چاومان بە سەرۆک ئۆباما کەوت. لە دیدارەکەدا کە بایدن جێگری سەرۆک و جەنەڕاڵ جێیمز جۆنز، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئامادە بوون، بەوردی گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کرا. یەکەم جار بوو ئۆباما ببینم، بەڵام پێشتر چەند جارێک بایدنم بینیبوو. سەرۆک ئۆباما لە کۆبوونەوەکەدا زۆر بە بایەخ و گرنگییەوە باسی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستانی کرد و ڕۆڵ و کاریگەریی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردی بەرز نرخاند و بەردەوامیی وڵاتەکەی لە هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. هەروەها بە بایەخەوە باسی ڕێککەوتنی سوفای لەگەڵ حکوومەتی عێراق کرد کە پەیوەست بوو بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

ڕۆژی دواتر لەگەڵ هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆ بووینەوە دوای گفتوگۆ لەبارەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و کوردستان بەفەرمی بانگهێشتی خاتوو کلینتۆنم کرد کە سەردانی کوردستان بکات، بانگهێشتەکەی قبووڵ کرد، بەڵام سەردانەکە نەکرا. هەروەها چاومان بە سەرۆکی کۆنگریس و ژمارەیەک لە کۆنگریسمانەکان کەوت. کۆبوونەوەکە لە کەشێکی کراوە و دۆستانەدا کرا و بەگەرمی پێشوازییان کردین.

ڕۆژی ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠، چاومان بە ڕۆبرت گیتس، وەزیری بەرگریی ئەمەریکا کەوت و بۆ نانی نیوەڕۆش میوانی بایدن بووین لە ماڵەکەی خۆی. دانیشتنەکەمان زۆر دۆستانە بوو. هەستمان کرد کە هەماهەنگییەکی تەواو لە نێوان هەردوولاماندا بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فیدراڵی و پێکهێنانی حکوومەت دەبێت. دیاریش بوو هێشتا پێیان خۆش بوو مالیکی بمێنێت.




شەشەمین کتێبی بەچاپ گەیەندراوی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان بۆ خزمەتی گەنجان و لاوانی کورد بە ناونیشانی( گەنج و ماددە هۆشبەرەکان) لە نووسینی (د. ئارام ئەسعەد عەبدولڕەحیم) لە دووتوێی (١٦٥) لاپەڕە کەوتە بەردەستی گەنجان و خوێنەرانی کوردەوە.


ئەم بابەتە تێزێکی دکتۆرایە کە لە ماوەی سێ ساڵدا نووسەر ئەنجامی داوە، بۆ زانینی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و کاریگەرییان لەسەر گەنج و جۆری ئەو ماددە هۆشبەرانەی، کە لەنێو گەنجاندا بڵاون و هۆکارەکان و کاریگەریی ژینگەیی ناوچەکە و شوێنی جوگرافیایی لەسەر بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، توێژینەوەکە لێکدراوە، لە ڕووی جۆریشەوە چۆنایەتی و چەندایەتی لەخۆدەگرێت، میتۆدی بەکارهاتوو وەسفی شیکارییە لە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتییەوە، سوود لە نموونەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار وەرگیراوە Purposive Sample .

نووسەری ئەم کتێبە جگە لە پێشەکییەکەی، بابەتەکەی لە حەوت بەشدا ڕێکخستووە، لە بەشی یەکەمدا پێناسەی ماددە هۆشبەرەکان دەکات لە ڕووی زمانەوانی و یاسایی و تەندروستی و دەروونی و کارڕاییەوە، دواتر باس لە ئالوودەبوون و بەکارهێنانی دەکات، بەشی دووەم ئاماژە بۆ مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان دەکات، نووسەر لە بەشی سێیەمی ئەم توێژنەوەیەدا هاتووە پۆلێنی ماددە هۆشبەرەکانی کردەوە، لەسەر بنەمای پێکهاتەکانیان و ڕەنگ و ڕادەی کاریگەرییان، دواتر ئاماژەی بە قۆناغەکانی ئالوودەبوون کردووە. بەشی چوارەم بۆ تیۆرەکانی تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان تەرخانکراوە، کە تیۆرەکانی فێربوونی کۆمەڵایەتی و وردە کولتوور و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و گرووپی هاوتەمەنەکان و هەڵسوکەوتی خێزانی و بێبەشکردنی ڕێژەیی و کاتە بەتاڵەکان و دەرفەتە نایەکسانەکان و لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

بەشی پێنجەم تایبەتە بە گەنج و پێداویستییەکانی و هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و کاریگەرییان لەسەر گەنجان، لە بەشی شەشەمدا باس لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی چاوپێکەوتنی توێژینەوەکە کراوە، کە بۆ وەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی بەدەستهاتوون ئامرازی شیکاریی بابەتی بەکارهێنراوە. کۆتا بەش، بەشی حەوتەمە کە ئاماژە بە تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان دەکات.

دەستخۆشی لە (د. ئارام ئەسعەد عەبدولڕەحیم) نووسەری کتێبی( گەنج و ماددە هۆشبەرەکان) دەکەین، هیوادارین بەم کتێبە سوودێکی بە گەنج و لاوانی کوردستان گەیاندبێت.

# چاپکراوی نوێ








کتێبی (ڕەهەندە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق) لە نووسینی (د. ساسان حکمەت عەلی)، لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دووتوێی (٤٦٦) بە بەرگێکی ناوازەوە کەوتە بەر دید و دەستی نووسەر و خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا وەکو بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (دکتۆرای فەلسەفە) لە جوگرافیا بە سەرپەرشتیی پ.د سلێمان عەبدوڵڵا ئیسماعیل پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر کراوە.

مافی بڕیاردانی چارەنووس هەڵقووڵاوی یاسای نێودەوڵەتیی عورفییە، ئێستا بووە بە پرەنسیپێکی جێگیر و چەسپاو لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا و مافێکی یاساییە بۆ هەموو نەتەوە و گرووپێك بەبێ جیاوازی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا، پرەنسیپی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان وەك پرەنسیپێکی یاسای نێودەوڵەتی گشتیی هاوچەرخ لە دەستووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو جاڕنامە و ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەلان و مافەکانیان دەری کردووە.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە لەبارەی ڕیفراندۆمە کە هەوڵێکی ناوازەی جوودابوونەوەیە لە عێراق کە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧) ئەنجامیدا و گرنگی و کاریگەرییەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر ئاسایشی عێراق و وڵاتانی دراوسێ کە نیشتمان و خاك و گەلی کورد لەنێوان خۆیان دابەش دەکەن، بۆ یەکەم جاریشە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بەبێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و حزبی، ڕیفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکرێت.




ئامانجی نووسەر لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی كوردستانە بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق بە شێوەی تاكلایەنە و بەبێ ڕەزامەندیی حكومەتی ناوەندی لە بەغدا و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی وڵاتانی دراوسێ، یان ڕێكخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەكان لەگەڵ هەڵسەنگاندنێكی جیۆپۆلیتیكی بۆ ئەو هۆكارانەی كە بوونە مایەی شكستپێهێنانی ئەنجامەكەی و ئەو فاكتەرە جوگرافییە سروشتی و مرۆییانەی كە كاریگەرییان هەبووە لەم بوارەدا.


بەشداریكردنی هاووڵاتیانی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پرۆسەی ڕیفراندۆمدا، قورساییەكی زیاتری بەخشییە پرۆسەكە، چونكە مەسەلەی ئەو ناوچانە بۆ هەرێم زۆر گرنگە لە ڕووی پێگەی جیۆپۆلیتیكییەوە، هەروەها گرنگییە جیۆ ئابوورییەكەی، بە ڕادەیەك لكاندنی ئەو ناوچانە بە سنووری هەرێم هێزو پێگەی گرنگتری پێ دەبەخشێت.

پلانی توێژینەوەكە لەسەر بنەمای ئامانجەكان دابەشكراوە بۆ پێشەكییەك و پێنج بەش، هەروەها خستنەڕووی چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە، بەشی یەكەم بریتییە لە چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە و بۆ دوو باسی سەرەكی دابەشكراوە، یەكەمیان تایبەت كراوە بە مافی بڕیاری چارەنووسی نەتەوەكان و دووەمیشیان بریتییە لە ڕیفراندۆم و لێكەوتەكانی سەربەخۆیی لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونە نێودەوڵەتییەكاندا. بەشی دووەم تایبەتە بە بنەما جیۆپۆلیتییەكان و ئاستەنگەكانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستانی عێراق و ئەمەش هەر دووباسی سەرەكی لەخۆدەگرێت، یەكەم توانستە جوگرافییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق و دووەمیان ئاستەنگەكانی دامەزراندنی دەوڵەت لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

بەشی سێیەمی توێژینەوەكە بریتییە لە سەرهەڵدانی دۆزی كورد و پاڵنەر و پاساوەكانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی كوردستان، كە بۆ دوو باس دابەشكراوە، یەكەم بریتییە لە سەرهەڵدان و گەشەكردنی دۆزی كورد لە عێراق، باسی دووەم تایبەتە بە پاساوەكانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی كوردستان، بەشی چوارەم تایبەتە بە هەڵوێستە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان لە بەرانبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی كوردستان، ئەمەیان سێ بەشە، یەكەم بریتییە لە هەڵوێستەكان لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، دووەم هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ، دوا بەشیش هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەش پێنجەم و كۆتایی بریتییە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و لێكەوتەكانی و سیناریۆكانی داهاتووی هەرێمی كوردستان، كە سێ باسە، یەكەمیان تایبەتە بە ئامادەكارییەكانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و شیكردنەوەی ئەنجامەكانی، دووەمیان لێكەوتە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی، باسی سێیەم تایبەتە بە سیناریۆكانی داهاتووی هەرێمی كوردستان.

لەم توێژینەوەیەدا نووسەر هەوڵی داوە پشت بەچەندین سەرچاوە ببەستێت، لەوانە كتێب و جۆرەكانی سەرچاوەی كتێبخانە، داتاكانی فەرمانگە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵ لە بەغدا، ئەمە جگە لەوەی كە نووسەر بەردەوام سەردانی مەیدانی و چاوپێكەوتنی ئەنجامداوە، هەروەها پشتی بە دەیان سەرچاوەی كتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی بە زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بەستووە لەكۆتاییدا پاشكۆیەكی بە بەڵگەنامەكان هاوپێچ كردووە.

دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە (د. ساسان حكمەت عەلی) و دەستەی ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەین بۆ ئەم بەرهەمە، بە هیوای سەركەوتن و بەرهەمی زیاتر.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نوسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالَح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەماڵ ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com


سەروەر کەمال هاواری :



**لە ٢١٪ی ئەو ٣٦ هەزار کۆمپانیایانەی تۆمارکراون لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون**

بژار مەلا خدر :



**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ١٥٠ ملیار دینار بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزای قوشتەپە خەرج کراوە**

دکتۆر دڵشاد مەحموود گەلاڵی :



**ئیسلامی سیاسی لە ڕێگەی سۆزی دینداری و هەنگاوە ژەهراوییەکانیانەوە دەیانەوێت خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی موسڵمان هەڵخەڵەتێنن**

د. تالیب محەمەد کەریم :



**زۆربەی بڕیارەکانی گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەیان وەکو خۆی جێبەجێ نەکراون**



شاجوان بەهرۆز :

## پێویستە مەلەوانگەیەکی تایبەت بە یاریزانانی کچ هەبێت

میر حازم تەحسین بەگ :



## پتەوکردنی گیانی برایەتی و ڕۆحی خۆشەویستی و پێکەوە کارکردن باشترین ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری توندڕەوی و ڕق و کینە



سەعدیە گەردی :

## هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراقی هەنگاوێکی مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی

## میوە گونجاوەکان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش



ChatGPT.5

## نزیک بوونەوەی ژیریی دەستکرد و ژیریی مرۆیی







کیژان خەسرۆ:

## لەتابلۆکانم ئافرەت تۆخمی سەرەکییە



### لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا

# شۆڕشێکی هەمەلایەنە بۆ مانادانەوە بە بەها بەرزەکانی نیشتمان





**لە ناو مێژووی بەشێکی زۆری کاریزماکانی جیهاندا، مستەفا بارزانی ئەو ڕابەرەیە کە بەبێ بوونی حزبی سیاسی شۆڕشی بەرپا کردووە و ڕێبەرایەتیی شۆڕشی نەتەوەکەی کردووە و داکۆکی لە پێکهاتە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کردووە**

**مستەفا بارزانی داوای کردووە، کە «دیالۆگی کوردی و عەرەبی» بەردەوام بێت بۆ ئەوەی پێکەوە لەوە تێبگەن ئەم دەوڵەتە نیشتمانی هاوبەشی خۆیانە و پێویستە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بناغەی ئەم دەوڵەتە بێت و، ڕێگە نەدرێت هیچ دیکتاتۆرێک نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق بچەوسێنێتەوە**

**شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشێکی سیاسی بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی کێشەیەک بوو کە کێشەی «خاک و گەلی کوردستان» بوو، هەڵوێستێکی مێژوویی بوو بەرانبەر پەشیمانبوونەوەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ماددەی ٣ی دەستووری عێراق، کە تیایدا دەڵێت: «دەوڵەتی عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە»**

### ● چەمکی شۆڕش لە هزر و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا

لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و لە ناو مێژووی بەشێکی زۆری کاریزماکانی جیهاندا، مستەفا بارزانی ئەو ڕابەرەیە کە بەبێ بوونی حزبی سیاسی شۆڕشی بەرپا کردووە و ڕێبەرایەتیی شۆڕشی نەتەوەکەی کردووە و داکۆکی لە پێکهاتە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کردووە.

وینستۆن چەرچڵ، کاریزمای دیاری ئینگلیز کە لەگەڵ ڕۆزفەڵتی سەرۆکی ئەمریکا کە سەرکردایەتی بەرەی هاوپەیمانیی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دەکرد، لە یاداشتنامەکەیدا نووسیویەتی: «لە شەڕی دووەمی جیهانیدا شەڕ لە نێوان دەوڵەتاندا نەبوو، بەڵکو شەڕی نێوان نەتەوەکان بوو، کاتێك فڕۆکەی هیتلەر بۆردومانی بەریتانیای دەکرد، هەموو هاووڵاتیانی بەریتانیای بە چەرچڵ دەزانی و تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند، بە هەمان شێوە کاتێك فڕۆکەکانی ئێمەش بۆردومانی بەرلینیان دەکرد، هەر هاووڵاتییەکی ئەڵمانییان بە هیتلەر دەزانی و دەستیان نەدەپاراست و خەڵکی سڤیلیان وەك سەربازەکانی هیتلەر سەیر دەکرد و دەیانکوشتن».

لە ناو ئەم مێژووە و ئەم بیرکردنەوە جیهانییەی بەرانبەر نەتەوەکان، کە لەو سەردەمەدا هەبووە، مستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٤٣ ڕابەرایەتی شۆڕشی دووەمی بارزان دەکات، کە دەسەڵاتی ڕژێمی پادشایەتی لای عەرەبی عێراق بووە، بەڵام ئەگەر سەیری پەیامە بەرز و مێژووییەکەی مستەفا بارزانی بکەین کە بۆ کەسایەتیی دیاری جیهانی عەرەبی (مستەفا عەزام پاشا) ناردوویەتی و تیایدا نووسیویەتی: «شۆڕشی ئێمە دژی نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو دژی ئەو ڕژێمەیە کە هەردوو لامان پێکەوە دەچەوسێنێتەوە»، ئەم بیرکردنەوە مرۆڤانەیەی بارزانی ئەگەر بگێڕینەوە بۆ ناو ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانی، دەبینین لای هیچ سەرکردەیەکی جیهانی کە لە هەرە دیارەکانیان بریتین لە «فرانکلین، ڕۆزفەڵت و هاری ترۆمان دوو سەرۆکی ئەمریکا لەو سەردەمە، وینستۆن چەرچڵ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، جۆزیف ستالین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، شارڵ دیگۆل سەرۆکی فەرەنسای دوای شەڕی دووەمی جیهانی»، لە ناو بیرکردنەوەی هیچ کام لەم سەرکردە مەزنانەدا بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی نەبووە، تەنانەت مەهاتما گاندی کە وەك سیمبولی ئاشتی و لێبوردەیی لە فەرهەنگی سیاسیی کۆی نەتەوەکانی جیهاندا لە قەڵەم دەدرێت، بەرانبەر بە ئینگلیز وەك (نەتەوە) هەمان تێڕوانین و بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی نەبووە، گاندی تەنیا داوای دەکرد، شانشینی بەریتانیا نیمچە کیشوەری هیندستان بەجێ بهێڵێت و گەلەکەی ئازاد بێت، هەرگیز داوای ئەوەی نەکردووە کە سیستمی پادشایەتیی بەریتانیا بڕووخێت، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانی ئینگلیزیش وەك هاووڵاتیانی هیندستان دەچەوسێنێتەوە، ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە کە نەتەوەی سەردەست وەك نەتەوەی خۆت بە چەوساوە بزانیت و لە هزری مستەفا بارزانیدا هەبووە، تەنانەت لای نیلسۆن ماندیلاش بەو ئاستە نەبووە و هەرگیز ئەوەی نەگوتووە کە ڕژێمی ئاپارتاید هاووڵاتیانی سپی پێستیش بە هاوشێوەی هاووڵاتیانی ڕەش پێست دەچەوسێنێتەوە، بە پێچەوانەوە ماندیلا پێداگری لەسەر «ددانانان بە ڕاستییەکان و ئاشتەواییدا» کرد، ئەمەش واتە پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێت سپی پێستەکان ددان بەوەدا بنێن کە تاوانیان دژی ڕەشپێستەکان کردووە، ئەوجا ئاشتەواییان لەگەڵ دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە مستەفا بارزانی داوای کردووە، کە «دیالۆگی کوردی و عەرەبی» بەردەوام بێت بۆ ئەوەی پێکەوە لەوە تێبگەن ئەم دەوڵەتە نیشتمانی هاوبەشی خۆیانە و پێویستە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بناغەی ئەم دەوڵەتە بێت و، ڕێگە نەدرێت هیچ دیکتاتۆرێك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی عێراق بچەوسێنێتەوە.

### ● شۆڕشێکی هەمەلایەن بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی نیشتمان

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، تەنیا شۆڕشێکی چەکداری نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی هەمە

لایەنی (سیاسی، چەکداری، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماتی، مەعریفی، دادپەروەریی کومەڵایەتی و سەروەریی یاسا، پاراستنی ژینگە و.. هتد) بووە. لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە گۆڕانکاریی ریشەیی و ئەرێنیی هێنایە ئاراوە و، لەسەر بنەمای (راستگۆیی، متمانە، ئاکار) بناغەی بۆ نیشتمانێکی ئازاد دادەنا، بە جۆرێك لەم نیشتمانەدا بەهاکانی وەك «کەرامەتی مرۆڤ، مافی ئافرەت، مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، پاراستنی ژینگە، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی» پارێزراو و رێزلێگیراو بن. لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر چەند لایەنێکی گرنگ دەکەینەوە.

## ١- شۆڕشی سیاسی

شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشێکی سیاسی بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی کێشەیەك بوو کە کێشەی «خاك و گەلی کوردستان» بوو، هەڵوێستێکی مێژوویی بوو بەرانبەر پەشیمانبوونەوەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ماددەی ٣ی دەستووری عێراق، کە تیایدا دەڵێت: «دەوڵەتی عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە». ئەم پەشیمانبوونەوەیەی عەبدولکەریم قاسم، راستە شۆڕشی ئەیلوولی بەرپا کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستی عرووبەی شۆڤێنیی لە دەسەڵاتی رژێمەکانی عێراقدا گەیاندە ئەوەی کە بەعسییەکان کودەتا بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا بکەن و لە کۆشکی کۆماریدا بیکوژن، بەڵام دوای رووخانی رژێمەکەی قاسمیش، شۆڕشی ئەیلوول هەر بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی کێشەیەکی سیاسی بوو، ئەو کێشەیەش پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەبوو. بۆیە لەگەڵ رژێمەکانی دوای عەبدولکەریم قاسمیش خەباتی سیاسی بەردەوام بووە، هەتا رێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئیمزا کرا و مۆڵەت بە حزبی بەعس درا، ئەم رێککەوتنە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە یاسا جێبەجێ بکات، بەڵام بینیمان حزبی بەعسیش لە رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ پەشیمان بووەوە و لە ساڵی ١٩٧٤ دووبارە دەستی پێکردووە.

ئەم ئاراستەیە لە شۆڕشی گوڵانیش وەك درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلوول هەر درێژەی هەبووە، جارێکی دی لە ساڵی ١٩٩١ بەرەی کوردستانی لەگەڵ حزبی بەعس کەوتەوە دانوستاندن و گفتوگۆ بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بەڵام کە دانوستاندنەکان سەرکەوتوو نەبوون، سەرۆك مسعود بارزانی پێشنیاری بۆ بەرەی کوردستانی کرد، کە هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدرێت، بەرهەمی ئەو هەڵبژاردنەش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

لەسەر ئاستی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەوەی بە هیوای ئەوە بووین عێراقێکی نوێی «فیدراڵی و دیموکراتی و فرەیی و پەرلەمانی» بونیاد بنرێتەوە و پەند لە مێژووی رابردوو وەربگیرێت و، ئەو مێژووە خوێناوییەی ١٠٠ ساڵی رابردووی عێراق دووبارە نەبێتەوە و هەموو لایەك پابەند بن بە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ و ماددەکانی جێبەجێ بکەن، بەڵام هەتا ئێستاش کێشەی سیاسیی «خاك و گەلی کوردستان» چارەسەر نەکراوە، بۆیە هەتا ئێستاش پەیام و دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە «کوردستان یان نەمانە» بەردەوامیی هەیە.

## ٢- شۆڕشی چەکداری

گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ بۆ عێراق، ئەو پەیامە بەرزە بوو «ئەگەر عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب بێت»، ئەوا کوردیش ئەرکی پاراستنی ئەو کۆمارەی لەسەر شانە، ئەو پێشوازییە جەماوەرییە گەورەیەی کورد و عەرەب لە فرۆکەخانەی «موسەننا» لە بەغدا لە مستەفا بارزانی، جارێکی دیکە ئەو راستییەی سەلماندەوە کە مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستپێکی بەرپاکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان بە نەتەوەی عەرەبی راگەیاند، بەوەی شۆڕشی ئێمە دژی نەتەوەی عەرەب نییە و دژی ئەو رژێمانەیە کە هەردوو نەتەوە پێکەوە دەچەوسێننەوە.

بەداخەوە دەسەڵاتدارانی سەربازیی بەغدا کە دەسەڵاتی سیاسییشیان کەوتبووە دەست، لەم گەڕانەوەیەی مستەفا بارزانی بۆ نیشتمان و لەو پەیامە بەرزەی تێنەگەیشتن کە ئامادەیی گەلی کوردستان بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتەی

**دوای رووخانی رژێمەکەی قاسمیش، شۆڕشی ئەیلوول هەر بەردەوام بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی کێشەیەکی سیاسی بوو، ئەو کێشەیەش پێویستی بە چارەسەری سیاسی هەبوو**

**کێشەی سیاسیی «خاك و گەلی کوردستان» چارەسەر نەکراوە، بۆیە هەتا ئێستاش پەیام و دروشمی شۆڕشی ئەیلوول کە «کوردستان یان نەمانە» بەردەوامیی هەیە**

**گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨ بۆ عێراق، ئەوو پەیامە بەرزە بوو «ئەگەر عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب بێت»، ئەوا کوردیش ئەرکی پاراستنی ئەو کۆمارەی لەسەر شانە**

**مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستپێکی بەرپاکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان بە نەتەوەی عەرەبی راگەیاند، بەوەی شۆڕشی ئێمە دژی نەتەوەی عەرەب نییە و دژی ئەو رژێمانەیە کە هەردوو نەتەوە پێکەوە دەچەوسێنێتەوە**

تیایدا دەژین بەستراوەتەوە بە مافەکانیانەوە و، ئەگەر ئەو مافانە پێشێل بکرێن، ئەوا بەرگری لە خۆیان دەکەن.

لە ماوەی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هەتا ١١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ پارتی دیموکراتی کوردستان (کە تەنیا پارتی جەماوەری کوردستانی بوو) هەوڵی دا، ئەو بارودۆخە تازەیەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز هاتووەتە ئاراوە تێك نەچێت و عێراقییەکان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینیانەوە لەم نیشتمانەدا بە ئاسوودەیی بژین، بەڵام بەداخەوە هەر هێندەی پێگە و دەسەڵاتی خۆیان پتەو کرد، دەستیان کرد بە خۆکۆکردنەوە و هێرشکردن بۆ سەر کوردستان، بەڵام خەڵکی کوردستان بە چەکی خۆیان لە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولدا بەرانبەر بە هێزەکانی عێراق ڕاوەستانەوە و بەبێ هیچ بڕیارێکی پێشوەختە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا. ئەو تێکۆشەرە دێرینانەی کە ئێستا لە ژیاندا ماون و خۆیان لە ناو شەڕەکەی دەربەندی بازیاندا بەشدار بوون، ڕاشکاوانە دەڵێن کە شۆڕش دەستی پێکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی نەبووە، ئەو خەڵکانە بوونە لەشکری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە خۆیان چەکیان هەبوو و لە ناو شۆڕشدا و وەك «هێز، بەتالیۆن، لق، پەل» بە شێوەی هەیکەلەی سەربازی ڕێك خرانەوە، پاشانیش حزبە عێراقییەکانی وەك حزبی شیوعی عێراقی بوونە بەشێك لە شۆڕشەکە و لە ناو سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولدا هەموو پێکەوە لەژێر یەك ئاڵا و یەك ئاراستە و یەك پەیامی مستەفا بارزانی بەرگرییان لە کوردستان و پێکەوەژیانی برایانەی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق دەکرد، هەر بۆیە خەباتی چەکداریی شۆڕشی ئەیلوول خەباتێکی مرۆڤایەتی بوو. لەم شۆڕشەدا جیا لەوەی پەنا بۆ کردەوەی تیرۆریستی و کوشتنی ژن و منداڵ نەبراوە، بەڵکو سەرباز و چەکداری عێراق کە لە بەرەکانی شەڕ بەدیل دەگیران، ڕێزیان لێ دەگیرا، بریندارەکانیان لە نەخۆشخانەی شۆڕش تیمار دەکران، ئەمە وێڕای ئەوەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکانی عێراق بە بەرنامە و تیرۆری دەوڵەتیی بەکۆمەڵیان دژی خەڵکی سڤیلی کوردستان پیادە دەکرد و بە بۆمبای ناپاڵم گوندەکانیان کاول دەکردین و هاووڵاتی سڤیلیشیان کۆمەڵکوژ دەکرد.

### ٣- شۆڕشی دیپلۆماتی

مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕشی ئەیلوول هەر لە ساڵی ١٩٤٣وە لەگەڵ بەرپاکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان، بناغەیەکی پتەوی بۆ دیپلۆماتییەتی کوردستان دارشتبوو. لەو

**خەڵکی کوردستان بە چەکی خۆیان لە ڕۆژی ١١ی ئەیلوولدا بەرانبەر بە هێزەکانی عێراق ڕاوەستانەوە و بەبێ هیچ بڕیارێکی پێشوەختە شۆڕشی ئەیلوول هەڵگیرسا**

**خەباتی چەکداریی شۆڕشی ئەیلوول خەباتێکی مرۆڤایەتی بوو. لەم شۆڕشەدا جیا لەوەی پەنا بۆ کردەوەی تیرۆریستی و کوشتنی ژن و منداڵ نەبراوە، بەڵکو سەرباز و چەکداری عێراق کە لە بەرەکانی شەڕ بەدیل دەگیران، ڕێزیان لێ دەگیرا**

**دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦، پێشەوا قازی محەممەد ئاڵای کوردستانی بە ئەمانەت تەسلیمی مستەفا بارزانی کرد بۆ ئەوەی بیپارێزێت**





ڕاستییە تێگەیشتبوو، شۆڕشی کوردستان بەر لە هەموو شیێتك شۆڕشێکی سیاسییە و خاوەنی کێشەیەکی گەورەی «خاك و نیشتمانە» و پێویستی بە خەباتی هەمە لایەنە هەیە. کاتێك خۆی و هەڤاڵەکانی بڕیاریان دا، بچنە ڕۆژهەڵات و ببنە پارێزەری کۆماری کوردستان، لەوێ مستەفا بارزانی بووە سوپاسالاری سوپای کۆماری کوردستان، هێندەی دیکە بناغەی ئەو دیپلۆماتییەی پتەوتر کرد کە لە کوردستان دایڕشتبوو.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦، پێشەوا قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی بە ئەمانەت تەسلیمی مستەفا بارزانی کرد بۆ ئەوەی بیپارێزێت، مستەفا بارزانی بۆ پاراستنی ئەم ئاڵا پیرۆزە،

بڕیاره‌ مێژووییه‌كه‌ی دا به‌وه‌ی ته‌سلیم نه‌بێت و ڕێڕه‌وه‌ مێژووییه‌كه‌ی ده‌ست پێ بكات، كه‌ نزیكه‌ی ٣٠٠٠ كیلۆمه‌تره‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ئاوی ئاراس بپه‌ڕێته‌وه‌ و بگاته‌ خاكی یه‌كێتیی سۆڤیه‌تی پێشان، كه‌ یه‌كه‌م كۆماری سه‌رسنوور، كۆماری ئازه‌ربایجان بووه‌.

له‌ ماوه‌ی ١٢ ساڵی مه‌نفا، مسته‌فا بارزانی هه‌وڵی دا په‌یوه‌ندییه‌ دیپلۆماتییه‌كانی له‌گه‌ڵ كۆی سه‌ركرده‌كانی كۆنگره‌ی باندۆك (ده‌وڵه‌تانی جیهانی سێیه‌م) دروست بكات، هه‌وڵی دا له‌گه‌ڵ نیكیتا خرۆشۆف سه‌رۆكی پارتی كۆمۆنیست و سه‌رۆكی یه‌كێتیی سۆڤیه‌ت كۆببێته‌وه‌ و ده‌رگای كرملین بكاته‌وه‌، ئه‌م دیداره‌ی مسته‌فا بارزانی له‌گه‌ڵ سه‌رۆكی یه‌كێتیی سۆڤیه‌ت كه‌ بۆ ئه‌و كات هاوتای سه‌رۆكی ئه‌مریكا بووه‌، بۆ كه‌سایه‌تییه‌ك كه‌ نه‌ ئیمكانیه‌تی هه‌بووه‌، نه‌ ده‌وڵه‌ت، له‌ ناو هه‌موو مێژووی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی كوردستان و به‌شی هه‌ره‌ زۆری بزووتنه‌وه‌ ڕزگاریخوازه‌كانی جیهاندا كه‌م وێنه‌یه‌ و له‌ ناو بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی كوردستاندا ده‌گمه‌نه‌ و زه‌حمه‌ته‌ دووباره‌ ببێته‌وه‌، وه‌ك خوالێخۆشبوو مامۆستا عه‌زیز محه‌مه‌د (سكرتێری پێشووی حزبی شیوعیی عێراق) به‌ قسه‌ خۆشه‌كانی گه‌وره‌یی ئه‌م دیداره‌ی بۆ گێڕاینه‌وه‌ و، گوتی: «كه‌ ده‌چووم بۆ باره‌گای بارزانی، مسته‌فا بارزانی پاسه‌وانێكی هه‌بوو ده‌هاته‌ لام و لێی ده‌پرسیم: سۆڤیه‌ت بۆ هاوكاریمان ناكات؟ منیش پێم ده‌گوت: بچۆ له‌ مه‌لا مسته‌فا بپرسه‌ ئه‌و خرۆشۆفی بینیوه‌، خۆ من خرۆشۆفم نه‌بینیوه‌».

مسته‌فا بارزانی به‌ر له‌وه‌ی له‌ سۆڤیه‌ت بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ نیشتمان، له‌ ڕێگه‌ی خه‌باتی دیپلۆماتییه‌وه‌ توانی جه‌مال عه‌بدولناسر كه‌ ئه‌و كات وه‌ك ڕابه‌ری هه‌موو نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب حیسابی بۆ ده‌كرا، له‌ ساڵی ١٩٥٧بگه‌یه‌نێته‌ قه‌ناعه‌ت بۆ ئه‌وه‌ی به‌شی كوردی له‌ ئێزگه‌ی قاهیره‌ بكرێته‌وه‌، كردنه‌وه‌ی به‌شی كوردی له‌ ڕادیۆی قاهیره‌ كه‌ ئه‌و سه‌رده‌مه‌ پێی ده‌گوترێت «سه‌رده‌می ته‌كنه‌لۆژیای ڕادیۆ» زۆر له‌ ده‌وڵه‌ته‌كانیش ڕادیۆیان نه‌بووه‌ وه‌ك زمانحاڵی ده‌وڵه‌ته‌كانیان.

له‌ ساڵی ١٩٥٨ مسته‌فا بارزانی ڕاسته‌وخۆ له‌ سۆڤێته‌وه‌ نه‌گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ نیشتمان، به‌ڵكو چووه‌ میسر و میوانی ڕابه‌ری نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب جه‌مال عه‌بدولناسر بوو، له‌سه‌ر فه‌رمانی ناسر، مسته‌فا بارزانی به‌ فڕۆكه‌یه‌كی تایبه‌تی نێردرایه‌وه‌ بۆ نیشتمان و وه‌ك بینیمان چۆن جه‌ماوه‌ری عێراق به‌ ته‌واوی پێكهاته‌ ئایینی و نه‌ته‌وه‌ییه‌كانه‌وه‌ به‌و گه‌رمییه‌ پێشوازییان لێ كرد، پاشانیش له‌لایه‌ن عه‌بدولكه‌ریم قاسم سه‌رۆك كۆماری عێراقه‌وه‌ پێشوازی كرا.

له‌گه‌ڵ ده‌ستپێكی شۆڕشی ئه‌یلوول، مسته‌فا بارزانی ئه‌م ژێرخانه‌ پته‌وه‌ دیپلۆماتییه‌ی كرده‌ بناغه‌ی دیپلۆماتیه‌تی شۆڕشی ئه‌یلوول، خوالێخۆشبوو د.شه‌فیق قه‌زاز كه‌ له‌ ساڵی ١٩٦١ قوتابی بووه‌ له‌ زانكۆی ئه‌مریكیی واشنتۆن، له‌ دیدارێكی گوڵاندا ئاماژه‌ی به‌وه‌ كرد، هه‌ر له‌ ساڵی ١٩٦١ له‌سه‌ر فه‌رمانی مسته‌فا بارزانی گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌ ناوچه‌ ئازادكراوه‌كانی شۆڕش و، یه‌كێك بووه‌ له‌و خوێنده‌واره‌ گه‌نجانه‌ی كه‌ مسته‌فا بارزانی ڕایسپاردووه‌ هه‌موو هه‌وڵی خۆیان بخه‌نه‌گه‌ڕ بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ڕێگه‌ی ڕاگه‌یاندنه‌وه‌ په‌یامی شۆڕشی ئه‌یلوول به‌ ڕای گشتیی جیهان بگه‌یه‌نن، بۆ ئه‌مه‌ش چه‌ندین ڕۆژنامه‌نووسی ناوداری جیهانی به‌تایبه‌تی (ئه‌مریكی، ڕووسی، فه‌ره‌نسی و... هتد) ده‌هاتنه‌ ناوچه‌ ئازادكراوه‌كانی شۆڕش و چه‌ندین ڕاپۆرتی ته‌له‌فزیۆنی، ڕادیۆیی، ڕۆژنامه‌وانییان له‌سه‌ر شۆڕش و نه‌برده‌ییه‌كانی پێشمه‌رگه‌ ئه‌نجام داوه‌، به‌ سه‌دان و هه‌زاران وێنه‌ی خه‌ڵك و سرووشتی جوان و ژیانی ساده‌ی خه‌ڵكی كوردستانیان به‌ زوومی كامێراكانیان تۆمار كردووه‌ و له‌ كه‌ناڵه‌ گه‌وره‌كانی جیهان بڵاویان كردووه‌ته‌وه‌، چه‌ندین كتێبی گرنگیان به‌ زمانه‌كانی (ئینگلیزی، فه‌ره‌نسی، ڕووسی و...هتد) له‌سه‌ر كوردستان و شۆڕشی ئه‌یلوول نووسیوه‌ و، له‌سه‌رانسه‌ری جیهاندا بڵاویان كردووه‌ته‌وه‌، كه‌ به‌شێك له‌و كتێبانه‌ كراون به‌ عه‌ره‌بی و له‌ دوای ڕاپه‌ڕینیشه‌وه‌ كراون به‌ كوردی.

له‌ مانگی ئه‌یلوولی ساڵی ١٩٦٣ شۆڕشی ئه‌یلوول بووه‌ خاوه‌نی ئێزگه‌ی ڕادیۆی خۆی، له‌م ئێزگه‌یه‌دا په‌یامی شۆڕش و چالاكییه‌كانی

**له‌ ماوه‌ی ١٢ ساڵی مه‌نفا، مسته‌فا بارزانی هه‌وڵی دا په‌یوه‌ندییه‌ دیپلۆماتییه‌كانی له‌گه‌ڵ كۆی سه‌ركرده‌كانی كۆنگره‌ی باندۆك (ده‌وڵه‌تانی جیهانی سێیه‌م) دروست بكات**

**ئه‌م دیداره‌ی مسته‌فا بارزانی له‌گه‌ڵ سه‌رۆكی یه‌كێتیی سۆڤیه‌ت كه‌ بۆ ئه‌و كات هاوتای سه‌رۆكی ئه‌مریكا بووه‌، بۆ كه‌سایه‌تییه‌ك كه‌ نه‌ ئیمكانیه‌تی هه‌بووه‌، نه‌ ده‌وڵه‌ت، له‌ ناو هه‌موو مێژووی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی كوردستان و به‌شی هه‌ره‌ زۆری بزووتنه‌وه‌ ڕزگاریخوازه‌كانی جیهاندا كه‌م وێنه‌یه‌**

**مسته‌فا بارزانی به‌ر له‌وه‌ی له‌ سۆڤیه‌ت بگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ نیشتمان، له‌ ڕێگه‌ی خه‌باتی دیپلۆماتییه‌وه‌ توانی جه‌مال عه‌بدولناسر كه‌ ئه‌و كات وه‌ك ڕابه‌ری هه‌موو نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب حیسابی بۆ ده‌كرا، له‌ ساڵی ١٩٥٧بگه‌یه‌نێته‌ قه‌ناعه‌ت بۆ ئه‌وه‌ی به‌شی كوردی له‌ ئێزگه‌ی قاهیره‌ بكرێته‌وه‌**

شۆڕش بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاو دەکرانەوە. ئێزگەکە لەسەر شەپۆلی کورت پەخش دەکرا، لە سەرانسەری عێراق و وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت ئەوروپاش وەردەگیرا و خەڵك گوێی لە پەیامی شۆڕش و نەبەردییەکانی پێشمەرگە دەبوو.

لە شۆڕشی ئەیلولدا ئاستی دیپلۆماتییەتی کوردستان گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەتێکی زلهێزی وەك یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، ببێتە ناوبژیوان لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا، بۆ ئەوەی کێشەی کوردستان لە عێراقدا بە سیاسی چارەسەر بکرێت، وەك بریماکۆف باسی دەکات، سۆڤیەتی پێشان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠.

**٤- شۆڕشی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سەروەریی یاسا**

هەنگاوی گرنگی شۆڕشی ئەیلول دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بووە لە چوارچێوەی سەروەریی یاسادا.

ڕەنگە زیدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین شۆڕشی ئەیلول یەکێکە لەو شۆڕشە دەگمەنانەی جیهان کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕشدا کار بە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی نەکراوە، بەڵکو دادگای دەوڵەتی هەبووە و لە چوارچێوەی یاسا مەدەنییەکاندا کاروبار و ژیانی هاووڵاتیان ڕێك خراون. هەر لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، چەندین فەتوای تازە لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا بۆ ڕێکخستنی ژیانی خێزان و داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت دەرکراون، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین کە لە سایەی شۆڕشی ئەیلولدا قەدەغە کران، کە بۆ مافەکانی ئافرەت و خێزان خۆی بە تەنیا شۆڕشێك بوو:

- قەدەغەکردنی مارەبڕینی کچ لەسەر لانکە.
- قەدەغەکردنی گەورە بە بچووك.
- قەدەغەکردنی وەرگرتنی شیربایی لەکاتی بەشوودانی ئافرەتدا.
- قەدەغەکردنی ژن بە ژن.
- قەدەغەکردنی بەشوودانی کچان لە تەمەنی منداڵیدا و دیاریکردنی تەمەنی شیاو لە لایەن یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانەوە.

لە بواری دابینکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیریی ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕشدا، بڕیاری دادگا لە سەرووی هەموو بڕیارێکی دیکەوە بووە و یاسا بەبێ جیاوازی لەسەر هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە جێبەجێ دەکرا، ئەگەر پێشمەرگەیەك کارێکی نایاسایی بکردایە، دوو جار سزا دەدرا، یەکەمیان سزای شۆڕشگێڕانە کە بریتی بوو لە «چەککردنی پێشمەرگە» بەو مانای شایستەی هەڵگرتنی ناوی پێشمەرگە نییە، دووەمیان لە ڕێگەی دادگاکانەوە بە ڕێگەی یاسایی سزا دەدرا. ئەگەر بمانەوێت دیمەنێکی ئەو سەردەمە بە نەوەکانی ئێستا وێنا بکەین، تەنیا قسەی ئەو پێشمەرگە دێرینانە بەسە کە لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بوون و ئێستا لە ژیاندا ماون و پێمان دەڵێن: «بۆچی ئێستا زەمانی مەلا مستەفایە کەسێك تەشتێك ئاڵتونی لەسەر سەر بێت و لە زاخۆوە بچێت بۆ خانەقین و کەس پێی نەڵێت بۆ کوێ دەچیت». بە ڕاستی ئەوەی ئەو تێکۆشەرانە دەیگێڕنەوە واقیعی ئارامی و ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلولە.

**٥ - شۆڕشی مەعریفی**

کە شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکرد، خوێندن بە زمانی کوردی تەنیا لە یەك دوو پارێزگا هەبوو، ئەویش هەتا قۆناغی سەرەتایی، لە قۆناخی ناوەندی و دواناوەندیدا خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ڕێژەی خوێندەوار (ئەوانەی دەیانزانی بخوێننەوە و بنووسن) لە ناو شارەکاندا ڕێژەی ١٠٪ی کۆمەڵگەی کوردستانی تێپەڕ نەدەکرد. قوتابخانەی سەرەتایی لە زۆربەی زۆری گوندەکاندا نەبوو، بۆیە ڕێژەی خوێندەواری لەسەر ئاستی گوندنشینەکان زۆر کەم بوو، ئەوانەشی خوێندەوار بوون، دەرچووی حوجرەی مزگەوتەکان بوون.

**لە ساڵی ١٩٥٨ مستەفا بارزانی ڕاستەوخۆ لە سۆڤیێتەوە نەگەڕایەوە بۆ نیشتمان، بەڵکو چووە میسر و میوانی ڕابەری نەتەوەی عەرەب جەمال عەبدولناسر بوو**

**لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣ شۆڕشی ئەیلوول بووە خاوەنی ئێزگەی ڕادیۆی خۆی، لەم ئێزگەیەدا پەیامی شۆڕش و چالاکییەکانی شۆڕش بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی بڵاو دەکرانەوە**

**لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئاستی دیپلۆماتییەتی کوردستان گەیشتە ئەو ئاستەی کە دەوڵەتێکی زلهێزی وەک یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، ببێتە ناوبژیوان لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا**

**ڕەنگە زیدەڕۆیی نەبێت، ئەگەر بڵێین شۆڕشی ئەیلوول یەکێکە لەو شۆڕشە دەگمەنانەی جیهان کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕشدا کار بە شەرعییەتی شۆڕشگێری نەکراوە، بەڵکو دادگای دەوڵەتی هەبووە و لە چوارچێوەی یاسا مەدەنییەکاندا کاروبار و ژیانی هاووڵاتیان ڕێک خراون**

**بڕیاری دادگا لە سەرووی هەموو بڕیارێکی دیکەوە بووە و یاسا بەبێ جیاوازی لەسەر هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە جێبەجێ دەکرا**

**ئەگەر بمانەوێت دیمەنێکی ئەو سەردەمە بە نەوەکانی ئێستا وێنا بکەین، تەنیا قسەی ئەو پێشمەرگە دێرینانە بەسە کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بوون و ئێستا لە ژیاندا ماون**

**کە شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ دەستی پێکرد، خوێندن بە زمانی کوردی تەنیا لە یەک دوو پارێزگا هەبوو، ئەویش هەتا قۆناغی سەرەتایی، لە قۆناخی ناوەندی و دواناوەندیدا خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو**

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، شۆڕشێك بەسەر نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستاندا بەرپا کرا، شۆڕش بڕیاری دا قوتابخانەی کوڕان و کچان لە گوندەکان بکرێتەوە و دەستی کرد بە دامەزراندنی مامۆستای شۆڕش، ئەو یارمەتییەی دەدرا بە مامۆستای شۆڕش دوو سێ هێندەی ئەو یارمەتییە بوو کە دەدرایە پێشمەرگەیەك کە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕدا بوو. ئەم بایەخدانەی شۆڕشی ئەیلول بەو ئاستەی کە تەنیا ئامانج لێی نەهێشتنی نەخوێندەوارییە، لە تەواوی شۆڕشەکانی جیهاندا دیاردەیەکی دەگمەن و بێ وێنەیە.

لە شۆڕشی ئەیلولدا دەستەواژەی کوردی بووە دیاردەیەکی باوی دیدار و یەکتر بینین. بۆ یەکەم جار لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕشدا خەڵك کە بەیانیان یەکتریان دەبینی، بە یەکتریان دەگوت: «بەیانیت باش» بۆ یەکەم جار یەکێك هاوکاریی یەکێکی دیکەی دەکرد، بەرانبەرەکەی پێی دەگوت: «سوپاس».

لە شۆڕشی ئەیلولدا، بۆیەکەم جار لەلایەن شۆڕشەوە هەوڵێك هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی زەمالەی خوێندن لە زانکۆکانی ئەورووپا و ئەمریکا بۆ قوتابیی کورد دابین بکرێت، ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگە و خانەی مامۆستایان بوون، بەپێی پسپۆڕیی خۆیان کاریان بۆ دیاری دەکرا و ڕێزیان لێ دەگیرا.

لەسەر ئاستی بایەخدان بە کەلتوور و فەرهەنگی کوردی و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو وەرچەرخانەی لە ماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا (١٩٦١-١٩٧٥) بەسەر کەلتوور و فەرهەنگی هەموو نەتەوەکانی کوردستان هات، لەوانەیە ١٠-١٥ هێندەی هەموو بەرهەمی مێژووی ئەو نەتەوانە و دەیان جار زیاتریش بێت. لە ساڵی ١٩٦١ لەوانەیە ژمارەی ئەو کتێبانەی لە ناو کتێبخانەی کوردیدا بە زمانی کوردی هەبوون، ١٠٠ دانەی تێپەڕ نەکردبێت، لەوانەشە زۆر لەو کتێبانە بەرهەمی شاعیرەکان بووبێت، بەڵام لە شۆڕشی ئەیلوولدا ئەم ژمارەیە گەیشتە دەیان هەزار کتێب، دەیان ڕۆژنامە و دەیان گۆڤار بڵاو کرانەوە، لەمەش زیاتر بۆ بایەخدان بە زمان و کەلتوور و فەرهەنگ، کۆڕی زانیاریی کورد دامەزرا، ئێستاش موجەلەدەکانی ماون کە هەر یەك ژمارەیان نزیکەی ١٠٠٠ لاپەڕەیە.

### ٦ - شۆڕشی پاراستنی ژینگە

چەمکی ژینگە لە شۆڕشی ئەیلولدا هەمان ئەو پێناسەیەیە کە لە فیکر و عەقیدەی بارزاندا بۆ چەمکی ژینگە کراوە و ئەم بوارانە هەمووی دەگرێتەوە:

- پاراستنی دارستانەکان و قەدەغەکردنی بڕینەوەی دار و بەکارهێنانی بۆ خەڵوز و سووتەمەنی.
- پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە و قەدەغەکردنی ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی و، قەدەغەکردنی ڕاوکردنی ماسی لە وەرزی زاوزێدا، قەدەغەکردنی ڕاوکردنی ماسی بە تی ئێن تی.
- قەدەغەکردنی ڕاوکردنی پەلەوەر، بەتایبەتی ئەو پەلەوەرانەی کە ژینگەی جوانی کوردستان دەڕازێننەوە.
- قەدەغەکردنی مامەڵەی خراپ لەگەڵ سەرچاوەی ئاوی سرووشتیی سەر زەوی و سەرچاوەکانی ئاو.

پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول، ئەم پرەنسیپانە تەنیا لەو ناوچانەی کوردستان پیادە دەکران کە خۆیان بە پێڕەوی فیکر و عەقیدەی بارزان دەزانی، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولدا ئەم پرەنسیپە بەرزانە بوونە هزرێکی کوردستانییانە و لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی شۆڕشدا پیادە دەکران و لە ماوەی چوار ساڵی ڕێککەوتننامەی ئاداریشدا لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لەسەرجەم پارێزگاکانی کوردستان پیادە دەکران، بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە.

لە ئێستادا کە جیهان بەدەست گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و پیسبوونی ژینگەوە دەناڵێنێت و، ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵە ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە کۆنفرانسێکی گەورە لەسەر گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا ڕێك دەخات و لایەنەکانی پەیوەندیدار بە گۆڕینی کەشوهەوا «Conference of the Parties» لەسەرانسەری جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە



بۆ ئەوەی ڕێگە لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی گۆڕینی کەشوهەوا لە جیهاندا بگرێت، بۆ ئەمساڵ لووتکەی ٢٩ی لایەنە پەیوەندیدارەکان «COP29» لە مانگی تشرینی دووەمی داهاتوو لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان بەڕێوە دەچێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ گۆڕینی کەشوهەوا سەیری ئەم پرسیارە هەستیارە بکەین، ئەوا لە ساڵی ١٩٩٧ەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە ساڵانە لایەنە پەیوەندیدارەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا پێکەوە کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ پیسبوونی ژینگەی جیهان دابنێن، ئەمەش بەو حیسابەی کە کۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە کەشوهەوای جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە، سەرچاوەکەی پیسبوونی ژینگەیە، هۆکاری ئەم پیسکردنەی ژینگەش وەك بیرمەندانی سەردەم زۆر ڕاشکاوانە جەختی لەسەر دەکەنەوە، پەیوەندیی بە سیاسەتی دەوڵەتانی جیهان و بەتایبەتی دەوڵەتانی پیشەسازیی گەورەوەوە هەیە، کە هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکەن بەرانبەر بە پاکڕاگرتن و ڕاگرتنی هاوسەنگیی ژینگەوە، بەڵام ئەوەی بۆ کوردستانییەکان بە جیاوازی ئایین و نەتەووە جێگەی شانازییە، ئەوەیە کە شۆڕشی ئەیلوول هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنییەوە پاراستن و ڕاگرتنی هاوسەنگی ژینگەی کوردستانی کردە پرەنسیپی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان.

لە دوا ئەو هێرشە تیرۆریستییەی کە تیرۆریستانی ئەلقاعیدە لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ کردیانە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك، جورج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەمریکا داوای لە کۆی دەوڵەتانی جیهان دەکرد شەڕی دژی تیرۆر ڕابگەیەنن و بێنە ناو بەرەی شەڕی دژی تیرۆرەوە، ئەم کارەساتە کە هاوکات بوو لەگەڵ چلەمین ساڵیادی شۆڕشی ئەیلوولدا، سەرۆك بارزانی لە پەیامێکی مێژووییدا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند «گەلی کوردستان لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شەڕی دژی تیرۆری ڕاگەیاندووە و لەبەرەی شەڕی دژە تێرۆردا بووە»، ئەمەش خاڵێکی دیکەی شانازییە کە شۆڕشی ئەیلوول بۆ گەلی کوردستانی لە مێژوودا تۆمار کردووە.

### هەڵوێستی زانایانی ئایینی لە دیداری سەرۆک بارزانی

# هەنگاوێکی گرنگ و دیدارێکی مێژوویی



ئـەو دیـدارەی بەڕێـز سـەرۆك مەسـعود بارزانـی لەگـەڵ زانایانـی ئایینـی لـە ٣١ی ئابـی ٢٠٢٤ ئەنجامـی دا، بـە دیدارێکـی تایبەتمەنـد و مێژوویـی دێتـە هەژمارکـردن، چونکـە سـەرۆك بارزانـی وێڕای بەرزنرخاندنی ڕۆڵـی زانایـان کۆمەڵێك تـەوەر و بابەتـی گرنگـی لـە بـارەی ڕەوشـی سیاسی و کۆمەڵایەتـی و دینـداری و ئێسـتا و ئاییندەی کوردسـتان خسـتە ڕوو، کـە لـە ناوەڕۆکـی قسـە و گفتوگۆیەکانـی پەرۆشـی قەزیـەی کـورد و خەمـی بەهـا ڕەوشـتییەکانی کۆمەڵگـە و خەسـڵەتی سـەرکردەی دڵسـۆز بـەدی دەکـرا.

زانایانی ئایینیی بەشداربوو لـەم دیدارە سـەبارەت بە ناوەڕۆك و کۆی دانیشـتن و دیدارەکە سـەرنج و بۆچـوون و لێکدانـەوەی خۆیـان بـە خۆشـحاڵییەوە دەردەبـڕن، لێرەدا بۆچوونـی بەشـێکیان دەخەینـەڕوو:

**ئامادەکردنی: مەلا عەبدوڵلا شێرکاوەیی**



**د.جمیل عەلی**

ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان:

## دیداری سەرۆک بارزانی بۆ بەرژەوەندیی وڵات و پاراستنی پێکەوە ژیان بوو



د.جمیل عەلی

هەمیشـە دیـداری سـەرکردەو بەرپرسـانی وڵات لـە گـەڵ زانایانـی ئایینـی گرنگیـی خـۆی هەیـە، چونکـە زانایانـی ڕاسـتەقینە هەمیشـە ڕێنمایـی دەکـەن بـۆ بەرژەوەندیـی گشـتی و پاراسـتنی خـاك و نیشـتمان، دیـداری سـەرۆك بارزانـی یەکێـك بـوو لـەو دیدارانـەی کـە بەرپرسـان و زانایـان کۆدەکاتـەوە بۆ بەرژەوەندیی وڵات و پاراستنی پێکـەوە ژیـان لـە کوردسـتان، پێویسـتە ئـەم جـۆرە دیدارانـە بـەردەوام بـن بـۆ ڕاگۆڕینـەوە لەسـەر پرسـە گرنگـەکان و گـوێ لەیەکتـر ڕاگرتـن بـۆ پاراسـتنی دیـن و ژینـی خەڵـك.


مامۆستا مەلا حاتەم گەردی


مامۆستا مەلا هادی عوسمان


شێخ ئەیوب شێخ عەزیز شوشی

### مامۆستا مەلا حاتەم گەردی
**بەڕێوبەری ئەوقافی دەوروبەر:**

## وتەکانی سەرۆک بارزانی زیاتر هانی داین لەسەر بڕەودان بە بیری نیشتمانپەروەری

مامۆستایان زۆر دڵخۆش بوون بەو سەردانەی بۆ خزمەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و بە ڕۆژێکی مێژووییان لە قەڵەم دا. وتەکانی بەڕێزیان زیاتر هانی دان لەسەر برەودان بەبیری نیشتمانپەروەری و خواپەرستی و خۆشویستنی خاك و نیشتمان و پێگەیاندنی نەوەیەکی سوودبەخش بۆ خاك و گەلەکەمان. بۆ منیش بەتایبەتی ڕۆژێکی پڕ شکۆ بوو، دانیشتن لە حوزوور جەنابیان تام و چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە و لە کاتی قسەکانیدا فرمێسك لە چاوەکانم دەهات. پێویستە هەموو کوردێك لەسەر بەرماڵەکەی نزا بۆ ئەم پیاوە مەزنە بکات.

### مامۆستا مەلا هادی عوسمان
**پێشنوێژ و وتارخوێن لە دەڤەری شێخان:**

## سەرۆک جەختی لە یەکریزی و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان کردەوە

زنجیرە کۆبوونەوەکانی مەرجەعی گەلی کورد سەرۆك مەسعود بارزانی لەگەڵ چین و توێژەکانی کوردستان بەردەوامە و ئێمەش وەك مامۆستایانی ئایینی بەتایبەت لەگەڵ سەرۆك لەم دیدارە بەشداریمان کرد. دیدارمان لەگەڵ سەرۆك بارزانی لە سەرێ بڵند لەکات و ساتی خۆیدا بوو، چونکە ڕەوشی ناوخۆ و دەوروبەری کوردستان ئاڵۆزە، سەرۆك جەختی لە یەکریزی و خاکی بوون و نیشتمانپەروەری و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئاگالەخۆبوون لە پیلانگێرانی دوژمن و ناحەزانی کورد و کوردستان کردەوە. ئەوەی لەم دیدارە بینیم لەگەڵ سەرۆك بارزانی، هێزێکی دیکەی پێمان دا و تێگەیشتم سەرۆك داوای دیداری کردووە بۆ ئەوەی زیاتر خاکی و نیشتمانپەروەر بین. ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە بەرز دەنرخێنین، لەبەر ئەوەی بارزانی دروشمی هەبوو، فەرمووی بانگی ئێوەی بەڕێزم کردووە بۆ ئەوەی مامۆستایان زیاتر لە دۆخی کوردستان ئاگادار بن و پێکەوە دەسەڵات و مامۆستایانی مینبەر هەوڵی ڕاگرتنی مێژووی پێکەوە ژیان و ئارامی و مانەوەی قەوارەی کوردستان بدەن و بیپارێزن. فەرمووی: ئەمە زیاتر دەکەوێتە سەر شانی هەردوو لامان، لە کۆتایی تێگەیشتم سەرۆك بارزانی ئومێدێکی زۆری بە ئێمە هەبوو، ئێمەش داوای دیداری زیاتر لەم جۆرەمان خواست، چونکە ئەرێنی بوو، بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی دین و وڵات و خاك و نیشتمان بکەین.

### شێخ ئەیوب شێخ عەزیز شوشی
**پێش نڤێژ و وتارخوین و ڕێڤەبەرێ تەکیا شێخ شمس الدین القطب الشوشي:**

## ئاخفتن و گوتارا سەرۆکی بۆ مە کاریگەر و ئومێدبەخش بی بوو نیوبوونەڤا هەستێ نەتەوایەتی

دیارە هەر مللەتەك شانازیێ ب سەرکردەکێ دبەت، کوردیش وەك هەموو مللەتێن جیهانێ سەر بلندە ب سەرۆك مەسعود بارزانی ل هەمبەر دلسۆزی و ڕاستگۆیی و ڕول و خەبات و قەهرەمانی و خەمخور هەمبەر دۆزا گەلێ خو بێ ماندیبوون.

دیدارا جەنابێ سەرۆکی دگەل مامۆستایێن ئایینی ب بەرزو بلند دنرخینین. ڕێزگرتنا جەنابێ وی بو مامۆستایێن ئایینی و بەرز نرخاندنا ڕولێ مەلایان ل هەمی شورەشان بیە جهێ دلخوشیا هەمی خرڤەبوویان. ئاخفتن و گوتارا سەرۆکی بۆ مە کاریگەر و ئومێدبەخش بی بوو نیوبوونەڤا هەستێ نەتەوایەتی.

دا دیارکرن کو ئایین و خاك و نیشتمان پێکڤە دگرێ داینە لێکڤە نابن، هەر دیسان دوپات کر، کو مللەتێ کورد مللەتەکێ موسلمانە ب خورستی دڤێت ب خورستی بمینیت دویر بیت د توندرەوێ و دەستێوەردانا سیاسی و مزایەداتا، چاندنا میانرەویێ و برایەتیێ و ڤیانا خاك و نیشتمانی د جڤاکێدا ئەرکێ مامۆستایێن ئایینییە، پاراستنا قەوارا هەرێمێ و دەستکەفتێن مللەتێ مە ئەرکە ل سەر ملێن هەمیان، نەحەزێن مللەتێ مە زۆرن و کوردستان ب قوناغەکا هەستیار یا تێتپەریت،

دڤێت ب هشیاری و حیکمەت سەرەدەری دگەل بهێتەکرن. ب دیتنا من هەبوونا جەنابێ سەرۆك بارزانی بەرانبەر هەمی نەحەز و پیلانگێرا مەزنترین ئەمانەتە بو مللەتێ مە...

جەنابێ بارزانی هەر دەم تا ئەڤرو دگەل چینێن ماموستایێن ئایینی زور نێزیك بیە و هەر فەترەیەکێ خرڤەبوون و گەنگەشەیا بابەتێن هەرنوکەی دگەل گرێ داینە، ب ئەمانەت ماموستایا یا ڕاست و دروست بو جەنابێ وان دیار کریە.

دوعا دکەین خودێ تەعالا هاریکار و پشتەڤانێ مە بیت بو گەهشتنا مافێن خوێن ڕەوا وەك هەر مللەتەکی ل سەر ڕوییێ ڤی ئەردی خودان کیان و ئالا و دەولەت بین.

### د.عەبدولخالق زێباری

**ئەندامی ناوەندی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقی مووسڵ:**

## وتارا سەروک بارزانی هەستەکی دی بو ماموستایێن ئایینی دروست کر

بێ گومان بوچونا من کومبینا سەروك (مسعود بارزانی) ل گەل ژمارەکا زۆرا ماموستایێن ئایینی (ل سەرێ بلند) کومبونەکا گەلەکا گرنك بو هاتیە ئەنجامدان، لڤی بارودوخێ مەترسیدارێ نە چاڤەرێ کری یێ کوردستانێ ژ لایێ: ئیقلیمی و سیاسی و ناڤخویی و ئابووری ڤە. ب تایبەتی ئەو پیلانێن تێنە دارێشتن بو نەهێلانا قەوارێ هەرێما کوردستانێ.

یا دیارە کو ماموستایێن ئایینی ڕولەکێ هەری گرنك یێ هەی بو خزمەتا (دین و گەل وخاك ونشتمانێ) خو ل دەسپێکا شورەشا کوردی هەتا نوکە.

بەر وی هەستێ نەتەوایەتی یێ کوردەواری ل نك ماموستایێن ئایینی دڤێت کوم بینێن وەکی ڤێ کومبینێ بێنە ئەنجامدان ل گەل وان بو ئاگەهدارکرنا وان ل هەر تشتەکێ بێتە پێش یێ نە چاڤەرێ کری ل کوردستانێ دا ماموستایێ ئایینی ڕولێ خو ببینن، وتارا سەروکی مفایەکی زۆر هەبی و هەستەکی دی بۆ ماموستایێن ئایینی دروست کر.



د.عەبدولخالق زێباری

### شێخ مەمدووح شێخ عەبدولجەبار

**بەرپرسی لقی زاخۆی یەکێتی زانایان:**

## سەرۆک بارزانی جەخت ل سەر وێ چەندێ کر کو نابت چ جاران شەڕی براکوژی پەیدا ببت

ل ڕوژا شەمبی ٢٠٢٤/٨/٣١ ژمارەك ماموستاین ئایینی ل سەری بلند د خزمەتا جەنابی سەروك بارزانی دا بین مەرجع و ڕیبەری تەڤایا کورد و کوردستانی.

دیدارا جەنابی سەروك بارزانی دیدارەکا میژوویی بی و گەلەك سەرنجراکیش بی و تایبەت جەنابی وی باسی ڕەحمەتی (مەلا مستەفا بارزانی) کر، باسی ڕێزگرتنا جەنابی وی بو ماموستایین ئایینی و بەرەڤانی ژ مافی کورد و کوردستانی و بەردەوام ڕێگر بی ژ هەر خائینەکی.

سەروك بارزانی ب جوانی بەحسی دیروك و میژووا کوردا کر و ڕۆڵی ماموستایێن ئایینی و سەرکردێن فی ڕیبازی دیار کر ئەڤەژی جهی شانازیێ بی، جەخت ل سەر وێ چەندێ کر کو نابت چ جاران شەڕی براکوژی پەیدا ببت.

ل دوماهیی باسی ڕوڵی ماموستایێن ئایینی ل شورەشا ئەیلول و گولان و تا نهو ڕۆڵی ماموستایێن ئایینی ل دەف جەنابێ وی پیروزە و گرنگە.



ماموستا مەلا غیاث احمد

### ماموستا مەلا غەیاس ئەحمەد

**بەرپرسێ ڕاگەهاندنێ ئێکەتیا زانایان لقی زاخۆ:**

## ئەڤ دیدارە بلا بەردەوام بن، دا ئەم بێ بەهر نەبین ژ تەوجیهات و ئاموژگارییێت سەروکێ خۆ

ل ڕۆژا شەمبیێ ٢٠٢٤/٨/٣١ کومەکا ماموستایێن ئایینی ل سە رێ بلند د خزمەتا سەروك بارزانی دا بین مەرجع و ڕێبەرێ تە بایێ کوردا ل ڤێ دیدارێ ئەم سەر بلند بین ل گوهداریا دیدارا بارزانی. سەروك بارزانی ب جوانی بەحسێ دیروك و مێژووا کوردا کر و رولێ ماموستایێن ئایینی و شێخێن ڤێ ڕێبازێ دیارکر، ئەڤەژی جهێ شانازیێ بی. تشتێ



شێخ مەمدووح شێخ عەبدولجەبار



مامۆستا مەلا شیڤان ئەحمەد کەرکووکی



مامۆستا مەلا سەدیق هەسنانی

گرنگ بارزانی ل سەر ڕاوەستیای کو کورد هەمی ئێك بن، چ جارا خوینا کوردا ب دەستێ کوردا نەرژیت. ب دیتنا من ئەف دیدارە بلا بەردەوام بن، دا ئەم بێ بەهر نەبین ژ تەوجیهات و ئاموژگاریێت سەروکێ خو.

## مامۆستا مەلا شیڤان ئەحمەد کەرکووکی

**پێشنوێژ و وتارخوێن لە شاری هەولێر:**

### جەنابی سەرۆک بە تەواوی تیشکیان خستە سەر بارودۆخی شاری کەرکووک و هەستێکی جوانم لا دروست بوو

بە خۆشحاڵییەوە بەندە وەکو مامۆستایەکی ئایینی و نەوەی شەهید (موستەفا چایچی) کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە سێدارە دراوە، و گۆش کراوین لەو مێژووەوە بە کارکردن بۆ دینداری و نیشتمانپەروەری بەژدار بووم و لە نزیکەوە چاوم بە جەنابی سەرۆك بارزانی کەوت.

من جگە لە پیشەکەم کە مامۆستایەکی ئایینیم و نەوەی شەهیدێکی دیاری شارەکەمم، دەمەوێت بڵێم: وەکو ئاوارەیەکی ١٦ی ئۆکتوبەریش هەستێکی جودام هەبوو لەو دیدارە و هەندێك بۆچوونم لا درووست بوو، لەوانە:

١. گەورەترین شایەتی و دەستخۆشی و مێژووتۆمارکردن ئەو مێژوویە کە نەیار بۆت تۆمار دەکات، لەم ڕۆژانەدا بینیمان لەسەر پۆستی پارێزگاری کەرکووك چ جۆرە شاهیتی و گەواهییەك درا بۆ بەڕێزیان کە فەرمووی هەرگیز نابین بە لەت و ئێمە هەر یەکین، تەنیا دوو کەس نین نوێنەرانمان، بەڵکو حەوتن! ئەگەرچی زویرییەکیش ڕوو بدات، بەڵام لە هاوکێشە هەستیارەکاندا نابین بە دوژمنی یەك.

لەو دیدارەش جەنابیان بە تەواوی تیشکیان خستە سەر بارودۆخی شاری کەرکووك و هەستێکی جوانم لا دروست بوو کە لەمێژەوە بەڕێزیان هەمیشە داکۆکییان لە شارەکەم کردووە.

٢. باسی ڕەوشت و پارێزگاری لە بیر و باوەڕ و خاك ویستی و نیشتمانپەروەری هیچ کات موساوەمەی لەسەر ناکرێت.

لەمەشیان تیشکی خستە سەر ئەو باسانەی کە زۆر لام گەلالە بوون، بەوەی ئەرکێکی زۆر گەورەیە ئەو داکۆکیکردنە لە بیر و خاك و نیشتمان لەم دۆخەی ئیستا، بەتایبەتی لەم گۆڕانکارییانە و تێکەڵبوونەی ئێستا لەنیشتمانم بەدی دەکرێت.

٣. کار و پیشەی گەورە پیاوانی پێشووی گەل و نیشتمانمان، دەبنە پاڵفتە بۆ کەسەکان و تۆمارکردنی مێژوو و شوناس و فەرهەنگی بەرزی ڕەوشت، کە هیچ کات نابێت لەبیر بکرێن.

٤. دین و نیشتمانمان لەیەك ناکرێن.

## مامۆستا مەلا سەدیق هەسنانی

**بەرپرسی ناوچەی سۆرانی یەکێتیی زانایان:**

### خەم و ئومێد و ئاواتی جەنابی سەرۆک بارزانی خەمی کوردە و تا جەنابیشیان مابن، پرسی کورد لە دەستێکی زۆر ئەمیندایە

گومان لەوەدا نییە هەر دیدار و دانیشتنێك لەگەڵ ئەو مرۆڤە مەزنە سوود و قازانجێکی زۆری هەیە لەبەر ئەوەی:

١. جەنابی کاك مسعود سیاتمەدار و کاریزمایەکی دیار و بەرچاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرنج و تێبینی و بۆچوونەکانی بەڕێزیان بە هەند وەردەگیرێن، پرس و ڕاوێژ و مەشورەتی پێ دەکرێت بۆ ئەو پرسانەی کەوا چارەسەرکردنیان ئەستەمە.

٢. دیداری مامۆستایانی ئایینی لەگەڵ بەڕێزیان سوودو قازانجی زۆری دەبێت:

أ: هەندێك لەو مامۆستا بەڕێزانە لەوانەیە بۆ جاری یەکەم بێت لە نزیکەوە لەگەڵ جەنابی کاك مسعود بەشداریی دانیشتنێکی لەو شێوەیەی کردبێت.

ب: دانیشتنی ئەمجارەیان لەوانەیە جیاواز بێت، لە ورووژاندنی هێندێ بابەتی هەنووکەیی کەوا زۆر زەرووری و پێویست بوو، ئێمەومانان ئەو زانیارییانە لە دەمی بەڕێزیان ببیستین.

ج: ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام خەمخۆری و بەتەنگەوە بوونی بەڕێزیان بوو بۆ ئەو هەموو کێشە و ئاریشانەی ئێستا بەرۆکی گەلی کوردیان گرتووە.

دیارە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت، خەم و ئومێد و ئاواتی جەنابی سەرۆك بارزانی خەمی کوردە و تا جەنابیشیان مابن، پرسی کورد لە دەستێکی زۆر ئەمیندایە چ وەکو کێشەی نەتەوەیی، یان ئایینی و مەزهەبی.

## مامۆستا مەلا ئیبراهیم شێخا
### کارگێڕی لقی ئاکرێی یەکێتیی زانایان:

## سەرۆک بارزانی پرسی مادده هۆشبەرەکان وەک پرسێکی مەترسیدار لە سەر تاک و خێزان وەسف کرد

سەبارەت بەم دیدارە سەرنجی خۆم بەم شێوەیە دەردەبڕم:

یەکەم: بەڵگە نەویستە کە لەو ڕۆژەوەی کوردستان دابەش کراوە بە سەر چوار وڵات ژمارەیەك شۆڕشی کوردی سەریان هەڵداوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە وەك هەر میللەتێکی دیکە لەسەر خاك و وڵاتی خۆی بە ئازادی بژیت، بەڵام ئەم وڵاتە داگیرکەرانە هەموو ڕێگایەکیان گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی شۆڕشەکانی کوردی تێك بشکێنن و کوردستان لە ژێر هەژموونی خۆیان بهێڵنەوە و بەداخەوە سیستەمی جیهانییش لە بەرژەوەندیی ئەوان بووە.

دووەم: پارتی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی دروست بووە و سەر بە ئەجینداى هیچ وڵاتی دیکە نییە و نەبووە، لەم پێناوەش شەهید و قوربانیی زۆریان داوە.

سێیەم: خراپترین چەك ڕووبەڕووی کورد و کوردستان بووبێتەوە بریتی بووە لە ناپاکی نێوخۆیی لە کۆن و ئێستا کە وای کردووە، شۆڕشی کوردی بە ئامانجی خۆی نەگات و دەستکەوتەکانی یەك لە دوای یەك لەدەست بدات.

چوارەم: لە سەرەتای شۆڕشی کوردی و تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و خودی سەرۆك مسعود بارزانی لە پێناو بەرژەوەندیی دۆزی کورد و کوردستان و بەدیهێنانی یەکڕیزی کورد تەنازولاتی زۆریان کردووە بەرانبەر لایەنەکانی دیکەی کوردی.

پێنجەم: لە ڕابردوو و ئێستا دەرکەوتووە کە پرسی دۆزی کورد و کوردستان لای پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆیە هەموو هەوڵ و کۆششی دوژمنانی کوردو کوردستان بریتی بووە لە بێهێزکردنی ئەم پارتە شۆڕشگێڕە، چ لە ڕێگای چەك و جەنگ بێت، یان لە ڕێگای سیاسەت و هەڵبژاردن بێت.

شەشەم: پرسی مادده هۆشبەرەکان پرسێکی مەترسیدارە لە سەر تاك و خێزان و کۆمەڵگەی کوردی و چەکێکی بەهێزە بۆ لەناوبردنی خێزان و هەستی نیشتمان و پێویستە هەموومان پێکەوە ڕووبەڕووی ببینەوە، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم ماددانە لە نێو گەنجان پەرە دەسێنێت.

حەوتەم: یەکڕیزی لە سەر بناغەی بەرژەوەندیی کورد و کوردستان دەکرێت نەك لە سەر دەستکەوتی تەسکی لایەن و حزبێك.


مامۆستا مەلا ئیبراهیم شێخا

## مامۆستا مەلا ئومێد عومەر مەلا سەعدوون باوەمەردەیی:

## پەیوەندیی مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ زانایانی ئایینی پەیوەندییەکی نزیک و جێی متمانە بووە

ئەم دیدارەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ زانایانی کوردستان گرنگ و بەرهەمدار بوو، کە هەم ڕۆڵی زانایان و هەمیش ڕۆڵی سەرکردەی مەزن جەنابی بارزانیی نەمر لە شۆڕشی بزاڤی نەتەوەیی بەرز نرخاند، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ زانایانی ئایینی پەیوەندیەکی نزیك و جێی متمانە بووە، کە ئەمە شانازییەکە بۆ هەموو مەلای کورد لە کوردستان، ئەم جۆرە دانیشتنانە بۆیە گرنگن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە هەمووان بەئاگا بین لەو مەترسییانەی بەسەر کوردستان هەن، وەك بەڕێزیان ئاماژەی پێ کرد، ئەو پێکەوە ژیانەی ئایینی کە هەیە لە کوردستان بپارێزرێت، کە گرنگە هەموو لایەك دەرکی ئەو ڕاستییە بکەین، کە هەمیشە پێکەوەیی و یەکتر قبووڵکردن فەرهەنگی کورد بووە.


مامۆستا مەلا ئومێد عومەر باوەمەردەیی

**سەروەر کەمال هاواری**

**بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی بۆ گوڵان:**

# لە ٢١٪ی ئەو ٣٦ هەزار کۆمپانیایانەی تۆمارکراون لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون



## وێڕای کێشەی دارایی تەنیا ئەو پڕۆژە بازرگانییانەی دەستەی وەبەرهێنان ڕەزامەندییان پێ داوە زیاتر لە ٢٦٦ پڕۆژەن

## ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان گەیشتووەتە ٤،٥٨٢ کۆمپانیا و هێمای بازرگانیش بووەتە ٣،٨٣٣

## ژمارەی مۆڵەتی هاوردەی کەلوپەل بۆ سەرووی ٣٠،٠٠٠ مۆڵەت و هاوردەی ئۆتۆمبێلیش بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ مۆڵەت هەڵکشاون

## لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٣ بڕی ١،٦٩٢،١٨٦ تەن گەنمی جووتیاران وەرگیراوە، ئەمساڵیش وەرگرتنی ئەو ٧٠٠ هەزار تەنە بەپرۆسەیەکی ڕێکوپێک بەرەو کۆتایی دەچێت

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە مانگی تەموزی ٢٠١٩ دەست بەکار بوو، لە سەر بنەمای ئابووریی بازاڕ و دابینکردنی پێداویستییەکانی بازاڕ دامەزرا، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییش کە بەرپرسە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەم دیدگایە و ستراتیژیەت و پلانی پەرەپێدانی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی لەئەستۆیە، لەم پێناوەدا کاری جددی کردووە بۆ کارئاسانی و پاڵپشتیکردنی بازرگانان و خزمەتکردنی هاووڵاتیان و بزنێسکار و سەرمایەدار و وەبەرهێنان، تاوەکو لە دروستکردنی کارگە و مۆڵەتدان بە کۆمپانیاکان و مۆڵەتدان بە هاوردەو هەناردە و تۆمارکردنی هێمای بازرگانی و ناوی بازرگانی بۆ کۆمپانیاکان و تۆماری ناوی شوێنە بازرگانییەکان سوودمەند بن، ئەمەش کاریگەریی لەسەر زیادبوونی ئاڵوێری بازرگانی و گەشەسەندنی قەبارەی بازرگانی لە نێوان هەرێم و وڵاتانی دیکە هەبووە. ژمارەی کۆمپانیاکانی تۆمارکراو بۆ زیاتر لە ٣٦ هەزار بەرزبووەتەوە و کەرتی بازرگانی و تایبەت چالاك بووە، لەبواری ئاسایشی خۆراکی و ئەمبارکردنی گەنم لە ڕووی چەندایەتی و جۆرایەتی بە ڕێژەی ١٥٥٪ زیاد بووە. لە ڕێگەی ئەم کەرتەوە توانراوە زیاتر هانی جووتیارەکان بدرێت، بەتایبەتی لەبواری کڕینەوەی گەنمی جووتیارەکان و زیادبوونی ژمارەی پڕۆژەکان. بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییە بازرگانییەکان و کاریگەریی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی سەرجەمی داهاتی نیشتمانی و دابینکردنی هەلی کار و زیادبوونی ژمارەی پڕۆژەکان و بونیادنانی ژێرخانی ئابووری تەوەری سەرەکیی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ سەروەر کەمال هاواری بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری بازرگانی.

**چەندین سایلۆ لە پارێزگا و ئیدارە و شار و شارۆچکەکانی کوردستان دروست کراون و کێشەی ئەمبارکردنی بەروبوومی گەنمی جووتیاران کۆتایی هاتووە**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەرتی کشتوکاڵی بووژانەوە و بازاڕی بۆ بەروبوومی جووتیارانیش دۆزییەوە**

**لەسەردەمی پەتای کۆرۆنا و جێبەجێکردنی کەرەنتینەشدا توانرا ٢٠ هەزار تەن خۆراکی سەرەکی دابین بکرێت و دابەشی سەر ٢٠٠ هەزار خێزانی کەمدەرامەت بکرێت**

*** سەرەتای پرسیارمان لە پرۆژەکانەوە دەست پێدەکەین، کە وێڕای ئالنگارییەکان و قەیرانی دارایی و کۆرۆنا لەم کابینەیەدا ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کەرتی بازرگانی ئەنجام دراون، ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئایا تاچەند توانراوە لە ڕێگەی ئەم پرۆژانەوە سەرکەوتوو بن لە جێبەجێکردنی کارنامە وەزارەییەکەی سەرۆک وەزیران؟**

- لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پاڵپشتی و ڕاسپاردەکانی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوەکانی بووژانەوەی ئابووریی کوردستان و ڕاستکردنەوەی پەیکەری ئابووریی هەرێم دەستی پێکرد و ژێرخان و ئابوورییەکە بەرەو ئابوورییەکی فرەچەشن ئاراستە کرا، ئەمە وێڕای شوێنەوارە مەترسیدارەکانی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و هەموو ئەو دەستتێوەردان و کێشە و گرفتانەی کە دروست کران و دروست بوون. ئەوە بوو هەر ئەو کاتە توانرا لە ڕێگەی بۆردێکی خۆراکەوە ڕێگا لە هەڵاوسانی نرخەکان و کەوتنەوەی قەیرانی خۆراك بگیرێت. هەر لەسەردەمی پەتای کۆرۆنا و جێبەجێکردنی کەرەنتینەشدا توانرا ٢٠ هەزار تەن خۆراکی سەرەکی دابین بکرێت و دابەشی سەر ٢٠٠ هەزار خێزانی کەمدەرامەت بکرێت، هەروەها ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بۆ هەڵگرتنی ڕسوماتی گومرگی لەسەر مادده خۆراکییە پێویستەکانی هاووڵاتییان بۆ ڕێگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان. لەم کابینەیەدا وێڕای ئالنگارییەکان بە هەوڵ و تێکۆشان و خۆڕاگریی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توانراوە بەسەر هەموو ئەو گرفت و کێشانەدا زاڵ بین و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەڕێزیان بەرانبەر هەموو ئەو قەیرانانە ڕاوەستان و بگرە کەرتی ئابووری بەگشتی و بازرگانی بەتایبەتی بەرەوپێشەوە چوو. سەبارەت بە پرۆژەکانیش کە وێڕای کێشەی دارایی تەنیا ئەو پرۆژە بازرگانییانەی دەستەی وەبەرهێنان ڕەزامەندییان پێ داوە، زیاتر لە ٢٦٦ پرۆژەن، ئەم ژمارە زۆرەی پرۆژە هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی سێ سایلۆ لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)، لە پارێزگای هەڵەبجەش ڕەزامەندی لەسەر جێبەجێکردنی سایلۆیەکی دیکە دراوە، بەمەش هەر چوار سایلۆ لە (قوشتەپە و کەلار و ڕۆڤیا و هەڵەبجە) هەر یەکەو بە توانای ٤٠ هەزار تەن و هەر یەکەشیان ٨ کۆگای هەیە و سایلۆکەی هەڵەبجە ١٠ کۆگا لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەمبارکردنی خۆراکی مانگانەش چەندین پرۆژە جێبەجێ کراون، لەوانە دروستکردنی کۆگای مۆدێرن بۆ ئەمبارکردنی برنجی پسوولەی خۆراك، لە ڕووی چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕەکان و کەرتی بازرگانیش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی چاودێریی بازرگانی هەڵمەتەکانی لە بواری چاودێری و بەدواداچوونی بازاڕ و لێپرسینەوە و سزادانی سەرپێچیکاران بەردەوامە و لەم بارەیەوە کاری گەورە ئەنجام دراون. لە ساڵی ٢٠١٩وە تاوەکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ توانرا ٩،٨٠٨ سەرپێچی دەستنیشان کراون و ڕووبەرووی سزای دارایی و داخستن بووەتەوە. لە بواری تۆمارکردنی کۆمپانیاکانیشدا وەرچەرخانێکی گەورە ڕووی داوە بەوەی لەنێوان ساڵی ١٩٩٢ـەوە تاکو ٢٠٢٤ لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٦ هەزار کۆمپانیا تۆمار کراون کە ٢١٪ی ئەم ژمارەیە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، لەم ژمارەیەش ٤٠٠٠ کۆمپانیای بیانی تۆمار کراون، لەلایەکی دیکەوە ژمارەی پێشانگا بازرگانییەکان و هاتنی شاندە بازرگانییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە. بە شێوەیەکی گشتی کەرتی بازرگانی لە خزمەتی فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بووە، لەمەشدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای هەموو ئەو لەمپەر و کێشانەی بۆی دروست کرا و ئازاری خەڵکی کوردستانیان دا، ئیرادەی سەرۆك وەزیران توانی وەرچەرخانێکی گەورە لە کەرتی بازرگانی دروست بکات، بەتایبەتی لە بواری پاڵپشتیکردنی بەرهەمی جووتیاران و بەروبوومەکانیان، لە ئێستادا لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێزیان کار لەسەر دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەروبوومە خۆماڵییەکان دەکەین و هاوکات ڕەچاوی ئەوەش دەکەین، ئەم پاڵپشتییەی قەدەغەکردنی هاتنی هەندێك

بەروبووم لە وەرزێکی ساڵدا کاریگەریی خراپی لەسەر کەمبوونەوەی ئەو بەرهەمە و گرانبوونی نرخەکەی لە بازاڕدا نەبێت. ستراتیژیەتی ئێمە لە کەرتی بازرگانی پەیڕەوکردنی ئابووریی بازاڕ و دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ گەنجەکان و ساغکردنەوەی بەروبوومە خۆماڵییەکانە، لەم پێناوەشدا بۆ یەکەمین جار هەنگاو بەرەو دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان نرا، کە کەرتی پیشەسازیی خۆراکی لە پێشەنگی کارەکاندا بووە.

*** سەبارەت بە بەئەلەکترۆنیکردنی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و هێمای بازرگانی کە ڕۆڵی گەورەی بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێراکردنی مامەڵەکان هەیە، ئایا لەم بوارەدا چ هەنگاوێکتان ناوە؟**

- لەم کابینەیەدا زۆر لە کاروبارەکان بەئەلەکترۆنی کراون، ئەمەش هاندەر بووە بۆ بەرەوپێشچوونی کاروباری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و هێمای بازرگانی و بەمەش توانرا پرۆسەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەئەلەکترۆنی بکرێت کە پێشتر بە سێ مانگ کۆمپانیایەك تۆمار دەکرا، لەئێستادا تەنیا بە سێ ڕۆژ و بە تێچوونێکی زۆر کەم واتە تەنیا بە ٦٠ هەزار دینار ئەم کارە تەواو دەبێت، ئامادەکارییش کراوە بۆ بەئەلەکترۆنیکردنی مۆڵەتی هەناردە و هاوردە و هێمای بازرگانی و پێدانی مۆڵەتی پیشەسازی بۆ کارگەکان و کەرتی تایبەت. ئەوەتا ژمارەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان گەیشتووەتە ٤،٥٨٢ کۆمپانیا و هێمای بازرگانییش بۆ ٣،٨٣٣ کە هاوکاتە لەگەڵ هەڵشکانی ژمارەی مۆڵەتی هاوردەی کەلوپەل بۆ سەرووی ٣٠،٠٠٠ مۆڵەت و هاوردەی ئۆتۆمبێلیش بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ مۆڵەت. هێمای بازرگانی یەکێکە لە سیما پێشکەوتووەکانی وڵاتان، لەم کابینەیەدا گرنگییەکی باش بە هێمای بازرگانی درا و کارکردن بەو ئاراستەیە بووە کە هانی گەورە کۆمپانیاکانی جیهان بدرێت لە هەرێمی کوردستان براندەکانیان تۆمار بکەن.

*** ڕەنگە هاووڵاتییەکی ئاسایی ئەو پرسیارەی لا دروست بێت، ئەم هەموو پڕۆژە و کارانە تا چەند سوودی بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان هەیە؟ ئایا تا چەند لە ڕووی کەرتی بازرگانییەوە توانراوە هەلی کار بۆ گەنجەکان دابین بکەن و تا چەند لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بوون؟**

- زۆرترین دەرفەت و هەلی کار لە کەرتی تایبەت و لەناو کۆمپانیاکان و لە کاروکاسبیی ناو بازاڕ بۆ گەنجەکان لەم کابینەیەدا دابین کراوە، تەنیا لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە توانراوە زیاتر لە ١٣ هەزار هەلی کار لە ژمارەیەك کارگە دابین بکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی هەڵکشانی ژمارەی زۆری کۆمپانیاکان و وەبەرهێنان و بەگەڕخستنی سەرمایە و زۆربوونی کۆمپانیا بازرگانییەکان و فراوانبوونی بازاڕەکان و بووژانەوەی کاروکاسبی هەمووی ڕۆڵێکی باشیان هەبووە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەتایبەتی بۆ گەنجەکان و دەرچووانی زانکۆکان، تەنانەت دەرکردنی ئەو ڕێنماییەی کە سەرۆك وەزیران دەری کردووە، بەوەی دەبێت دەستی کاری خۆماڵی لەناو پڕۆژەکاندا لە ٧٥٪ کەمتر نەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە.

لە کەرتی بازرگانی ژمارەی مۆڵەتەکانی هاوردەکردن و ڕەسیدەکانیش زیادیان کردووە، هەموو ئەمانەش بۆ ئەو ئاسانکارییانە دەگەڕێتەوە کە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کراون، مۆڵەتی کۆمپانیا و کارگەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە بە سەرمایەی زیاتر لە ملیارێك دۆلار و چەندین پڕۆژەی بازرگانی دروست کراون، کە بوونەتە هۆی ڕەخساندنی سەدان هەلی کار بۆ گەنجانی کوردستان. بۆ نموونە لە کاتی دامەزراندنی کارگەیەکی جبسدا بە سەدان هەلی کاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کێڵگەکانی پەتاتە و گواستنەوە و عەلوە و کارگە و کارگەی پاکەت و دامەزراندنی کۆمپانیای هەناردە و سەدان هەلی کاری دیکە بۆ گەنجەکانمان دابین دەبێت. هەموو ئەم خەرجی و کرێ و تێچوونانەش لە نێوخۆی هەرێمدا دەبێت و چیتر ئەوەندە پارە بۆ دەرەوەی وڵات ناچێت. هەر خۆی لەخۆیدا کەرتی بازرگانی لە خزمەتی بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بووە، بەمەش هاوکارێکی سەرەکیی گەیشتن بووین بەرەو فرەچەشنکردنی ئابووری و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات.

**لە ساڵی ٢٠١٩وە تاوەکو مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤ توانرا ٩،٨٠٨ سەرپێچی دەستنیشان کراون و ڕووبەڕووی سزای دارایی و داخستن بووەتەوە**

**زۆرترین دەرفەت و هەلی کار لە کەرتی تایبەت و لەناو کۆمپانیاکان و لە کاروکاسبیی ناو بازاڕ بۆ گەنجەکان لەم کابینەیەدا دابین کراوە**

**تەنیا لە ڕێگەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە توانراوە زیاتر لە ١٣ هەزار هەلی کار لە ژمارەیەک کارگە دابین بکرێت**



*** ساغکردنەوەی گەنم و بەروبوومی جووتیاران بە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لەم ڕووەوە چی کراوە؟**

- لەم کابینەیەدا بە تەواوەتی ترس و دڵەڕاوکێی جووتیاران کۆتایی هات و هەموو ئاسانکارییەك پێشکەشی جووتیاران کرا بۆ ساغکردنەوەی گەنم و بەروبوومەکانیان و چەندین سایلۆ و ئەمباری نوێش دروست کران. لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ٢٠٢٣ بڕی ١،٦٩٢،١٨٦ تەن گەنمی جووتیاران وەرگیراوە و بۆ ئەمساڵیش توانراوە ئەو ٧٠٠ هەزار تەنەی کە دیاری کراوە و هەولێر بڕی ٢٢٨ هەزار تەن و سلێمانی ٢٨٢ هەزار تەن و دهۆك بڕی ١٨٩ هەزار تەن کە ٢٠٠ تەنی لە ساڵی ڕابردوو زیاترە و بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێك ئەم بڕە گەنمە لە برا جووتیارەکان وەرگیراوە، ئەوەی دەشمێنێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەرتی تایبەت هەوڵی بە بازاڕکردنی دەدات و کارئاسانی بۆ ژمارەیەك کۆمپانیا کراوە، تاوەکو ئەم بڕە گەنمە وەربگرن و ساڵی ڕابردووش هاوکار بوون و بە ئومێدی ئەوەین ئەمساڵیش هاوکار بن، تەنانەت ئەو بڕە گەنمەی جووتیاران کە لە عێراق وەرنەگیرا، لەسەر بڕیاری سەرۆك وەزیران لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ساغ کرایەوە. لە بواری ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆی جووتیاران لە بوارەکانی میوەجات بۆ یەکەمین جار لەم کابینەیە بەرهەمی جووتیارانی کورد لە بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو و ئەورووپا ساغ کرایەوە و بۆ یەکەمین جار بەرهەمی سێو و هەنار و هەنگوین و پەتاتە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کرا و پاڵپشتییەکی گەورەی بەرهەمەکانی مریشك و هێلکە و ماسی و ئاژەڵ کراوە، هەوڵێکی زۆریش دراوە ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی حکومەتی عێراق لە بەردەم هەناردەی بەرهەمەکانی گۆشتی مریشك و هێلکە دایدەنا، لابرێت. بە خۆشحاڵییەوە یەکێك لە دەستکەوتەکانی وەزارەتمان بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان بوو لەگەڵ هەردوو وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی پیشەسازیی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە بۆ دابینکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتییەکاندا هەنگاوی باش نراوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم بەشە خۆراکە دابەش کراوە، لەلایەکی دیکەوە چەندین عەلوەی هاوچەرخمان لە هەولێر و ئاکرێ و سلێمانی و شار و شارۆچکەکانی دیکە دامەزراندووە، کە چەندین کۆگای ساردکەرەوە و کارگەی پیشەسازی لەخۆ دەگرێت. نووسینگەی هاوردە

**ئەو بڕە گەنمەی جووتیاران کە لە عێراق وەرنەگیرا، لەسەر بڕیاری سەرۆك وەزیران لەلایەن کەرتی تایبەتەوە ساغ کرایەوە**



و هەناردەمان لە نزیك دەروازەی نێودەوڵەتیی برایم خەلیل کردووەتەوە، بۆ ئەوەی برایەکی بازرگانمان بۆ مامەڵەیەك نەگەڕێتەوە هەولێر و سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بازرگانی لێرە بکات، کە کات و تێچوون و ڕۆتینێکی زۆری دەویست. بە خۆشحاڵییەوە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە لەهەر چوار دەروازە نێودەوڵەتییەکەی (برایم خەلیل، حاجی ئۆمەران، باشماخ و پەروێزخان) نووسینگەی هاوردە و هەناردە بکرێنەوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هەوڵەکانمان بۆ داخستنی خاڵە سنوورییە نافەرمییەکان تاوەکو ڕێگە لە هاتنی بەرهەمی کوالێتیی نزم بگیرێت.

*** لە بواری چاکسازیی لە وەزارەت و دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاساکان کە بە یەکێك لەهەنگاوە گرنگ و ستراتیژییەکان دادەنرێت بۆ بونیادنانی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان ئایا لەم ڕووەوە چی کراوە؟**

- لە ماوەی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر یاسا هەموار کرانەوە، لەوانە: (یاسای کێبڕکێ و یاسای کۆمپانیاکان، یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان، یاسای بریکارنامەی تۆمارکردن، یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی، یاسای ژووری بازرگانی و پیشەسازی، یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، پیادەکردنی یاسای بازرگانیی عێراق و...هتد)، لە بواری ڕێنماییەکانیشدا بە دەیان ڕێنمایی دەرچوون، لەوانە (بەخشینی بەشە خۆراك و ئاردی هاوڵاتیان، هاوردە و هەناردە لە هەرێمی کوردستان، چاودێریی بازرگانی و بەخشینی بریکاری بەشە خۆراك و ئارد، پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، پێدانی مۆڵەتی کارکردنی نووسینگەکانی ژووری بازرگانیی بیانی و سەنتەرە بازرگانییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان و...هتد). لە سەرەتای ئەم کابینەیەدا کە پەتای کۆرۆنا هات و جووڵەی بازرگانی ڕاوەستا و کاریگەری خراپی لەسەر ئابووریی هەرێم و کار و کاسبی و بژێویی هاوڵاتیان دروست کرد، کوردستان ڕووبەرووی کۆمەڵێك قەیران و ئاستەنگی گەورە بووەوە، ئەوە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە توانی بە سەر قەیران و تەحەددییەکاندا سەربکەوێت و بە پاڵپشتیی خودا و هاوڵاتییان لە هەموو سێکتەرەکاندا کاری گەورە و باش ئەنجام درا و سێکتەرەکان و سێکتەری بازرگانی کەوتە سەر ڕێگا ڕاست و دروستەکەی خۆی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانکاریی گەورەتر و نەوعیتر بەدەست دەهێنین.

**بۆ یەکەمین جار لەم کابینەیە بەرهەمی جووتیارانی کورد لە بازاڕەکانی وڵاتانی کەنداو و ئەوروپا ساغ کرایەوە**

بژار مەلا خدر

قایمقامی قەزای قوشتەپە بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە ١٥٠ ملیار دینار بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی قەزای قوشتەپە خەرج کراوە

## بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی ڕێگە دراوە بە لێدانی نزیکەی هەزار بیر و دروستکردنی سایلۆیەک بە گوژمەی ٢٣ ملیار دینار

لە ساڵی ١٩٥٩ قوشتەپە بە فەرمی کراوەتە ناحییە، ئەو کات دارەتوو و بنەسڵاوە و بیستانە و شەماك و سنوورێکی بەرفراوان سەر بەو ناحیەیە بوون، بەڵام لە ٢٠٢٣/٥/٢١ لە کابینەی نۆیەمدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانی بە قەزابوونی بۆ قوشتەپە دەرکرد، کە ئێستا ٦٥ گوند لە سنوورەکەیدان. قەزای قوشتەپە هەر لە کۆنەوە خاك و زەوییەکی بەرفراوانی کشتوکاڵیی بەپیت و بەرەکەتی بووە، کە خۆی لە ٣١٠ هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵیدا دەبینێتەوە و خەڵك و دانیشتووانەکەشی بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکن. ژمارەی دانیشتووانەکەی بە کەمپی ئاوارەکانی سنوورەکەشەوە لە نێوان (٦٥ بۆ ٦٨) هەزار کەس دەخەمڵێندرێت. گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسانە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار، دیدارێکی لەگەڵ بژار مەلا خدر قایمقامی قەزای قوشتەپە ئەنجام دا .



# گەورەترین دەستکەوت لای خەڵکی قوشتەپە و سنوورەکە ئەو بڕیارەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمە کە قوشتەپەی کرد بە قەزا

*** لە کابینەی نۆیەمدا تا چەند گرنگی بە قەزای قوشتەپە و سنوورەکەی دراوە؟ ئەو پڕۆژانەی جێبەجێ کراون بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و خەڵکی ئەو سنوورە چی بوون؟**

- گرنگترین کار کە لە کابینەی نۆیەمدا بۆ قوشتەپە کراوە، ئەوەیە کە لە لایەن ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە بڕیار و فەرمانی بەقەزاکردنی قوشتەپە بووە، چونکە کە بووەتە قەزا، دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی زیاتر و گەورەتر دەبێت و لەو کارەشدا جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕەچاوی مێژوو و دڵسۆزیی خەڵکی ناوچەکەی بۆ شۆڕش و کوردستان کردووە، هەروەها قوشتەپە کۆنترین ناحیە بوو لە سنووری پارێزگای هەولێردا، لە ڕووی جوگرافییشەوە هاوسنوورە لەگەڵ ماددەی ١٤٠ و دەروازەیەکی گرنگ و سەرەکییە لەگەڵ پانزە پارێزگای ناوەڕاست و خوارووی عێراق، هەر بۆیە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە گرنگ و پێویستەکانی سنوورەکە دەسەڵاتی بە ئیدارەی ناوچەکە داوە و، دەستی ئێمەی واڵا کردووە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە خزمەتی زیاتر بە هاووڵاتیان دەگەیەنێت.

*** ئایا لە سنووری ئەو قەزایەدا کێشەی ئاوی خواردنەوە هەیە، ئەگەر هەیە، پلانتان بۆ چارەسەری چییە؟**

- لەو کاتەوەی قوشتەپە بووەتە قەزا، جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی و ئاسانکارییەکی زۆر و تەواوی کردووە بۆ ئەنجامدانی هەر کار و پڕۆژەیەك کە داوای دەکەین و، بە زووترین کات ڕەزامەندی بۆ دەدرێت و پارە و بودجەی بۆ تەرخان کردووە. هەر لەم سۆنگەیەوە لە سێکتەری ئاوی خواردنەوەدا ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی و دوورمەودا، پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی ستراتیژیی بۆ قەزای قوشتەپە و سنوورەکەی جێبەجێ بکرێت، ئەویش بە ڕاکێشانی ئاوە لە زێی بچووکەوە بۆ قەزاکە، کە تێیدا سەنتەری قەزا و گوندنشینانی سنوورەکە بە تەواوی سوودی لێ وەردەگرن، ئەو پڕۆژەیەش بڕی زیاتر لە ١٣٥ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، زۆر شوێن و گەڕەك لە شاری هەولێر ڕەنگە کێشەی ئاوی خواردنەوەیان لە وەرزی ئەو هاوینەدا هەبێت، بەڵام ئێمە وەکو سەنتەری قەزای قوشتەپە و سنوورەکە بە هیچ

**دەمانەوێت بە هاوکاریی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بە پاڵپشتیی دەوڵەمەند و خێرخوازان و خاوەن کارگە و پیشەوەرانی سنوورەکە، گەڕەکێکی بەرفراوان بۆ هەژار و کەمدەرامەت و کرێچییانی سنوورەکە دروست بکەین**

**ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی ستراتیژیی بۆ قەزای قوشتەپە و سنوورەکەی جێبەجێ بکرێت، ئەویش بە ڕاکێشانی ئاوە لە زێی بچووکەوە و بڕی زیاتر لە ١٣٥ ملیار دیناریشی بۆ تەرخان کراوە**

**لە کابینەی نوێیەمدا بە بڕیاری ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان سایلۆیەک لە قوشتەپە بە قەبارەی ٤٠ هەزار تەن بە گوژمەی ٢٣ ملیار دینار دروست کراوە**

**لە سنوورەکەدا چەند پۆنتێک بۆ گلدانەوەی ئاو خراوەتە بەرنامە و پلان، کە یەکێکیان لە دەشتی دێدەوانە و دووەمیان لە گوندی قۆچە بڵباسە**

**لەسەر ڕاسپاردە و فەرمانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی دوو ملیار و ٣٩٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ قیرتاوکردن و چاککردنی شەقامەکانی سەنتەری قەزای قوشتەپە**

**نەخۆشخانەیەکی ٢٥ قەرەوێڵەیی کاری تێدا دەکرێت، لە پاش تەواوبوونی بینایەکەش هەموو پێداویستییەکانی پزیشکی و ستاف و کارمەند و پزیشکی پسپۆڕی جۆراوجۆری بۆ دابین دەکرێت، کە لەسەر ئەرکی خێرخواز دکتۆر (عوسمان ئیسماعیل)ە**

جۆرێك تووشی ئەو بێ ئاوییە نەبووین، چونکە لە هەر گەڕەك و شوێنێك بیرەکان ئاویان کەمی کردبێت، یان وشك بووبن، ئەوە بیرەکانمان قووڵتر کردووە، یان بیری بەدیل و تازەمان هەڵکەندووە. لە لایەکی دیکەوە ئەمساڵ تەنیا لە گوندی قەرەچناغە کێشەی کەمئاوی هەبوو، ئەویش بە زووترین کات چارەسەر کرا. هەروەها ئەمساڵ بە بڕی (٥٠٠) ملیۆن دینار ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی ئێمەی کردووە بۆ گۆڕەڕەکانی ئاو و نۆژەنکردنەوەی بیرەکانی ئاوی خواردنەوە و چاککردن و گۆڕینی تۆڕی ئاوی خواردنەوە .

*** ئەو کار و پڕۆژانە چین لە تەمەنی کابینەی نۆیەمدا لە سێکتەری کارەبادا بۆ سنوورەکەتان جێبەجێ کراون؟**

- ئێستا لە سنووری قەزای قوشتەپە هەموو ستوونەکانی کارەبا گڵۆپی ڕووناکییان بۆ دانراوە، لە هەر شوێنێکیش کێشەی تۆڕی دابەشکردن و گەیاندنی کارەبا هەبووبێت، ئەوە وەزارەتی کارەبا چارەسەری کردووە. لە ئێستادا چاوەڕوانی ئەنجومەنی وەزیرانین بە بڕی یەك ملیار و نیو دینار ڕەزامەندی بدات لەسەر دوو پڕۆژەی زۆر گرنگی کارەبا لە سنوورەکەدا، کە یەکێك لە پڕۆژەکان وێستگەیەکی کارەبای مۆبایلە لە گردمەلا و دووەم پڕۆژەش وێستگەیەکی کارەبای مۆبایلە لە ئۆمەراوە، لە هەمان کاتدا هەر لەو بودجەیە کار لەسەر گۆڕین و چاککردنی چەند فیدەر و تۆڕی کارەبا لە سنوورەکەدا دەکرێت.

*** وەکو دەزانین ئەو سنوورە لە ڕووی کشتوکاڵییەوە لە کۆنەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆ زیاتر گەشەکردنی کشتوکاڵ و پاڵپشتی و هاندانی جووتیاران چیتان کردووە؟**

- لە کابینەی نۆیەمدا بە بڕیاری ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان سایلۆیەك لە قوشتەپە بە قەبارەی ٤٠ هەزار تەن بە گوژمەی ٢٣ ملیار دینار دروست کراوە، هاوکات بڕیار درا کە حەرەمی گوندەکان بەرفراوان بکرێت، پێشتر ڕێگە نەدەدرا لەسەر زەویی کشتوکاڵی هیچ شتێك وەکو خانوو، یان پێداویستیی جووتیاران دروست بکرێت، بەڵام لەو کابینەیەدا ڕێگە دەدرێت کە جووتیارەکان ژووری چوار بە چوار لەسەر زەوییەکانیان، بەتایبەتی بۆ بیری ئاوەکان دروست بکەن، هەروەها بە بڕیارێك لەو سنوورەدا جووتیاران و خەڵکەکەی نزیکەی هەزار بیری ئاویان بۆ کاری کشتوکاڵی و ئاودێری لێ داوە، هەروەها لە سنوورەکەدا چەند پۆنتێك بۆ گلدانەوەی ئاو خراوەتە بەرنامە و پلان، کە یەکێکیان لە دەشتی دێدەوانە و دووەمیان لە گوندی قۆچە بڵباسە، هاوکات لە ئێستادا ئامادەکاری دەکرێت بۆ دروستکردنی سێ پۆنتی دیکەش لە سنوورەکەدا، کە بە تەواوبوونی ئەو پۆنتانە جووتیارانی سنوورەکە سوودێکی زۆر وەردەگرن بۆ کاری کشتوکاڵی و لە کابینەی نۆیەم بە هەموو جۆرێك هاوکاریی جووتیاران کراوە لە ڕووی ئامێری کشتوکاڵی، پەینی کیمیایی و بنەتۆو. ئەمساڵ سایلۆیەکە توانی گەنمی جووتیاران وەربگرێت، ئەمەش ئاسانکارییەکی زۆر گەورە بوو بۆ جووتیارانی سنوورەکە، چونکە ئەمساڵ بەرهەمی گەنمی جووتیارانی سنوورەکە نزیکەی (٢٠٠) هەزار تۆن بوو.

*** ئایا لە بواری ڕێگەوباندا، بەتایبەتی تۆڕی ڕێگەوبانی گوندەکانی سنووری قەزای قوشتەپە، پڕۆژەتان هەیە؟**

- لەسەر ڕاسپاردە و فەرمانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی دوو ملیار و ٣٩٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ قیرتاوکردن و چاککردنی شەقامەکانی سەنتەری قەزای قوشتەپە لە دەروازەی سەنتەری قەزاوە تا دەگاتە ناو گەڕەك و کۆڵانەکان، دوو ملیار دیناریش ڕەزامەندیی لەسەر دراوە بۆ چاککردن و قیرتاوکردنی تۆڕی ڕێگەوبانی چەند گوندیك لە سنوورەکەدا.

*** ئایا لە کابینەی نۆیەمدا تا چەند کار و پڕۆژە بۆ کەرتی تەندروستی کراوە؟**

- بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندروستی بۆ هاووڵاتیانی سەنتەری قەزاکە و سنوورەکە، نەخۆشخانەیەکی ٢٥ قەرەوێڵەیی کاری تێدا دەکرێت، لە پاش تەواوبوونی بینایەکەش هەموو پێداویستییەکانی پزیشکی و ستاف و کارمەند و پزیشکی پسپۆڕی جۆراوجۆری بۆ دابین دەکرێت، کە لەسەر ئەرکی خێرخواز دکتۆر (عوسمان

ئیسماعیل)ـە، کە ئەو نەخۆشخانەیە بەشی فریاکەوتن و هۆڵی لەدایکبوون و نەشتەرگەری لەخۆ دەگرێت، هاوکات بنکەی تەندروستیی قوشتەپە لەسەر ئەرك و بودجەی پارێزگای هەولێر نۆژەن و بەرفراوان دەکرێت و دەکرێتە ٢٤ کاتژمێری، ئەو بنکەیە پێشتر پزیشکی نەبوو لە ئێستادا پزیشکیشی بۆ دابین کراوە.

*** ئایا تا چەند کار بۆ چارەسەری کەرتی پەروەردە لە سنووری قەزای قوشتەپە کراوە؟**

- لە ڕووی پەروەردەوە، بە سوپاسەوە پارێزگاری هەولێر و وەزارەتی پەروەردە لە مانگی ئەیلوولی

- لە سنووری قەزای قوشتەپە چەندین جۆر کارگە و پێشانگە و پاڵاوتگەی نەوت هەیە، هەموو ئەو کارگە و شوێنانە پابەند کراون بە ڕێنماییەکانی پاراستنی ژینگەوە، لەو ماوەی ڕابردووشدا لە ئەنجومەنی وەزیران و پارێزگای هەولێرەوە بڕیار درا، هەموو ئەو پاڵاوتگانەی نەوت دابخرێن کە پابەندی ڕێنماییەکانی پارستنی ژینگە نین، لە پاش ئەو بڕیارە هەموو پاڵاوتگەکانی سنوورەکە داخراون تا ئەو کاتەی بە تەواوی پابەندی ڕێنمایی و یاساکانی ژینگە دەبن، لەلایەکی دیکەوە لەو (٨٠٠) کەسە کە ناویان تۆمار کراوە بۆ کارکردن، ئێمە توانیومانە

**لە سنووری قەزای قوشتەپە چەندین جۆر کارگە و پێشانگە و پاڵاوتگەی نەوت هەیە، هەموو ئەو کارگە و شوێنانە پابەند کراون بە ڕێنماییەکانی پاراستنی ژینگەوە**



ئەمساڵ دوو قوتابخانە یەکێکی ١٢ پۆلی و دووەمیان ٩ پۆلییە دروست دەکەن، باخچەیەکی ساوایانیش لە کۆمەڵگەی کاوە دروست دەکرێت، بەڵام هێشتا کێشەکانی پەروەردەیی لە ڕووی بینایەوە، بەتایبەتی لە گوندەکانی سنوورەکە کۆتایی نەهاتووە، بەرنامە و پلان هەیە بە هاوکاریی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی پەروەردە ئەو کێشانەی ماون، چارەسەریان بکەین.

*** وەك ئاشکرایە لەو سنوورەدا کارگە و پاڵاوتگەی زۆر هەیە، ئایا ئەو کارگەو پاڵاوتگانە بوونەتە هۆکارێك بۆ هەلی کار بۆ خەڵك و گەنجانی سنوورەکە و لەو بوارەدا ڕێنماییەکانی حکومەت و ژینگە تا چەند جێبەجێ کراون؟**

تا ئێستا (٣٥٠) کەسیان لەو کارگە و شوێنانە دابمەزرێنین.

*** ئایا چ پڕۆژەیەکتان بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی کرێنشینی لە قەزای قوشتەپە و سنوورەکەی هەیە؟**

- ئێستا وەکو قایمقامیەت دەمانەوێت بە هاوکاریی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و بە پاڵپشتیی دەوڵەمەند و خێرخوازان و خاوەن کارگە و پیشەوەرانی سنوورەکە، گەڕەکێکی بەرفراوان بۆ هەژار و کەمدەرامەت و کرێچییانی سنوورەکە دروست بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوونی بەرفراوان تەرخان کراوە، ئەو پڕۆژەیەش قۆناغ بە قۆناغە و ساڵ لە دوای ساڵ جێبەجێ دەکرێت، بۆ هەر ساڵێك دامانناوە ٤٠ تا ٥٠ خانوو لەو پڕۆژەیەدا دروست بکرێت.

**لەو (٨٠٠) کەسە کە ناویان تۆمار کراوە بۆ کارکردن، ئێمە توانیومانە تا ئێستا (٣٥٠) کەسیان لەو کارگە و شوێنانە دابمەزرێنین**

# بەرنامەی حزبەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە دەوڵەتانی دیموکراسیدا

شتێکی ئاساییە کە ناوەرۆکی بانگەشەی هەڵبژاردن، بە پێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاواز و فرەجۆرتر بێت، بەڵام کۆدەنگییەکی گشتی هەیە کە بۆ چاککردنی ئەدای جومگەکانی سەرجەم دامەزراوەکانی حوکمڕانی دەبێت هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕوئیا و دید و بۆچوون و بەرنامەی سەرتاسەریی هەبێت، بەڵام ئامانجی بەرنامەی حزبەکان بەگشتی لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەرانە کە پشت بە کۆمەڵێك پرس و کێشەی نیشتمانی دەبەستێت:

**ئامانجی بەرنامەی حزبەکان بەگشتی لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەرانە کە پشت بە کۆمەڵێک پرس و کێشەی نیشتمانی دەبەستێت**

ا- دۆزینەوەی هەلی کار و کەمکردنەوەی بێکاری، پاڵپشتیکردنی کۆمپانیا بچووك و مامناوەندەکان و بووژاندنەوەی گەشەی ئابووری.

ب- کەمکردنەوەی باج، بەتایبەتیش لەسەر خاوەنداهاتی سنووردار و کەمدەرامەت، بۆیە بە دەگمەن هەندێ حزب داوای زیادکردنی باج دەکەن بۆ پارەدارکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی هاوولاتیان.

پ- چۆنێتیی دابەشکردنی خەرجیی گشتی و وەبەرهێنان لە ژێرخان و خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و مەشق و ڕاهێنان و شیاندنی گەنجاندا.

**پێویستە بانگەشەی هەڵبژاردن باس لە چۆنێتیی چاککردن و بەتینکردن و پەرەپێدانی ژێرخان و پارەدارکردن بکات، بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕێگە و پرد و بەنداو و کارەبا و ئاو**

ت- پێشنیارگەلێك بۆ چاککردنی چاودێریی تەندروستی و فراوانکردنی چوارچێوەی ئەو چاودێرییە، پڕکردنەوەی بە کادیری پزیشکی و چاککردنی ئاستی توانای ئەو خزمەتگوزارییانە، لەگەڵ خستنە ڕووی چۆنێتیی فەراهەمکردنی دارایی، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی داودەرمان بە خۆڕایی بۆ هەژار و نەداران و خاوەن پێداویستیی تایبەت و بەساڵاچووان.

ج- بەردەوام بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە لە هەموو قۆناغەکانیدا، بەتایبەتیش لە زانکۆکاندا لەپێناو پەرەپێدانی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەییدا.

و- گرنگیدان بە ژینگە و نەهێشتنی پیسبوونی ژینگە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ڕووی گرنگیی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و خستنەڕووی پلانگەلێکی دوور و درێژ بۆ دامەزراندنی ئابوورییەکی سەوز.

چ- پێشکەشکردنی چەند پێشنیارێکی پراکتیکی بۆ کاراکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تازەکردنەوەی توانا و لێهاتوویی ئەمنی، لەوانە پاڵپشتیکردنی پۆلیس و ئاسایش.

ح- پرسی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان و یەکسانی و جێبەجێکردنی یاسا و ڕەچاوکردنی مافی خاوەن پێداویستیی تایبەت، ئەمانە بەشێکی گرنگی بەرنامەکانی بانگەشەی حزبەکانن.

د- بەهێزکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتیکردنی توێژە لاوازەکان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە خۆڕایی، هەروەها چارەسەرکردنی ڕەوشی ئەوانەی کەوتوونەتە سەر شەقام و جادەکان.

ر- بانگەشە بۆ پاڵپشتیکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان و بووژاندنەوەی پەرەسەندنەکانی تەکنەلۆجیا و بەتینکردنی ئاسایشی سایبێرانی، لەگەڵ فراوانکردن و فەراهەمکردنی ئەنتەرنێت.

لەبارەی بانگەشەی هەڵبژاردن لای حزبە کوردستانییەکان، ئاواتەخوازین کە نەپەرژێنە سەر دەمەقاڵێی میدیایی و ناوزڕاندن و ئۆباڵخستنە سەر لایەنی بەرانبەر، یان بانگەشەی ئەوەی کە دەستکەوت وەدی دێنێت بە هۆی ئەوەی کە پەیوەندیی لەگەڵ بەغدادا هەیە، یان پەنا بەرێتە بەر کڕینی دەنگەکان و ساختەکردن، پێم باشە



**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

بانگەشەی هەڵبژاردنی حزبە کوردستانییەکان چەندین پرسی جەوهەری لەخۆ بگرێت و پێوەی پابەندبن وەك:

١- بەهێزکردنی ئەدای دامەزراوە دیموکراسییەکان و دەستەبەرکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك و شەفاف، هەروەها دانانی پلان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازیی یاسایی و بەتینکردنی ڕۆڵی پەرلەمان و پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی دادگا.

٢- دیاریکردنی چۆنێتیی وەدیهێنانی گەشەپێدانی ئابووری و مرۆیی لە ڕێی پێشکەشکردنی بەرنامەگەلێك بۆ هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نەتەوەیی و چۆنێتیی پەرەپێدانی بەرنامەکان و پرۆژەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار.

٣- پێویستە بانگەشەی هەڵبژاردن باس لە چۆنێتیی چاککردن و بەتینکردن و پەرەپێدانی ژێرخان و پارەدارکردن بکات، بۆ خزمەتگوزارییەکانی ڕێگە و پرد و بەنداو و کارەبا و ئاو.

٤- خستەڕووی چۆنێتی و کواڵێتیی وەبەرهێنانی پێویست بۆ هەرێم و فەراهەمکردنی ژینگەی وەبەرهێنان بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی نێوخۆیی و بیانی.

٥- بانگەشەکردن بۆ پاراستنی پیشەسازیی نیشتمانی و بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵ و ماسی و پاڵپشتیکردنی جووتیاران و خاوەن کارگەکانی بەرهەمهێن، لەگەڵ چۆنێتیی پارەدارکردنی پرۆژەکانیان.

٦- پابەندبوونی تەواو بە ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی، هەروەها دانانی بەرنامەگەلی ئامانجدار بۆ یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز، بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

٧- حزبەکان لە میانی بەرنامەکانی هەڵبژاردنیاندا چۆنێتیی پاراستنی ژینگە بخەنەڕوو، هەروەها بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی دارایی، لەگەڵ پەرەپێدانی بەرنامەکانی وزەی نوێبووەوە و دانانی پلان و بەرنامەی زانستی بۆ نەهێشتنی بەبیابانبوون و دامەزراندنی کشتوکاڵی بەردەوام.

٨- بانگەشەکردن بۆ یەکخستن و نوێکردنەوەی هێزە ئەمنییەکان لە هەرێم لە ژێر سەرکردایەتییەکی یەکگرتوودا، بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی ئەمنیی ناوخۆ و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

٩- خستنەڕووی بەرنامە بۆ چۆنێتیی بەهێزکردنی ناسنامەی کوردی و ئینتیما بۆ گەل و نیشتمان، بانگەشەکردن بۆ پاراستنی کەلەپوور و هونەرە فۆلکلۆرییەکان و بەتینکردنی فرە ڕۆشنبیرییەکان لە هەرێمدا.

١٠- خستنەڕووی بەرنامە بۆ وەدیهێنانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، وەك پاڵپشتیی خێزانانی کەمدەرامەت و هەژار و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو خێزانانە.

١١- بانگەشە بۆ پێویستیی وەدیهێنانی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی داهاتەکان لە نێوان شار و ناوچە و گوندەکان لە ڕێی ناسەنتراڵی و حوکمڕانیی خۆجێییەوە.

١٢- بانگەشە بۆ یەکێتیی هەڵوێستی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و دیاریکردنی شێوازەکانی بەتینکردن و چاککردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا، بە شێوەیەك مافەکانی هەرێم دەستەبەربکات بەپێی دەستووری عێراق، لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکاندا.

**خستنەڕووی بەرنامە بۆ وەدیهێنانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، وەک پاڵپشتیی خێزانانی کەمدەرامەت و هەژار و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو خێزانانە**

**بانگەشە بۆ یەکێتیی هەڵوێستی کورد لە بەرەوڕووبوونەوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و دیاریکردنی شێوازەکانی بەتینکردن و چاککردنی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا**



میر حازم تەحسین بەگ
میری ئێزدیان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانیی ئێزدی بۆ گوڵان:

# پتەوکردنی گیانی برایەتی و ڕۆحی خۆشەویستی و پێکەوە کارکردن باشترین ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری توندڕەوی و ڕق و کینە

**کوردانی ئێزدی لە شنگال و ناوچە وێرانکراوەکانیان لە بارودۆخێکی دژواردان، بۆیە بە مەجبووریییەوە ڕوو لە هەندەران دەکەن**

■

**پێویستە حکومەتی عێراق جددییانە مامەڵە لەگەڵ ئێزدییەکان و دۆسیەی شنگالدا بکات و چارەسەرێکی واقیعی بۆ بدۆزێتەوە**

■

**چەندین قەزا و ناحیە لەسەر دەستی داعش وێران کران و عێراق ئاوەدانی کردنەوە، تەنیا شنگال نەبێت، ئاوڕیان لێ نەدایەوە**

■

**هەڵکەوتەی جوگرافیای شنگال وای کردووە، گەلێک وڵاتانی ناوچەکە تەماحیان لە خاکی کوردانی ئێزدی هەبێت**



**هەرچەندە عێراق وا خۆی نیشان دەدات کە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتییە و پارێزگاری لە بنەماکانی پێکەوە ژیان و کەلتووری لێبووردەیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دەکات، بەڵام ئەم چەمک و بنەمایانە تاکو ئێستا تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەزن و جینۆسایدی کوردانی ئێزدی جوانترین بەڵگەیە بۆ ئەم هەقیقەتە، کە نەک تەنیا لە ڕووی کردارییەوە کار بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی خانەوادەی قوربانییەکان نەکراوە، بەڵکو تا ئێستا عێراق پێناسەی بۆ جینۆسایدەکە نەکردووە، لە کاتێکدا دەمارگیری و توندوتیژییەکی لە ڕادەبەدەر بوونی هەیە. ئەوەتا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٠ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزدی کەچی هێشتا لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان ڕوفاتی کوردانی ئێزدی هەڵنەدراوەتەوە و تەنیا ٤٩ گۆڕ لە کۆی ١٠٠ گۆڕ هەڵدراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆری منداڵ و ئافرەتانیشیان کە خۆی لە ٢٧٠٠ ڕفێندراو دەدات هێشتا بێسەروشوێنن، ناوچەکانیشیان ئاوەدان نەکراونەتەوە و ڕێگری گەورە هەیە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شنگال و ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ئەو ناوچەیە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار بە دۆخ و کاروباری ئێزدیان و هەڵسوکەوتی عێراق بەرانبەر کوردانی ئێزدی؛ گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزدیان لە کوردستان و عێراق و جیهان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕۆحانیی ئێزدی ئەنجام دا.**

*** سەرەتا خۆشحاڵین بەوەی وەکو سەرۆکی ڕۆحانیی کوردانی ئێزدی و میری کوردانی ئێزدی لە کوردستان و عێراق و جیهان بەشداریی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان بووی. با سەرەتای پرسیارەکەمان لە دۆخی کوردانی ئێزدی لە کوردستانەوە دەست پێبکەین، ئایا وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی ڕۆحانیی کوردی ئێزدی چۆن دەڕواننە پێکەوەژیانی ئایینی و کلتووری لێبووردەیی لەهەرێمی کوردستاندا؟**

- کوردی ئێزدی خۆی بە هاووڵاتییەکی ڕەسەنی کوردستان و دەشتی نەینەوا و شنگال دەزانێت. لە دێرزەمانەوە باوک و باپیرانمان لەسەر ئەم خاکە ژیاون و، ئایین و کەلتوورەکەمان بڕوای تەواوی بە پێکەوەژیانی ئایینی و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینەکانی دیکە هەیە. کوردانی ئێزدی نەتەوەیەکی ئاشتیخوازن و زیانیان بۆ کەس نییە و بڕوایان بە پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە وانی دیکەش هەیە. ئایینەکەمان فێری کردووین ڕێز لە هەموو ئایین و ئایینزایەکی دیکە بگرین و دوور بکەوینەوە لە دەمارگیری و توندوتیژی. هەرچەندە ئێمە لە قۆناغەکانی مێژوودا ٧٤ هێرش کراوەتە سەرمان و چەندین جار لە مێژووی کۆن و نوێدا بووینەتە قوربانیی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی گەورە، بەڵام هەرگیز بیرمان لە تۆڵەسەندنەوە نەکردووەتەوە، هەروەکو چۆن هەرگیز کار و ڕەفتاری کەسان و گرووپێکی ناشارەزا و دیاریکراومان لەسەر هەموو ئایین و ئایینزاکان حیساب نەکردووە. ئێمە وەکو میری کوردانی ئێزدی و لەگەڵ جڤاتی ڕۆحانی و کەسایەتییەکانی دیکەی کوردانی ئێزدی کار بۆ خزمەتکردنی ئەم پێکەوە ژیان و لێبووردەییە دەکەین. ئێمە خوازیاریـن خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین. یەک ملیۆن و نیو کوردانی ئێزدیمان هەیە، سوپاس بۆ خودا پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ هەمووان خۆشە. ئێزدییەکانی ئێمە لە کوردستانن، نەک تەنیا کوردستانی عێراق، بگرە لە کوردستانی سووریا و تورکیاش بوونێکی زۆرمان هەیە. بڵێ بە ئێزدییەکی سووریا، دەڵێت من خەڵکی فلان گوندم کە گوندێکی کوردستانە، بە ئێزدییەکی تورکیا بڵێ خەڵکی چ شوێنێکی؟ دەڵێ من خەڵکی دیاربەکر، یان مێردینم.

*** سەرۆک بارزانی وەکو مەرجەع و ڕابەری کورد بەردەوام لە خزمەتی پێکەوە ژیان و کەلتووری لێبووردەییدا بووە. هەڵگری عەقیدەی بارزان و درێژەپێدەری ئەو ڕێبازەی مەلا مستەفا**

**ئایینەکەمان فێری کردووین ڕێز لە هەموو ئایین و ئایینزایەکی دیکە بگرین و دوور بکەوینەوە لە دەمارگیری و توندوتیژی**

**لە قۆناغەکانی مێژوودا ٧٤ هێرش کراوەتە سەرمان و چەندین جار لە مێژووی کۆن و نوێدا بووینەتە قوربانیی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی گەورە، بەڵام هەرگیز بیرمان لە تۆڵەسەندنەوە نەکردووەتەوە**

**بارزانییە کە ڕێز و خۆشەویستی بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان هەیە. ئێوە وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستانی چۆن دەڕواننە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی لە پاراستنی ئەم پێکەوە ژیانە ئایینییە و ڕێزگرتن لە ئێزدییەکان؟**

- ئێمە هەڵوێستی سەرۆك بارزانی بەرانبەر بە ئێزدییەکان هەرگیز لەبیر ناکەین، کە فرمێسکی بۆ جینۆسایدی کوردانی ئێزدی ڕشت و هەڵوێستێکی پاڵەوانانەی هەبوو، پشتیوانیی ئێزدییەکانی کرد و هاوشانی ئێمە وەستا و تا چیای شنگال و شنگالی ئازاد نەکرد، لە بەرەکانی شەڕ نەگەڕایەوە. ئەم هەڵوێستەی جەنابیان هەرگیز لەبیر ناکەین. هەروەکو چۆن هەڵوێستی گەلی کوردستان و ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبیر ناکەین، کە دەرگەی ماڵ و مزگەوتەکان و کەنیسە و قوتابخانەکانیان بە ڕووی ئێزدییەکاندا کردەوە و لە ڕۆژە سەختەکاندا بە فریای کوردانی ئێزدی کەوتن. ئەو هاوکارییانە لە بەرزترین ئاستی ئەخلاقی و نیشتمانپەروەری و ئایینیدایە و هەرگیز لە بیری ناکەین و وەك ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەرمانە باسی بکەین. هاوکاری و پاڵپشتیکردنی کوردانی ئێزدی بە درێژایی تەمەنی بارزان بەردەوامی هەبووە. بەڕێز مەسرور بارزانی پشتیوانیی مەعنەوی و ماددیی خەڵکی ئێزدی کردووە، سەرباری ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی سەختی داراییدا بووە، هاوکات بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەردەوام هەموو پشتگیرییەکی بۆ ئێزدییان و پاراستنی مافەکانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دووپات کردووەتەوە، هەروەها دڵنیایی دا کە پرۆسەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوان و ئاشکراکردنی چارەنووسیان بەردەوام دەبێت و هەرچی پێویست بێت بۆ ڕزگارکردن و یارمەتیدانیان دریغی نەکردووە. بۆیە ئێمە لە کوردستان لەسەر خاکی باوك و باپیرانمان و لەگەڵ براکانمان لە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکە هیچ کێشەیەکمان نییە و ڕێز لە یەکتر دەگرین و پێکەوە دەژین.

*** بەڵام بە هۆی نائارامیی دۆخی شنگال و خراپیی خزمەتگوزاری و ئاوەدان نەکردنەوەی دەڤەرەکە و درێژەکێشانی مانەوەی کوردانی ئێزدی لەناو خێوەتگەی کەمپەکان، بەشێکی زۆری کوردانی ئێزدی کۆچی وڵاتانی ئەورووپا و جیهانیان کردووە، ئایا ئەمە زیانی بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردانی ئێزدی نییە؟**

- درێژەکێشانی مانەوەی خێزانەکانی کوردانی ئێزدی لەناو خەیمەی کەمپەکان بەگەرمی و سەرما و بێهیوابوونیان لە ئاساییبوونەوەی دۆخی شنگال و ناوچەکانیان، ئەوەندە بێ هیوای کردن، بۆیە ڕێگای کۆچیان بەرەو وڵاتانی ئەورووپا و جیهان گرتەبەر، بەتایبەتی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار کوردی ئێزدی لەو وڵاتە نیشتەجێن و ئەوانی دیکە کە خۆیان لە ٦٠٠ هەزار کەس دەدات بەسەر وڵاتانی ئەمریکا و فەرەنسا و سوید و کەنەدا و ڕووسیا دابەش بوون. ڕەنگە ئەو پرسیارەتان لا دروست بێت، بەوەی بۆچی کوردانی ئێزدی زیاتر ڕوو لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکەن؟ ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەڵمانەکان تاوانەکەی داعشیان بە جینۆساید ناساند، بە جینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان لەلایەن پەرلەمانی ئەڵمانیاوە زۆر گرنگە و باوەڕ ناکەم لە ١٠٠ساڵی ڕابردوودا لە هیچ پرسێکدا ١٠٠٪ی پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا بەو شێوەیە هاوڕا بووبن. دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا دەستخۆشیم لێکردن بۆ پەسندکردنی ئەو بڕیارە و گوتم: وەکو حکومەت ئەوەی لە دەستتان دێت بیکەن، با ئەو بڕیارە هەر لەسەر کاغەز نەبێت، ئەوانیش گوتیان هەرچی لە دەستمان بێت، وەکو حکومەت دەیکەین، هەروەها گوتیان کار بۆ شنگالیش دەکەین و ئاوەدانی دەکەینەوە. ئێمە و کوردانی ئێزدی زۆر کەیفمان بەوە هات، ئەوە بڕیارێکی مێژوویی و گرنگ بوو کە ئەڵمانیا دەری کرد. پێش ئەڵمانیاش ١٢ وڵاتی دیکە کۆمەڵکوژیی ئێزدییانیان بە جینۆساید ناساندووە، بە شێوەیەکی گشتی دەستخۆشی دەکەین لە حکومەت و پەرلەمان و پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتانە و بەتایبەتی ئەڵمانیا کە لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ ئێمە بەردەوام بوون بۆ دەرکردنی ئەو بڕیارە مێژووییە. من پێموایە زۆر سوود لەو بڕیارە دەبینین بەتایبەتی بۆ شنگال و ئاوەدانکردنەوەی، بەتایبەتی

**هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بەرانبەر بە ئێزدییەکان هەرگیز لەبیر ناکەین، کە فرمێسکی بۆ جینۆسایدی کوردانی ئێزدی ڕشت و هەڵوێستێکی پاڵەوانانەی هەبوو**

**بەڕێز مەسرور بارزانی پشتیوانیی مەعنەوی و ماددیی خەڵکی ئێزدی کردووە، سەرباری ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی سەختی داراییدا بووە**

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەردەوام هەموو پشتگیرییەکی بۆ ئێزدییان و پاراستنی مافەکانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دووپات کردووەتەوە**



لەبواری مەعنەوییەوە بەجینۆسایدناساندن زۆر گرنگە بۆ ئێمە. بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراق ددانی بە جینۆسایدەکەدا نەناوە و بەپێی پێویست قەرەبووی خێزانەکانی کوردانی ئێزدییان نەکردووەتەوە. ئەمڕۆ کوردانی ئێزدی لە شنگال و ناوچە وێرانکراوەکانیان هەلی کاریان کەمە. من سەردانی سەرجەم کەمپەکانم کردووە و بە چاوی خۆم بینیومە کە خێزانەکانی کوردانی ئێزدی لە چ بارودۆخێکی دژواردان، بۆیە بە مەجبوورییەوە ڕوو لە هەندەران دەکەن، ئەمەش مەترسییەکی زۆر گەورەیە و هەڕەشەیە لەسەر لەناوچوونی خاکی کوردانی ئێزدی، ئەمەش هەمووی بە هۆی نەمانی باوەڕی کوردانی ئێزدییەوەیە لە ئایندەیان لەم وڵاتە. ئەوە ١٠ ساڵە کەمپەکان بەو شێوەیەن، دوو وەزیری حکومەتی عێراق نەهاتوون سەردانێکیان بکەن. دوو وەزیر نەهاتوون بڵێن: چی بکەین بۆ ئەم کەمپە؟ ئایا ئەوان ئێمە بە عێراقی هەژمار ناکەن؟ ئێمە گلەییەکی زۆرمان لە حکومەتی عێراق هەیە. لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق نزیکەی کاتژمێرێك و ١٥ خولەك کۆبووینەوە، پێم گوتن: بۆچی ئێزدی لە چاوی ئێوە بچووکن؟ ئێمە هاووڵاتین، ئێمە میوان نین لە عێراق. هەزاران ساڵە باوك و باپیرانمان لە عێراقن، ئێمە لە کوردستان بووین. کاك مەسعود بە ئێمە دەڵێ: ئێوە بەشە ڕەسەنەکەی ئێمەن. دەڵێ ئێزدییەکان کوردی ڕەسەنن. ئەی عێراق بۆچی وایە؟ با وەزیرێك بێت، بڵێ چیتان دەوێ و چیتان ناوێ؟

*** دوای تێپەڕبوونی ١٠ساڵ بەسەر جینۆسایدی خوشك و برا ئێزدییەکانمان هەتا ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئاوارە لە کەمپەکانی دهۆك و زاخۆ دەژین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە نزیکەی هەشت ساڵە تیرۆریستانی داعش کۆتاییان هاتووە، ئەو ئاستەنگانە چین کە ڕێگرن لەوەی ئەو ئاوارانە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و چیدی ڕوو لە هەندەران نەکەن؟**

- نەتەوەیەك ٧٤ جار کۆمەڵکوژی دەرهەق کرابێت و ئەو هەموو شەهید و بریندارەی هەبێت و ٦٥٠٠ خوشك و دایکی ئێمە کەوتبوونە دەستی داعش و زیاتر لە ١٠ ساڵیشە ئاوارەکانمان لەناو کەمپدا دەژین، زۆربەی ڕوفاتی کوردە ئێزدییەکان هەڵ نەدراوەتەوە، تاکو ئەمڕۆش شنگال ئاوەدان نەکراوەتەوەو وێران بووە و گەلێك تەعەدا لە ئێزدیان کرا و تاکو ئێستاش هەر بە شێوازی جیاواز بەردەوامی هەیە و، گوتاری توندوتیژی و دەمارگیری لە ناوچەکانمان و دەوروبەرمان بڵاو بووەتەوە، لەم بارودۆخە دژوارەدا کوردانی ئێزدی بڕوایان بە دواڕۆژ نەماوە، بۆیە هەتا ئێستا ئێزدییەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ شنگال و لە خێوەتگەکان ماونەتەوە. پێویستە حکومەتی عێراق جددییانەتر مامەڵە لەگەڵ ئێزدییەکان و دۆسێی شنگال بکات و چارەسەرێکی واقیعی

**بە جینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان لەلایەن پەرلەمانی ئەڵمانیاوە زۆر گرنگە و باوەڕ ناکەم لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە هیچ پرسێکدا ١٠٠٪ی پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا بەو شێوەیە هاوڕا بوون**



بۆ بدۆزێتەوە، چونکە دۆخی شنگال، دۆخێکی جیاوازە و پێویستە چارەسەری دۆخی سەربازی و سیاسی بۆ شنگال بکرێت.

*** ڕێککەوتنی شنگال بە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و نەتەوە یەکگرتووەکان ئیمزا کراوە، ئەو ڕێککەوتنە بۆ جێبەجێ ناکرێت؟**

- شنگال بۆ ئێمە گەلێك گرنگە و بڕبڕەی پشتی ئێزدییانە، پێش هەموو شتێك پێویستە کوردانی ئێزدی لە ڕێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق لە شنگال بپارێزرێن، بە واتایەکی دیکە دەبێت ڕێککەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر بوونی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە هاوبەشی بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی کوردی ئێزدی لە شنگال جێبەجێ بکرێت، دواتر دوای ئەوەی ناوچەکانمان ئارام و سەقامگیر بوونەوە و بڕوامان بە بوونی ئارامی و ئەمنیەت کرد، ئەو کات پێویستە خێزانە کوردە ئێزدییەکان بگەڕێنەوە، نەوەکو جارێکی دیکە جینۆساید بکرێین لەسەر دەستی توندڕەوەکان، ئەوجا بابەتی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانمان و قەرەبووکردنەوەمان دێتە پێشەوە، دوای ١٠ ساڵ خێزانێکی کوردی ئێزدی شنگال ناچێتەوە سەر ماڵ و حاڵی وێران و بێ ئاوەدانکردنەوە و بێکاری، بۆ ئەمەش سەرەتا پێویستە دامەزراندن لەناو هێزی سوپا و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و پۆلیس لە کوردانی ئێزدی و خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکانمان بێت. لەسەر ئەم پرس و بابەتە هەستیارانە چەندین جار لەگەڵ جڤاتی ڕۆحانی و شاندێکی کوردانی ئێزدی قسە و گفتوگۆمان لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا لە پەرلەمان و حکومەت و دۆستەکانمان ئەنجام داوە و هەموو جارێکیش بەڵێنمان پێ دەدەن، بەڵام جێبەجێکردنی بەڵێنەکان لەسەر ئەرزی واقیع لاوازە. چەندین پارێزگا و قەزا و ناحیە و شارۆچکە لەسەر دەستی داعش وێران و خاپوور کران و دواتر عێراق ئاوەدانی کردنەوە، تەنیا شنگال نەبێت ئاوڕی لێ نەدرایەوە. تەنانەت حکومەتی عێراقی فیدراڵ کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال، تاوەکو بارودۆخی شنگال لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئەمنییەوە سەقامگیر نەبێت و ڕێکەوتنەکە لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق جێبەجێ نەکرێت، بارودۆخی ناسەقامگیریی شنگال و ئاوەدان نەکردنەوەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەتایبەتی کە حکومەتی عێراقی فیدراڵی هاوکارییەکانی کەمە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش هاوکارییەکانیان کەم کردووەتەوە. ڕەنگە هەڵکەوتەی جوگرافیای شنگال وای کردووە، گەلێك وڵاتانی ناوچەکە تەماحیان لە خاکی کوردانی ئێزدی هەبێت.

**حکومەتی عێراق ددانی بە جینۆسایدەکەدا نەناوە و بەپێی پێویست قەرەبووی خێزانەکانی کوردانی ئێزدییان نەکردووەتەوە**

دکتۆر دڵشاد مەحموود گەڵاڵی
پسپۆڕ لە فقهی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# ئیسلامی سیاسی لە ڕێگەی سۆزی دینداری و هەنگاوە ژەهراوییەکانیانەوە دەیانەوێت خەڵک و کۆمەڵگەی کوردی موسڵمان هەڵخەڵەتێنن

## لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا حزبایەتی بە ناوی ئیسلامەوە حەرامە، بە بەڵگەی ئەوەی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا پارچە پارچەیی و بوون بە گرووپی جیاواز و دووبەرەکی قەدەغەیە

لە دوای نەمانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، پاشان ئەو فکرە بووە جیهانی و بووە هۆکاری ئەوەی کە ئیسلام بۆ سیاسەت و عیبادەت دابەش بکەن، ئەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر ئیسلام دروست دەکات، لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر دڵشاد مەحموود گەڵاڵی پسپۆڕ لە فیقهی ئیسلامی و یاسای تایبەت، وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی عومەری بن خەتاب لە هەولێر ئەنجام دا.



*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلمین لە میسر دامەزرا، بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش ببێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنە تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- خۆی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا حزبایەتی بە ناوی ئیسلامەوە حەرامە، بە بەڵگەی ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پارچەپارچەیی و بوون بە گرووپی جیاواز و دووبەرەکیی قەدەغە کردووە، وەك خودای گەورە دەفەرموێت: (واعتصموا بحبل الله جمیعا ولا تفرقوا) واتە هەمووتان دەست بە ڕشتە و ڕێبازی خوداوە بگرن و پچڕ پچڕ و لێکترازو مەبن. ئینجا لەبەر ئەوەی ئەم دابەشبوونە سەر دەکێشێت بۆ دووبەرەکی و تەفرەقەی حزبایەتی و گرووپ گرووپێنە، ئەوەش لە ناو دینی ئیسلامدا حەرامە، جیا لەوەش ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینێکی ئومەمی و گشتییە، ئایینێك نییە کورت کرابێتەوە لە گەلێکدا، بەڵکو ئیسلام دینێکی جیهانی و عالەمییە، بۆیە دروستکردنی حزب بە ناوی ئیسلامەوە بچووککردنەوەی ئیسلامە لە دینێکی جیهانییەوە بۆ دینی گرووپ و تاقمێك، ئەوەش زەرەری زۆرە بۆ ئیسلام و موسڵمانان. ئیسلام لە بەرئەوەی گەورەیە پێویستی بەوە نییە حزبێك و لایەنێك بێن بە خەڵکی بناسێنن و خەڵکی بێننە ناوی، چونکە دینی ئیسلام خەڵك هەر بە فیترەتی خۆی قەبووڵی دەکەن و کاری پێ دەکەن و بەڵگەشمان زۆرن. من دەپرسم: ئایا پێش پەیدابوونی

گرووپ و دەستە و تاقمی ئیسلامی سیاسی، خەڵك دیندارتر و خوداناستر بوو، یان ئێستا؟ من بیرم دێت کە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خەڵك سۆز و خۆشەویستی و ئیشتیاقی زۆرتر بوو بۆ دین و خوداپەرستی نەك ئێستا، کە تەفرەقە و دووبەرەکی بە ناوی ئیسلامەوە هەیە، ئەو کات خەڵك هەر نەیاندەزانی حزبی ئیسلامی چییە. پێم سەیرە خودا یەك خودایە و پێغەمبەری ئیسلامیش هەر یەك پێغەمبەرە و قورئانیش یەك قورئانە، ئەی ئەم هەموو گرووپ و تاقمە جیاوازانە لەپای چی؟

*** بەپێی ئەم مێژووەی ئیخوان موسلمین، ئەوە دەرکەوتووە کە فیکری ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادات، پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، ئایا سڕینەوەی ئینتیما و پیرۆزییەکانی نیشتمانی چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

- خۆی ئایین و نەتەوە دوو چەمکی پێکەوە گرێدراوی یەکترن، نە ئایین لە نەتەوە جیایە و نە نەتەوەش لە ئایین جیایە، هەردووکیان بە یەکەوە گرێ دراون. پێغەمبەرمان سۆزی نەتەوایەتیی هەبووە و دەریبڕیوە کاتێك لە مەککە کۆچی کرد بۆ مەدینە، فەرمووی «ئەی مەککە سوێند بە خودا تۆ خۆشەویستترین پارچە زەوی و پیرۆزترین خاکی لای من، ئەگەر دانیشتووانت منیان دەرنەکردبا، جێم نەدەهێشتی». من نیشتمانم نەبێت و نەتەوەم نەبێت، چۆن خوداپەرستیم پێ دەکرێت؟ ئەو چرایەی بە تەمای چرای دراوسێ دادەگیرسێت هەردەم کوژاوەیە، ئەگەر خاك و نەتەوەم نەبێت، مزگەوت و خوداپەرستیشم نابێت. جگە لەوەش ئێستا گوایە ئوممەی ئیسلامی هەیە لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، بانگەشە بۆ ئوممەیەکی ئیسلامی و ئوممەیەکی بێ جیاوازی دەکەن، گوایە هەمووی یەکە و تەبا و برایە! ئەی ئەگەر وایە، بۆ بیست و دوو دەوڵەتی عەرەبی هەیە و هەر کەسە و ماڵ و حاڵی خۆی هەیە، تەنیا بە کوردی ڕەوا نابینن وڵاتی خۆی هەبێت و بە ئاسوودەیی لە ماڵی خۆیدا دابنیشێت، ئەوان لە لایەك دەڵێن موسڵمانان هەموویان برای یەکترن، لە لایەکی دیکەش دەڵێن ئەو برایەم دەبێ بچەوسێندرێتەوە و بەر تۆپ و تەیارە و تانك بکەوێت و ماڵی وێران ببێت و ژێردەست و کۆیلە و داماو بێت، لە کاتێکدا پێغەمبەرمان فەرموویەتی «هیچ کەسێك لە ئێوە باوەڕی تەواوی نابێت، تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برای موسڵمانیشی پێ خۆش نەبێت»، ئەی کوا؟ کوا جێبەجێکردنی ئەم چەمکە؟ هەر لە زووەوە خەڵکانێك ویستوویانە بە ناوی دین و دینداریییەوە سۆزمان بجووڵێنن و فێڵمان لێ بکەن، خۆیان ئازاد بن و ئێمەش بە کۆیلە و ژێردەست سەیر بکەن، ئینجا بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەیان هاتوون دەیان و سەدان گرووپی دینییان دروست کردووە، بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەم نیازە چەپەڵەیان بۆ بکەن و فێڵەکانیان لەم ڕێگەیەوە سەر بگرێت و بگاتە مەبەست.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەیە، بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات؟**

- ئێمە وەك گەلی کورد نەك هەر لە یەك ڕووەوە، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە خزمەتمان بە موسڵمانان و ئوممەی عەرەبی کردووە، هەزاران زانای گەورە و بەتوانامان پێشکەش بەوان کردووە. سەلاحەدینی ئەیوبییەکمان پێشکەش کردن کە قودسی بۆ ڕزگار کردن، ئوممەی عەرەبی ئێستاشی لەگەڵدابێت نەیانوێراوە و ناشوێرن نووقەیەك بەرانبەر بە جوولەکە بکەن، ئینجا لەگەڵ ئەمەشدا بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە مێژووی گەلی کورد بشێوێنن، بۆیە ئێستاش ئەم کارە لە ڕێگەی هەندێك گرووپی ئیسلامی سیاسییەوە دەکەن و دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەم هەنگاوە ژەهراوییانەیان جێبەجێ بکەن، بەم گرووپ و تاقمانە لە ژێر سێبەری سۆزی دینداریدا خەڵکی هەڵخەڵەتێنن و مێژوومان بشێوێنن، چونکە لە ڕاستیدا عەرەبە شۆڤێنییەکان هیچ کاتێك نەیانویستووە مێژووی گەلی کورد دیار و ئاشکرا ببێت، ئینجا هاتوون لە ڕێگەی دینەوە ئەم مەرامەیان جێبەجێ کردووە، ئەگینا شاردنەوە و شێواندنی مێژووی گەلێکی خاوەن سەروەری جگە لە نیازی گڵاو و دوژمنکاری چیتر لەخۆ دەگرێت و چ تەفسیرێك هەڵدەگرێت.

**دروستکردنی حزب بە ناوی ئیسلامەوە بچووککردنەوەی ئیسلامە لە دینێکی جیهانییەوە بۆ دینی گرووپ و تاقمێک، ئەوەش زەرەری زۆرە بۆ ئیسلام و موسڵمانان**

**ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خەڵک سۆز و خۆشەویستی و ئیشتیاقی زۆرتر بوو بۆ دین و خوداپەرستی نەک ئێستا، کە تەفرەقە و دووبەرەکی بە ناوی ئیسلامەوە هەیە، ئەو کات خەڵک هەر نەیاندەزانی حزبی ئیسلامی چییە**

**هەر لە زووەوە خەڵکانێک ویستوویانە بە ناوی دین و دینداریییەوە سۆزمان بجووڵێنن و فێڵمان لێ بکەن، خۆیان ئازاد بن و ئێمەش بە کۆیلە و ژێردەست سەیر بکەن**

**ئێمە وەک گەلی کورد نەک هەر لە یەک ڕووەوە، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە خزمەتمان بە موسڵمانان و ئوممەی عەرەبی کردووە، هەزاران زانای گەورە و بەتوانامان پێشکەش بەوان کردووە**



*** حزبە ئیسلامییەکان پرۆسەیەك بەڕێوە دەبەن، وەك ئەوەی بیانەوێت سەرلەنوێ کۆمەڵگەی کوردستان بە ئیسلام بکەنەوە، ئایا دەکرێت ئیسلامەتی تەنیا ئەو ئیسلامە بێت کە حزبە ئیسلامییەکان پێناسەی دەکەن؟**

- ئەوە ڕاستە، زۆریشیان زۆرجار ئەوەیان دووپات کردووەتەوە و گوێمان لێیان بووە کە گوتوویانە تائێستا باب و باپیرانمان لە گومڕاییدا بوون و ڕەنجیان بەفیڕۆ داوە. گەنجی زۆرمان بینیوە کە دەستی کردووە بە خوداناسی و دەستی کردووە بە پابەندبوون، پێیان گوتووە (الحمدللە) خودا هیدایەتی دایت، لە کاتێکدا ئەم گەنجە پێشتریش نوێژی کردووە و ڕۆژووی گرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەچووەتە ناو ڕیزەکانی ئەوان، گومڕا بووە و سەرلێشێواو بووە و تازە خودا هیدایەتی داوە و بووە بە موسڵمان. ئەوەی لە ناو بازنەی حزبەکەی ئەواندا نەبێت، بە موسڵمانی مولتەزیم و ئیمانداری ڕاستی نازانن، نموونەشمان زۆرە بۆ ئەمە، بۆ نموونە هەر خۆبەخۆیان ئیخوان لای سەلەفی بە موسڵمانی ڕاست هەژمار ناکرێت و سەلەفییش لای ئیخوان قەبووڵکراو نییە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ئەم گرووپانە پەیڕەوانی گرووپێکی دیکەیان پێ موسڵمانی تەواو نییە، ڕق و دووبەرەکی و ڕەفزکردنی یەکتری لە نێوانیاندا هەیە.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسیدا پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی (فتوا)دانە، لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیر ئەلموئمنین فتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت هەر کەسێك دەتوانێت فتوا بدات و خەڵك بکوژێت. ئایا ئەمە بێماناکردنی فتوا و دروستکردنی ئاژاوە نییە لە کۆمەڵگەدا؟**

- فتوادان کارێکی سادە نییە و هەموو کەسێك ئەهلی فتوادان نییە، بەڵکو فتوادان و موفتی مەرجی خۆی هەیە، ئەو فتوایانەی کە ئەوان (گرووپە ئیسلامییە سیاسییەکان) دەیگۆڕن و دایدەڕێژنەوە، لەبەر ئەوەیە فتوای زانا بەرز و خاوەن زانستەکان لەگەڵ بەرنامە و ئەجینداى ئەماندا یەك ناگرێتەوە، بۆیە دێن سەرلەنوێ فتوایەکی دیکە دادەڕێژنەوە بۆ ئەوەی لایەنگرانیانی پێ لەخشتە ببەن و بۆیان بشەرعێنن، فتوای هەڵەش کاولکاریی زۆری بەدواوەیە.



پڕۆفیسۆر جەیمس لیبۆڤیج بۆ گوڵان:

# داگیرکردنی ناوچەی کورسک دەرئەنجامی خوازراوی لێ نەکەوتووەتەوە بۆ ئۆکرانیا

# دیمانەی تایبەت

**جەیمس لیبۆڤیج، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و کاروباری نێودەوڵەتییە لە قوتابخانەی ئیلیبیۆت بۆ کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، کە تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی و دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و ململانێ نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی دەڵێتەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد لەبارەی دۆخی ئێستای جیهان و ئەو شەڕ و قەیرانانەی هاتوونەتە ئاراوە و هەروەها شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بەتایبەتی پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە و دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی خاکی ڕووسیا لە لایەن سوپای ئۆکرانیا و پێشڕەوییەکانی سوپای ڕووسیا لە هەندێ ناوچەی نێو خاکی ئۆکرانیا و ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە و، ئایا بەرەو بەرفراوانتربوون دەچێت، یان ئەگەری گرتنەبەری ڕێگەچارەیەکی دیکە هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕە.**

*** وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەند لە بواری کاروبارە نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئایا چۆن لە بارودۆخی ئێستای جیهان دەڕوانن بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە ئێستادا شەڕی کاولکاری ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئیسرائیل و حەماس و بارگرژیی نێوان چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چەندین پێشهاتی دیکەی نیگەرانکار لە ئارادان، ئایا ئەمانە پێمان ناڵێن کە تاریکی باڵی بەسەر ئاسۆی جیهاندا کێشاوە؟**

- ڕەنگە من دەستەواژەی تاریك بەکار نەهێنم، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی لە ئێستادا لە ئارادایە و دەگوزەرێت مایەی مەترسییە، کە ئاشکرایە لە چەندین بەرەوە بارگرژی هەیە لە جیهاندا، کە دوو لەم بارگرژییانە تەقیونەتەوە، ئەوەتا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا زیاتر هەڵکشاوە و ئاسۆی ئەگەری گەیشتن بە سازشێك بەدی ناکرێت کە مایەی قبووڵکردن بێت لەلایەن هەردوولایەنی شەڕەکەوە، کەواتە پێدەچێت تا ئایندەیەکی نزیکیش ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچێت. ئەوەتا سوپای ئۆکرانیا دەستی گرتووە بەسەر بەشێك لە خاکی ڕووسیادا کە نزیکەی ٤٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە دەبێت، هەروەها ئۆکرانیا هێرشێکی گەورەی بە فڕۆکەی بیفڕۆکەوان کردە سەر پایتەختی ڕووسیا (مۆسکۆ) کە هەموو ئەم پەرەسەندنانە پێمان دەڵێن و ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم شەڕە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەتی کە ڕووسیاش هێرش و بۆردومانەکانی چڕ کردوونەتەوە. بە هەمان شێوە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش مایەی مەترسییە، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ناکۆکی و بارگرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا، هەروەها ئیسرائیل و ئێرانەوە.

**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا زیاتر هەڵکشاوە و ئاسۆی ئەگەری گەیشتن بە سازشێک بەدی ناکرێت کە مایەی قبووڵکردن بێت لەلایەن هەردوولایەنی شەڕەکەوە**

**بڕیاری ڕووسیا بۆ پەنابردنەبەر داگیرکردنی ئۆکرانیا بڕیارێکی نادروست بوو و ڕووسیا بە هەڵەداچوو لە پێشبینییەکانیدا**

**سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) خەونی نەک هەر تەنیا دەستبەسەرداگرتنی خاکی ئۆکرانیای هەبوو، بەڵکو چاوی لەوەش بوو خاکی زیاتر لە دەرەوەی ئۆکرانیاش کۆنترۆڵ بکات**

**لە ئێستادا ڕووسیا دەیەوێت ئەوەی بەدەستی هێناوە جێگیر و مسۆگەری بکات و بیچەسپێنێت، بە ئومێدی ئەوەی کە دەرفەتی بۆ دروست ببێت، تاوەکو بەرفراوانتریان بکات**

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئێمە دەزانین کە ئەوروپا بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ لە دۆخی سەقامگیری و ئاشتیدا بووە و ئەگەری شەڕ ئەگەرێکی گەورە نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی ڕووسیا دەستی کرد بە داگیرکاریی ئۆکرانیا، ئەوەتا ئەم شەڕەش درێژەی کێشاوە، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکار چی بوو هەموو ئەمانە هاتنە ئاراوە و چ هەڵەیەك ڕووی دا؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین دۆخەکە بەوە لێك بدەینەوە کە ئەنجامی هەڵەیەك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بڵێین کە بڕیاری ڕووسیا بۆ پەنابردنەبەر داگیرکردنی ئۆکرانیا بڕیارێکی نادروست بوو و ڕووسیا بە هەڵەداچوو لە پێشبینییەکانیدا، چونکە پێی وابوو دەتوانێت بە ئاسانی حکومەتی ئۆکرانیا بڕووخێنێت و بە خێرایی دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرێت، بەتایبەتی کە لە سەرەتادا هێزەکانی بەرەو پایتەختی ئۆکرانیا (کییڤ) پێشڕەوی پێ کرد. واتە بە هەڵەداچوونێك لەوەدا ڕووی دا کە پێشبینی ئەو بەرگرییە بەهێزەی گەلی ئۆکرانیایان نەکرد و پێیان وا نەبوو خەڵکی ئۆکرانیا ئەوەندە بەئیرادەن. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا لەم پرسە بڕوانین، ئەوا نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) خەونی نەك هەر تەنیا دەستبەسەرداگرتنی خاکی ئۆکرانیای هەبوو، بەڵکو چاوی لەوەش بوو خاکی زیاتر لە دەرەوەی ئۆکرانیاش کۆنترۆڵ بکات، ئەویش وەك بەشێك لە پلانەکەی بۆ دووبارە زیندووکردنەوە و گەڕاندنەوەی یەکێتیی سۆڤییەت، چونکە پێشتریش ئاماژەی بەوە کردبوو کە سەرکردەکانی ڕووسیا دەستبەرداری ئەو خاکانە بوون. بەهەر حاڵ ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ڕووسیا تووشی دژواری بووەتەوە لە بەدیهێنانی خواستەکانیدا، مەزەندەی من ئەوەیە کە لە ئێستادا ڕووسیا دەیەوێت ئەوەی بەدەستی هێناوە جێگیر و مسۆگەری بکات و بیچەسپێنێت، بە ئومێدی ئەوەی کە دەرفەتی بۆ دروست ببێت، تاوەکو بەرفراوانتریان بکات.

*** ئەگەر بە دیاریکراوی باس لە پەرەسەندنەکانی ناوچەی کورسك بکەین لە نێو خاکی ڕووسیا، کە سوپای ئۆکرانیا پێشڕەوییەکی زۆری تێدا کردووە، کە ئەمە پێشهاتێکی پێشبینی نەکراو بوو، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگیی ستراتیژیی ئەم ناوچەیە چییە بۆ ئەوەی ئۆکرانیا بەو شێوەیە بە ئامانجی بگرێت؟**

- لە ڕاستیدا تەمومژییەك هەیە لەم بارەیەوە و ئۆکرانیاش زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوی باسیان لە پاڵنەر و هۆکارەکانی ئەم هێرشە نەکردووە، هەرچەندە مەزەندەی ئەوە کرا، کە ئۆکرانیا دەیەوێت دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە بکاتە کارتێك و لە میانەی گفتوگۆکاندا بەکاری بهێنێت. بەهەر حاڵ ئەوەی بەدیمان کرد ئەوە بوو کە سوپای ئۆکرانیا پێشڕەوییەکانی لەم ناوچەیەدا بەکار هێنا بۆ هێرشکردنە سەر پرد و بنکە ئاسمانییەکان، وەك هەوڵێك بۆ لاوازکردنی تواناکانی ڕووسیا و بۆ ئەوەی ڕووسیا نەتوانێت لەوێوە هێرش بکاتەسەر خاکی ئۆکرانیا. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە ئۆکرانیا چاوەڕوانی ئەوەی کرد کە بە هێرشکردنە سەر ناوچەی کورسك، ڕووسیا ناچار دەبێت هێزەکانی لە ناوچە و بەرەکانی دیکەی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیایەوە بگوازێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە، بەم شێوەیەش هەندێ لە فشار و قورساییەکانی سەر ئەو بەرەی شەڕانە کە ڕووسیا تێیدا پێشڕەوی دەکات، کەم بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەوە بەدی ناکرێت کە ڕووسیا بەشێك لە هێزەکانی جووڵە پێ کردبێت و بۆ ئەم مەبەستە گواستبێتیەوە، واتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا ئۆکرانیا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ڕووسیا جێگۆڕکێ بە هەندێ لە هێزەکانی بکات، بەڵام ئەم دەرئەنجامە بەدی نەهات و ئەمەش مایەی نائومێدی بووە بۆ ئۆکرانیا.

*** کەواتە ڕەوایە بڵێین لێرەدا ئۆکرانیا بە هەڵەدا چوو، کە نەیتوانی ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت لەم هێرشەیدا و دۆخەکە بەو شێوەیە نەکەوتەوە کە چاوەڕوانی بوو، ئایا لەم ڕووەوە ئۆکرانیا لەم هەوڵەیدا دەست بەتاڵیی پێ بڕا؟**

- من دەڵێم سەرباری ئەوەی کە دۆخەکە بە خواستی ئۆکرانیا نەشکایەوە و ڕێچکەی نەگرت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئۆکرانیا دەست



بەتاڵ لێی دەرنەچوو، بەڵکو دەستکەوتی سەربازیی بەدەست هێنا، کە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، هێرشی کردە سەر پرد و بنکە ئاسمانییەکانی ئەو ناوچەیە و چەندین سەربازی ڕووسیای بەدیل گرت، کە دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕیان پێ بکەن بە دیلەکانی خۆیان. کەواتە دەتوانین بڵێین سوپای ئۆکرانیا بەم هێرش و پێشڕەوییەی بۆ نێو ناوچەی کورسك (بەتایبەتی کە لە ئێستادا هێڵی بەرگری لێ دەدەن تێیدا) توانیویەتی لە چوارچێوەیەکی تا ڕاددەیەك سنووردار دا هەندێ ئامانج بەدی بهێنێت، بەڵام هەروەك باسمان کرد، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر بەرەکانی دیکەی شەڕ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا، بەتایبەتی کە سوپای ڕووسیا پێشڕەوی بەرەو هەندێ ناوچەی زۆر گرنگ و ستراتیژی دەکات، کە ئەم پێشڕەوییانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر لاوازکردنی تواناکانی سوپای ئۆکرانیا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە ڕەنگە یەکێك لە پاڵنەرەکانی ئۆکرانیا بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە ئەوە بێت، وەك کارتێك بەکاری بهێنێت لە میانەی گفتوگۆکانی پەیوەست بە کۆتاییهێنان بە شەڕەکەوە، ئەگەر گفتوگۆیەکی لەم چەشنە ئەنجام بدرێت، ئایا دەکرێت درێژەکێشانی دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناوچەیە لە لایەن ئۆکرانیاوە ببێتە هۆی ئەوەی بتوانرێت بەم شێوەیە بەکار بهێنرێت؟**

- من دووپاتی دەکەمەوە کە پێم وانییە لە ئاسۆی ئایندەی نزیکدا ئەگەرێك بەدی بکرێت بۆ هەوڵدان بۆ هێنانە ئارای گفتوگۆ و سازشێك، چونکە ئێمە لە دۆخ و گۆڕەپانی شەڕەکە بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە ڕووسیا دەستی بەسەر بەشێکی گەورە و بەرفراوانی خاکی ئۆکرانیادا گرتووە، هەروەها کۆنترۆڵی ڕێڕەوێکی تەواوی لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیاوە کردووە کە دەگاتەوە هەرێمی کریمیا.

**سەربارى ئەوەی کە دۆخەکە بە خواستی ئۆکرانیا نەشکایەوە و ڕێچکەی نەگرت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئۆکرانیا دەست بەتاڵ لێی دەرنەچوو، بەڵکو دەستکەوتی سەربازیی بەدەست هێنا**

### پرۆفیسۆر یانیس ستیڤاچتیس بۆ گوڵان:

# داگیرکردنی بەشێکی خاکی ڕووسیا دۆخێکی زۆر مەترسیداری خوڵقاندووە

یانیس ستیڤاچتیس، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنیی ڤێرجینیا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی پێشهات و پەرەسەندنەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بەتایبەتی دوای ئەوە سوپای ئۆکرانیا لە هێرشێکی کتوپڕدا دەستی گرت بە سەر پانتاییەکی بەرچاوی خاکی ڕووسیادا، و پرسی ئەوەی ئایا ئەمە چ گرنگییەکی هەیە لەسەر ڕەوت و ڕێڕەوی شەڕەکە و ئایا کاردانەوەی ڕووسیا چی دەبێت کە تا ئێستا پەرچەکردارێکی گەورەی ئەنجام نەداوە و پتر هێرشەکانی لەسەر بەرەکانی دیکەی شەڕەکە چڕکردووەتەوە، ئەمانە و چەند پرس و بابەتی دیکەی پەیوەندیدار ناوەرۆکی ئەم گفتوگۆیە بوون.

## دیمانەی تایبەت



*** لەگەڵ درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕی پێشبینی نەکراو لەم شەڕەدا بەدی هاتوون، ڕەنگە یەکێك لەو پەرەسەندنانەی مایەی سەرسوڕمان بێت بۆ خودی ڕووسیا، ئەوەیە کە نەك هەر سوپای ئۆکرانیا دانەڕووخاوە و تێکنەشکاوە و نەك هەر بەرگرییەکی سەرسەختانەی کردووە، بەڵکو هەندێ هێرش بۆ نێو قووڵایی خاکی ڕووسیادا ئەنجام دەدات و لەم ماوەی چەند هەفتەی ڕابردووشدا دەستی بەسەر ناوچەی کورسك لە نێو خاکی ڕووسیادا گرت، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە ئەوە یەکلا بکەینەوە کە ئایا گرنگی و بایەخی ستراتیژی و سەربازیی ئەم ناوچەیە چی بوو بۆ ئۆکرانیا بۆ ئەوەی بیکاتە ئامانج و دەستی بەسەردا بگرێت، هەندێ لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئامانجی ئۆکرانیا کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی وێستگە ئەتۆمییەکەی ئەو ناوچەیە بێت، بەڵام هەروەك دەزانن ئەم وێستگەیە نزیك نییە لە ناوچە سنوورییەکانەوە، هەروەها من باوەڕم وا نییە کە ئۆکرانیا هێزی مرۆیی پێویستی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم وێستگە ئەتۆمییە داگیر بکات. خۆ ئەگەر ئێستا لە پەرەسەندنی دۆخ و هەلومەرجەکە بڕوانین، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئۆکرانیا شێوازێکی سەیری شەڕکردنی گرتووەتەبەر کە بەرجەستە دەبێت لە پێشڕەویکردن بە بێ بوونی ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراو، کە ئەمەش ئەوەندەی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، سوپای ڕووسیاش ئامادەی ئەم جۆرە شەڕە نەبوو، هەر ئەمەش هۆکاری

ئەوەیە کە سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری لەو ناوچەیە ڕاگەیاند، لەبری گرتنەبەری ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە لە پەیوەندی بە ناوچەی (کورسك)ـەوە، ئەوا پێم وانییە ئەوەی ئۆکرانیا ئەنجامی دا، ئۆپەراسیۆنێکی ئاسایی بێت کە لە ڕووی سەربازییەوە کە پێی ئاشناین.

*** مەبەستتان چییە کە دەڵێن ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسایی نەبووە و جۆرێك نەبوو لەو ئۆپەراسیۆنانەی کە پێی ئاشناین لە بواری سەربازیدا؟ ئایا دەکرێت بڵێین ئۆکرانیا بیری لە ڕێگاچارەیەکی ژیرانە کردەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، یان هەروەك هەندێ لە شرۆڤەکاران هۆشداری دەدەن کە ڕەنگە ئەمە سەرکێشییەکی گەورە بێت و ئۆکرانیا لە بەرانبەریدا باجێکی زۆر بدات؟**

- کە دەڵێم نائاساییە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەمە هێرش و پێشڕەوییەك بوو بە چەند ئاراستەیەکی جیاواز و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵام ناکرێت بڵێین ئەوەی ڕووی دا، دەچێتە خانە و چوارچێوەی شەڕێکی ئاساییەوە، بە چەشنێك کە دەرئەنجامەکەی تەنیا ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخەکە بووە.

*** بەڵام بۆچی ئەم هێرشە مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ ڕووسیا، بە چەشنێك کە دەوترێت ڕووسیا پێشبینی پەرەسەندنێکی لەم چەشنەی نەدەکرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سوپای ئۆکرانیا بە ئاسانی پێشڕەوی بکات و ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە؟**

- من ناڵێم ئەمە مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ ڕووسیا، چونکە ئێمە دەزانین کە پێشتریش سەرۆکی ئەو وڵاتە (ڤلادمیر پوتین) جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە دەبێت ناوچەی بیلگۆرۆد و کورسك و ناوچەکانی دەوروبەر ئامادەی هەر حاڵەت و پێشهاتێك بن، کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حاکمی ناوچەی کورسك کە ڕێنمایی پێ درابوو ڕێکارەکان بگرێتەبەر کەمتەرخەم بووە و ئەرکی خۆی ئەدا نەکردووە، یان ئەوەتا فەرماندەی سەربازی لەو ناوچەیەدا هەنگاوی پێویست و گونجاوی نەگرتووەتەبەر بۆ حاڵەتێکی لەم چەشنە؟ ئێوە ئەو ڕاستییەتان لەبەرچاو بێت کە هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەی کورسك لەسەر سنوورەکان جێگیر نەکرابوون، بەڵکو ١١ بۆ ١٢ کیلۆمەتر دوورتر لە سنوورەکان و لە ناو خاکی ڕووسیا بوون، هەرچەندە ئەمە بیانوو و پاساو نییە و دەبوو هێزەکانی ڕووسیا ئامادە بوونایە و وریاتر مامەڵەیان بکردایە. خۆ ئەگەر لە ناوچەی بیلگۆرۆد-یش بڕوانیت، ئەوا هێزەکانی ڕووسیا پتر لە باری ئامادەباشیدا بوون.

*** لە بارەی دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنی خاکی ڕووسیا ڕاتان چییە، کە ئاشکرایە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەمە یەکەم جارە بتوانرێت خاکی ڕووسیا داگیر بکرێت؟ ئایا ئەمە چ لێکدانەوە و کاردانەوەیەکی ناوخۆیی لێ دەکەوێتەوە لە نێو ڕووسیادا و چۆن لێی دەڕوانن؟**

- ئەوەی لە کورسك ڕووی دا، دۆخێکی تایبەتە، چونکە ئاشکرایە کە لە نێو هێزەکانی سوپای ئۆکرانیادا چەند چەکداری بیانی هەبوون، کە ڕەگەزنامەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پۆڵەندا و چەندین وڵاتی دیکەیان هەیە، بە واتایەکی دیکە ئەمە وەك داگیرکردنی خاکی ڕووسیایە لەلایەن ناتۆوە و هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێ کردووە لە پرسیارەکەتاندا، ئەمە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ڕووی نەداوە، و دەکرێت بڵێین ئەمە دۆخێکی زۆر مەترسیدارە.

*** بەڵام لەم هێرشەی سوپای ئۆکرانیا بۆ سەر ناوچەی کورسك چەکی ڕۆژئاوایی بەکارهێنراوە، ئایا تا چەند ئەمە دۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەبات و ئەمە تا چ ڕادەیەك ئیستیفزازکردنی ڕووسیایە؟**

- ئێمە نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە پێشتر چەکی ڕۆژئاوایی بەکار هێنراوە لە هەندێ لەو هێرشانەی لە نێو خاکی ڕووسیادا ئەنجام دەدران لەلایەن خودی ئەو ڕووسییانەی کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد دژی سەرۆك (ڤلادمیر پوتین)ـن، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت ئەمە یەکەم جار نییە کە هێرشێکی لەم چەشنە (ئەوەی لە ناوچەی کورسك ڕووی دا) ئەنجام دەدرێت، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە

**من باوەڕم وا نییە کە ئۆکرانیا هێزی مرۆیی پێویستی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت وێستگەی ئەتۆمیی ڕووسیا داگیر بکات**

**ئۆکرانیا شێوازێکی سەیری شەڕکردنی گرتووەتەبەر کە بەرجەستە دەبێت لە پێشڕەویکردن بە بێ بوونی ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراو**

**لە نێو هێزەکانی سوپای ئۆکرانیادا چەند چەکداری بیانی هەبوون، کە ڕەگەزنامەی ئەمریکا و پۆڵەندا و چەندین وڵاتی دیکەیان هەیە**

**سەرۆک پوتین لەژێر فشارێکی زۆردایە، چونکە بەشێکی بەرچاوی خاکی ڕووسیا داگیر کرا و داگیرکارییەکەش بەردەوامە**

کە ئەوەی لە کورسك ڕووی دا، بەرفراوانتر و لە مەودایەکی گەورەتردا بوو.

*** ئەگەر باس لە ئاکام و دەرئەنجامی ئەم هێرشە و پەرەسەندنانەی لەسەر تێکڕای شەڕەکە و ڕێڕەوی شەڕەکە بکەین، ئایا ئێوە پێتان وایە گۆڕانکاریی گەورە دروست بکات لە ڕەوتی شەڕەکەدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی باسی ئەوە کرا کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئۆکرانیا ئەوە بوو کە ڕووسیا ناچار بکات، هێزەکان لە بەرەکانی دیکەی شەڕەوە بگوازێتەوە بۆ ئەم ناوچەیە و هەندێ لە فشارەکان لەسەر سوپای ئۆکرانیا کەمتر بینەوە؟**

گۆڕانکارییەکە ئەوەیە کە دوای ئەوەی باس لە خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانێکی چارەسەرێك دەکرا، ئەوا ئێستا ڕەنگە باس لە نەهێشتن و لەناوبردنی ئۆکرانیا بکرێت. کەواتە ڕوون نییە سەرۆك ڤلادمیر پوتین چۆن جڵەوی سوپای ڕووسیا دەکات لە میانەی کاردانەوەی لە بەرانبەر ئەم پەرەسەندنانەدا.

*** بەڵام زۆر باس لەوە کراوە کە ڕووسیا کاردانەوەیەکی دەمودەست و دەستبەجێی نەبووە و لە ئێستاشدا نابینین ڕووسیا هێزێکی زۆر کۆبکاتەوە بۆ دوورخستنەوەی هێزەکانی ئۆکرانیا لەسەر خاکەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕووسیا**



**نایەوێت لە ئێستادا ئەم کارە بکات لەبەر سەرقاڵبوونی بە بەرەکانی دیکەی شەڕەکەوە، یان توانای کارێکی لەم چەشنەی نییە؟**

- بەڵێ، من پێم وایە کاریگەری دەبێت، هەرچەندە لەم ڕووەوە دڵنیا نیم لەوەی تا چ ڕادەیەك سەرۆك ڤلادمیر پوتین لەم ڕووەوە دان بەخۆدا دەگرێت، چونکە ئەو بۆ ماوەیەکی زۆرە هەوڵی داوە ناکۆکی و شەڕەکە لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت و بەرفراوانتر نەبێت، بەڵام ئێستا ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە سەرۆك پوتین لەژێر فشارێکی زۆردایە، چونکە بەشێکی بەرچاوی خاکی ڕووسیا داگیر کرا و داگیرکارییەکەش بەردەوامە و هێزێکی زۆری سوپای ئۆکرانیا لەسەر خاکی ڕووسیان. کەواتە

- من پێم وایە هۆکارەکە ئەوەیە کە ڕووسیا نایەوێت هەنگاوی خێرا بگرێتەبەر، بەڵکو دەیەوێت ئەم ئامانجە ستراتیژییانە بەدی بهێنێت کە پەیوەندیدارن بە ناوچەکانی دیکەوە، ئەگەر ئەو ئامانجانە بەدیهاتن، ئەوا بڕیار دەدات چ کاتێك دەست بە کاردانەوە بکات، ڕووسەکان سەرێکی ساردیان هەیە و کاردانەوەی زۆر خێرا ئەنجام نادەن.

### د. تاڵیب محەمەد کەریم بۆ گوڵان:

# زۆربەی بڕیارەکانی گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەیان وەکو خۆی جێبەجێ نەکراون

**عێراق لە مێژووی کۆنیدا چەندین پێکهاتەی تێدا بووە و هیچ کێشەیەك و گرفتێکیش لە پێکەوە ژیانی نێوانیاندا نەبووە، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخیدا دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە، فەرمانڕەوا ستەمکارەکان کاریان بۆ سڕینەوەی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی کردووە. کوردانی فەیلی نموونەی ئەم سڕینەوە و لەناوبردنە بوون، کاتێك ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان هەر یەکەو بە شێوەیەك کوردانی فەیلییان جینۆساید کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ د.تاڵیب محەمەد کەریم توێژەر و ئەکادیمی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی موستەنسرییە سازدا.**

* لە وەتەی عێراق وەکو دەوڵەت دروست کراوە، بابەتی پێکەوە ژیانی ئایینی و ئایینزایی لە ڕووی کردارەوە ڕووی لەناوچوون کردووە. وەك توێژەرێکی سیاسی و شارەزا کە خاوەنی توێژینەوەیەکی زانستیت لەسەر (چەمکی توندوتیژی لە مێژووی عەرەبی هاوچەرخ)، ئایا ئەم پاشاگەردانییەی دوورکەوتنەوە لە پێکەوە ژیان و بڵاوبوونەوەی توندڕەوی و دەمارگیری بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

- بۆ ئەوەی وەڵامێکی زانستییانە لەسەر پرسیارەکەی بەڕێزتانمان دەست بکەوێت، پێویستە بخزێینە ناو لاپەڕەکانی مێژووی کۆنی عێراق، ئەو سەردەمەی کە بەپێی هەموو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان و نووسینەوەی توێژەر و مێژوونووسان، ئەم خاکە جێگای زیاتر لە سەدان نەتەوە و ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر بووە، کە هەموان پێکەوە بە ئاشتی و ئارامی و دوور لە دەمارگیری لەسەر ئەم خاکە ژیاون. باشە



# کۆمەڵگەی عێراقی بێتوانایە بۆ چەسپاندنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان

چی ڕووی داوە تاوەکو ئەم مۆزاییکە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایانە لە کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەیی دوور بکەونەوە و چەمکی پێکەوە ژیانیان لاواز بێت؟ بە تەئکید هەروەکو زۆر لە مێژوونووسان و توێژەورانیش لەگەڵ مندا هاوڕان پاشەکشەی چەمکی پێکەوە ژیان لە مێژووی دانیشتووانەکانی سەر ئەم خاکەی پێی دەوترێت عێراق بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەم بوونی حوکمڕانی و فەرمانڕەوا ستەمکارەکان کە ڕەفتارو بیروباوەڕ و دابونەریت و کەلتوورەکانی خۆیان زاڵ کردووە و سەپاندوویانە بە سەر هەموو پێکهاتەکاندا، کە ئەمەش هەمووی لەسەر حیسابی سڕینەوەی ناسنامە نەتەوەیی و ئایینییەکانی بەرانبەر و ڕاکێشانیان بووە بەرەو ئەو ناسنامە و کەلتوورەی خۆیان بڕوایان پێی هەبووە، بەمەش ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرەی ئایینی و ئایینزایی و نەتەوەیی هەندێکیان لەناو چوون و هەندێکی دیکەیان ڕەنگە لەناو بچن، بە ڕادەیەك ئەمڕۆ ژمارەی ئەو پێکهاتانەی لە عێراقدا بوونیان هەیە، لە پەنچەکانی دەست تێپەڕ ناکەن. هۆکاری دووەمیش، بۆ نەبوونی لێکتێگەیشتنی ڕۆشنبیری و کەلتووری لەناو ناخی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی عێراقی دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەك لێدوان و قسەکان بە جۆرێکن و کردار و حەزەکانی ناو ناخی تاکەکانیش بە شێوەیەکی دیکەیە، بەتایبەتی لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و دوای سەرهەڵدانی شۆڕش و کودەتاکان، کە وێڕای ئەوەی هەموو ئەم شۆڕش و کودەتایانە بە ئیدعای ئازادی و مافی مرۆڤ سەریان هەڵداوە، تا ئەو ڕادەیەی بانگەشەی هاووڵاتیبوونیان کردووە، کەچی لە ڕووی کردارەوە هیچ کام لەم بیروباوەڕ و چەمکانە لەناخی تاکەکاندا جێگیر نەبوون و بگرە لە خوو و ڕەوشت و هەڵسوکەوتەکانیاندا هەر بوونیان نەبووە، تا ئەو ڕادەیەی لە هەڵسوکەوتی هۆز و خێڵ تێپەڕی نەکردووە، بگرە هەڵسوکەوتەکان

**ئەو گەنجانەی لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵی بوون، ڕێگایان نەدان لەگەڵ خێزانەکانیان بچنە ئێران و لە زیندانەکاندا هێشتیاننەوە و دواتر لەناویان بردن**

**بڕیاری زۆر قورس و نامرۆڤانە لە دژیان دەرچوو، وەکو جیاکردنەوەی هاوسەرەکان لە یەکتر و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و سڕینەوەی ناویان لە تۆماری ڕەگەزنامە**

**ئەو کوردە فەیلییانەی لە پۆستە باڵاکاندان، بە هۆی کوردی فەیلی بوون، دانەنراون، بەڵکو بۆ ئەندامبوون و وەلائی بۆ ئەو حزبەی تێیدان، ئەو پۆستەیان دراوەتێ**

**بە هەموو پێکهاتەکانی فەیلی و ئێزدی و مەسیحی و سابیئەی مەندائی تەنیا ٢٪ کۆی پۆستەکانی حوکمڕانییان لە عێراق دراوەتێ**

لە دوای شۆڕش و گۆڕانکارییەکانیش لە ئاستی هەڵسوکەوتی بەربەری و بەدەوییەوە نزیك بووە، کە بە هیچ شێوەیەك یەك ناگرێتەوە لەگەڵ وڵاتێکی دەوڵەمەند بە ڕۆشنبیری و کەلتووری جۆراوجۆری نەتەوە و ئایین و ئایینزایی، کە بانگەشەی هاووڵاتیبوون لە ماف و ئەرکەکان و جێبەجێکردنی یاساکان دەکات. من پێم وایە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگەی عێراقی بەتایبەتی بێتوانایە بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، قسە و ئیدعاکردن شتێکە و جێبەجێکردن و بڕوابوون بەم چەمکانە شتێکی دیکەیە. پێوەرەکان دەریان خستووە کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتی کۆمەڵگەیەکە دوورە لە پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینییەوە، ئەم لێکترازانەی کەلتوور و ڕۆشنبیری و نەگونجاندنی پێکەوەژیانە تەنانەت لە ناوچەکانی جێنشینی و تەنانەت گەڕەك و گوندەکان و پرۆسەی هاوسەری و هاوڕێیەتی بە ڕوونی دیارە. هەموو ئەم ناکۆکییانە لە ٢٠٠٣ زیاتر دەرکەوت و شەڕی نێوخۆیی و مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەیی زیاتر بارودۆخەکەی خراپتر کرد.

*** لە زەمەنی حوکمڕانیی سەدام حوسێن بەعسییەکان زۆربەی خێزانەکانی کوردی فەیلیان بە زۆر ڕاپێچی ئێران کرد. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە ژێر چ پاساوێکدا ئەم جینۆسایدە بەرانبەر کوردانی فەیلی ئەنجام دراوە؟**

- هۆکاری جێبەجێکردنی جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان زۆرن، ڕەنگە وا ئاسان نەبێت لە دووتوێی دیدارێکدا هەموو وردەکارییەکانی ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە هەڵبدەینەوە و تاوتوێی بکەین. ڕەنگە یەکێك لەو هۆکارانەی کە مێژوونووسان و چاودێرانی سیاسی باسی دەکەن، پاڵپشتی و وەلائیان بێت بۆ بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان و خەباتیان دژی دیکتاتۆری و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان بێت، یان بۆ ئەو پاساوەی بەعس بگەڕێتەوە بەوەی ناسنامەیان عێراقی نییە و بەم شێوەیە کە هەموویان کۆمەڵە هۆکارێکن بە هیچ شێوەیەك ڕەوایەتی نادات بە ئەنجامدانی ڕەشبگیری و کوشتنی ٢٢ هەزار گەنج و زیندانیکردن و داگیرکردنی ماڵ و حاڵیان و دەستگرتن بەسەر پارە و کەلوپەلەکانیاندا و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانەکان بەرەو وڵاتی ئێران، لەمەشدا ئەو گەنجانەی لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵی بوون، ڕێگایان نەدان لەگەڵ خێزانەکانیان بچنە ئێران و لە زیندانەکاندا هێشتیاننەوە و دواتر لەناویان بردن، لەناو ئەم تاوانە گەورەیە کە دەچێتە خانەی جینۆساید و تاوانی نێودەوڵەتییەوە، بە دەیان تاوانی دیکەیان دەرهەق ئەنجام درا و بڕیاری زۆر قورس و نامرۆڤانە لە دژیان دەرچوو، وەکو جیاکردنەوەی هاوسەرەکان لە یەکتر و لێسەندنەوەی ڕەگەزنامە و سڕینەوەی ناویان لە تۆماری ڕەگەزنامە. بۆیە ئەگەر پاساو و هەڵسوکەوت و تاوانەکەی ڕژێمی بەعس هەڵسەنگێنین، دەبینین تاوانەکەی سەدام و ڕژێمی بەعس زۆر قێزەوەن و گەورەترە تەنانەت لە بیانوو و پاساوەکانی ڕژێمەکەش.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس تا چەند کوردە فەیلییەکان قەرەبووی ماڵ و حاڵ و قوربانیدانیان کراوە؟**

- ماف و شایستە داراییەکانی کوردانی فەیلی زۆرە، بەپێی بڕیارەکانی دادگای تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراق وا پێویست دەکات، هەموو مافەکانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، تا ڕادەیەکیش هەندێك لەو مافانە گەڕێندراوتەوە، لە بڕینەوەی مووچە بۆ وارسی شەهیدەکان و قەرەبووکردنەوەی خانووبەرە و هەڵگرتنی بڕیارەکانی دادگای سەورە و.. تادوایی، بەڵام کاتێك دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ئەم تاوانە بە جینۆساید ناو دەبات و دواتر کۆمەڵێك بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت، بەتایبەتی لە دۆزینەوەی ڕوفاتی شەهیدەکان و خوێندنی باڵا و پلەی وەزیفی و بوونیان لە پلە و پۆستە باڵاکان و چەندین مافی دیکە کە تاکو ئێستا بەپێی پێویست جێبەجێ نەکراوەن، بگرە هەندێك لەو بڕیارانە هەڵپەسێردراون و لە ڕووی کردارەوە جێبەجێ نەکراون. بۆ نموونە ئەو کوردە فەیلییانەی لە پۆستە باڵاکاندان، بە هۆی کوردی فەیلی بوون، دانەنراون، بەڵکو بۆ ئەندامبوون و وەلائی بۆ ئەو حزبەی تێیدان، ئەو پۆستەیان دراوەتێ. تەنانەت بە هەموو پێکهاتەکانی فەیلی و ئێزدی و مەسیحی و

سابیئەی مەندائی تەنیا ٢.٪ کۆی پۆستەکانی حوکمڕانییان لە عێراق دراوەتێ. هێشتا زۆر کارو بڕیار ماوە جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی کوردی فەیلییش ببێتە هاووڵاتییەکی عێراقی و هەست بەوە بکات هەموو مافەکانی پارێزراوە و مافە زەوتکراوەکانیشی بۆی گەڕاوەتەوە.

*** کەواتە لە قۆناغی داهاتوودا ئەرکی دەسەڵاتدارانی فیدراڵی و هەرێم چییە بۆ ئەوەی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دوور لە دەمارگیری و توندوتیژی پێکەوە بژین؟**

- دەوڵەت زۆر ئەرکی گەورەی لەسەر شانە، لەوانە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی پێکەوە ژیان و قێزەونکردنی توندوتیژی و دەمارگیری، پێویستە ئەم کارە بە شێوەیەك فراوان بکات، کە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای پەروەردە و خوێندن لەناو گیانی هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بچنرێت، دواتر هاوکاری و پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەوەی کەلتووری پێکەوە ژیان بڵاو بکەنەوە، ئەرکی دەوڵەتە یەکە بە یەکەی مادده و بڕگە دەستوورییەکان جێبەجێ بکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و ئازادیی بیروباوەڕی ئایینی هەیە.

*** وەکو کەسێکی شارەزا لە دۆسێی کوردە فەیلییەکان و ڕاوێژکار لە پەرلەمانی عێراق، پێشنیارت چییە بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی دۆزی ڕەوای کوردانی فەیلی و گەڕانەوەی هەموو مافەکانیان؟**

- بەپێی ئەو شارەزایی و توێژینەوە و بەدواداچوونانەی من کردوومە بۆ پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی، بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠٣وە، بەتایبەتی ئەو پێکهاتانەی لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی جینۆساید و لەناوبردن بوونەتەوە، وەکو ئەوەی لە ئەڵمانیا و باشووری ئەفریقیا و ڕواندا و وڵاتانی دیکە ڕوویان داوە و توێژینەوەم لەسەر ئەنجام داون، کۆمەڵێك پێشنیار و ڕاسپاردەم لەم توێژینەوانە پێشکەش کردووە، ئەوەی پەیوەندی بە کوردی فەیلییەوە هەیە، دەوتوانم لێرەدا ئاماژە بە هەندێکی بکەم:

- پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان پێویستە گرنگی زۆر بە لایەنی کەلتووری و ڕۆشنبیری و هونەری خۆیان بدەن، کە بەشێکی سەرەکیی سیما نەتەوەیی و ئایینییەکەیانە.

- زیندووکردنەوەی مێژوو، واتە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتەکان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مێژووی جینۆساید و کۆمەڵکوژیی و سڕینەوەی ناسنامەکەیان ڕوو نەدادەتەوە و بە زیندوویی قێزەونبوونی ئەو جینۆسایدە ڕابگیرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو.

- کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە پێکهاتەکان و تێیدا ئاماژە بە هەموو سەروەری و دەستکەوتەکان و دابونەریت و مێژووەکەی و کەلتوورەکەی بکات.

- گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکانی خوێندن و جێگیرکردنی بابەتەکانی پێکەوەژیان و کەلتوور و دابونەریتی پێکهاتەکان و ئەمە وێڕای کردنەوەی و بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکان و بەشداریکردنی هەموو پێکهاتەکان لە بۆنەکانی یەکتردا.

- کردنەوەی ناوەندێکی دیراسات بۆ پێکهاتەی کوردە فەیلییەکان.

*** ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی هەموو ئەو کوردە فەیلییانە بگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باوك و باپیرانیان، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن و بەتایبەتیتر ئەوانەی لە ئۆردوگاکانی ئێرانن؟**


- کاتێك باس لە جینۆسایدێك دەکەین کە ٤٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووە، ئەوا ئێمە باسی چوار دەیە دەکەین و ئەوانەی لە هەندەران و ئێران لەدایك بوون، خۆیان گونجاندووە بەو ژینگەیە و زەحمەتە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە، ئەوانەشی گەڕانەوە لە دوای ٢٠٠٣ تووشی شۆکێکی گەورە بوون لە نەبوونی خزمەتگوزاری و شەڕ و نائارامی و توندوتیژی و تەشەنەکردنی بیروباوەڕی توندوتیژ و لێکترازانی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزا و مەزهەبەکان. ناکرێت کوردێکی فەیلی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتێك کە چەندین دەیەیە باوك و باپیرانیان لێی دابڕاون. ئێ باشە ئەو کوردە فەیلییە بگەڕێتەوە، لەکوێ بژی؟ ئایا کوڕ و کچەکانیان ئامادەن لەم ژینگەیە بژین؟ لێرەو لەوێ هەوڵێك هەیە بەتایبەتی لەلایەن بەڕێز موحسین مەندەلاوی بۆ ئەوەی ناوچەکانی کوردانی فەیلی بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە ئاوەدان بکەنەوە.

**پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان پێویستە گرنگیی زۆر بە لایەنی کەلتووری و ڕۆشنبیری و هونەری خۆیان بدەن، کە بەشێکی سەرەکیی سیما نەتەوەیی و ئایینییەکەیانە**

**لێرەو لەوێ هەوڵێک هەیە بەتایبەتی لەلایەن بەڕێز موحسین مەندەلاوی بۆ ئەوەی ناوچەکانی کوردانی فەیلی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە ئاوەدان بکەنەوە**

**ئەوانەش کە گەڕانەوە لە دوای ٢٠٠٣ تووشی شۆکێکی گەورە بوون لە نەبوونی خزمەتگوزاری و تەشەنەکردنی بیروباوەڕی توندوتیژی مەزهەبی**

# پێنوێنی کواڵێتی هەوا



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێنوێن و نیشاندەری کواڵێتی هەوا (ئەی کیو ئای) پێوەرێکی دیجیتاڵییە بەکار دەهێنرێت بۆ ئاگاداربوون لەبارەی ڕۆژانە کواڵێتی و ئاستی پیسبوونی هەواوە، بە جۆرێك هەر زیادبوونێك لە پێنوێنەکەدا نیشانەی زیادبوونی پیسبوونی هەوا و هەڕەشەکردنە لە تەندروستیی مرۆڤ.

پێنوێنی کواڵێتی هەوا ژماردنی پێنج جۆری سەرەکییە لە پیسکارەکان، کە ئەوانەش بریتین لە: ئۆزۆنی زەمینی، تەنۆڵکە وردیلەکان، کاربۆن مۆنۆ ئۆکساید، سولفەر دای ئۆکساید، نایترۆجین دای ئۆکساید، لە ڕێگەی گۆڕینی ئەو پیسکارە پێوانەکراوەکانە بۆ ژمارە لەسەر پێوەری (٠) هەتا (٥٠٠) بە جۆرێك هەتا ژمارەکە گەورەتر بێت، مانای وایە ئاستی پیسبوون زیاترە و مەترسی لەسەر تەندروستییش زیاترە، بەدەر لە نیشاندانی ئاستی پیسبوون بە ژمارە، هەندێك جار بە ڕەنگی جیاوازیش جۆر و کواڵێتی هەوامان نیشان دەدات، بۆ نموونە:

ڕەنگی سەوز واتە کواڵێتی هەوا بۆ هەمووان باشە.

ڕەنگی زەرد واتە کواڵێتی هەوا مامناوەندە و بۆ زۆرینە باشە.

ڕەنگی پڕتەقاڵی واتە کواڵێتی هەوا ناتەندروستە بۆ گرووپی هەستیارانی وەك منداڵان و بەساڵاچووان.

ڕەنگی سوور واتە کواڵێتی هەوا ناتەندروستە بۆ هەمووان.

ڕەنگی وەنەوشەیی (مۆر) واتە کواڵێتی هەوا بۆ هەمووان توند و زۆر ناتەندروستە.

ڕەنگی مارۆنی واتە کواڵێتی هەوا بۆ هەمووان مەترسیدارە و حاڵەتی ئیمێرجێنسییە.



چۆن کواڵێتی هەوا دەپێورێت؟

یەکەم: ئامێری چاودێریکردنی کواڵێتی هەوا کە لە ڕێگەی ئامرازی هەستەوەرەوە جۆرێك یان زیاتر لەپیسکارەکان دەدۆزێتەوە.

دووەم: لە ڕێگەی بەکارهێنانی تیشکی لێزەرەوە بۆ ڕووپێوکردنی چڕیی تەنۆڵکەکان لە هەر مەتر سێجایەك لە هەوادا.

سێیەم: لە ڕێگەی وێنە وەرگیراوەکان لە مانگە دەستکردەکانەوە بە پێوانی وزەی دەرچوو لە زەوی، یان وزەی گەڕاوەوە.

هەتا چەند متمانەکردن بە پێنوێنی کواڵێتی هەوا ڕاستە؟

متمانەکردن بە پێنوێنی کواڵێتی هەوا پشت دەبەستێت بە چەند هۆکارێك، وەك:

یەکەم: کۆکردنەوەی داتاکان، متمانەکردنیش بە داتاکان پشت دەبەستێت بە هەبوونی ئامێری وردبین لە وێستگەکانی چاودێریدا، چونکە لەو شوێنانەی کە ئامراز و ئامێرەکانیان کۆن و کواڵێتی نزمە، ئەو کات پێنوێنی کواڵێتی هەوا (ئەی کیو ئای) ڕەنگدانەوەی وردی کواڵێتی ڕاستەقینەی هەوا نییە.

دووەم: ڕووپۆش و خوێندنەوەی گشت پیسکارەکان، هەمیشە پێنوێنی کواڵێتی هەوا (ئەی کیو ئای) گشت پیسکارەکان ڕووپۆش ناکات و هەموویان ناخوێنێتەوە و ناتوانێت وێنە گەورەکەی کواڵێتی هەوا بنوێنێت، لەوانەیە هەندێك لە پێکهاتە ئۆرگانییە هەڵاوەکان (ڤی ئۆ سی) لەبەرچاو نەگرێت.

سێیەم: هۆکارە نێوخۆییەکان: بارودۆخی نێوخۆیی وەك جۆری کەشی ئەو کاتە، یان نزیکیی لە سەرچاوە پیسکارەکانەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر نیشاندانی هەڵەی ژمارە و پێوانەی هەڵە.

چوارەم: جیاوازیی هەستیاریی مرۆڤەکان، لەو کاتەی پێنوێنی کواڵێتی هەوا (ئەی کیو ئای) بە پێوەرێکی ساکار کواڵێتی هەوا پیشان دەدات لە نێوان پلەی (باش) هەتا (مەترسیدار)، بەڵام مرۆڤەکان لە ڕووی هەستیارییان بۆ هەر جۆرێك لەو پیسکارانە جیاوازن، لەوانەشە هەندێك لە مرۆڤەکان هەستیارییان بەرامبەر هەندێك پیسکاری دیکە هەبێت کە پێنوێنەکە تیشك ناخاتە سەریان.

پێنجەم: نوێکردنەوەی ستانداردەکان، نوێکردنەوەی بەردەوامی ستاندارد و ڕێساکانی کواڵێتی هەوا بە پشتبەستن بە نوێترین ئەنجام و دۆزینەوە زانستییەکان زۆر گرنگە بۆ متمانەپێکردن، چونکە لەوانەیە زانستی نوێ ستانداردە کۆنەکان بە وردی مەترسیی تەندروستیی زیاتر پیشان بدەن.

چی بکرێت بۆ بەدەستهێنانی داتای ورد و ڕاستەقینە لەبارەی کواڵێتی هەواوە؟

یەکەم: دانانی وێستگەی جێگیر و هەبوونی وێستگەی گەڕۆك بۆ پێوانەکردنی کواڵێتی هەوا.

دووەم: بەداواچوونی بەردەوام بۆ خوێندنەوە و وەرگرتنی داتای وێستگەکان.

سێیەم: ڕێکخستنەوە و کالیبرەیشنی ئامێرەکان و چاککردنەوەیان.

چوارەم: ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بە مەرجی متمانەبوون و دڵنیایی لە داتاکان.

پێنجەم: سوودوەرگرتن لە وێنەی مانگە دەستکردەکان وەك یاریدەدەر بۆ دڵنیابوونی زیاتر.

شەشەم: هاوئاهەنگی لەگەڵ وێستگەکانی وڵاتانی دەوروبەر بۆ زانینی بڕی پیسکارە سنووربڕەکان.





**سەعدیە گەردی**

**چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسەکانی ئافرەتان:**

# هەموارکردنی یاسای باری کەسیی عێراقی هەنگاوێکی مەترسیدارە لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی

**سەعدیە گەردی، چالاك لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و پرسەکانی ئافرەتان، لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە پرسە هەستیار و هەنووکەییەکانی پەیوەست بە خانمان دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بەر لە وڵاتانی دەوروبەرمان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئافرەت «میر» بووە، دواتریش لە بزووتنەوەی سیاسیی رزگاریخوازیی کوردستان ئافرەت کاراکتەرێکی کاریگەر بووە و لە قۆناغی شاخ و شار رۆڵی باڵای هەبووە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ، ڕۆژی (٤ی ئاب)ی ئەمساڵ (٢٠٢٤) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەمواری یاسای باری کەسیی عێراق کرد. بە بۆچوونتان هەموارکرنی یاسای باری کەسیی عێراقی تا چەند زیان بە دەستکەوتە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت؟**

- هەمواری یاسای باری کەسیی عێراقی زۆر ترسناکە لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان و منداڵان بەتایبەتی. ڕێگا بەوە دەدات، کچان لە تەمەنی نۆ ساڵی هاوسەرگیری بکەن. ئەوە تەواو مافی مرۆڤ و دژی مافی زایەندیی و تەندروستیی کچانە، هەروەها لە هەمواری یاساییەکەدا داوا دەکەن هاوسەران مەزهەبی خۆیان دیاری بکەن. ئەوەیان مەزهەبگەرایی تۆختر دەکاتەوە. بۆیە وەك کۆمەڵگەی کوردی، دەبێت ئێمە ئەوە ڕەت بکەینەوە و کۆدەنگ بین بە یەکەوە، لانیکەم نەتوانرێت لە هەرێم ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت(حەتمەن بە کەرکوکیشەوە).

*** وەك ئاگاداری خەریکە بە هاوردەکردنی کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیای دەرەکی، جوانیی ئافرەتی کورد دەشێوێندرێت و خەسڵەتی کوردانەی بزر دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد مەلا و زانایانی ئیسلامی بوون و شیعرەکانیشیان بەشی هەرە زۆری بۆ پیشاندانی جوانی و ئازایەتیی ئافرەت کورد بووە. ئایا ئەم ئایدیۆلۆژییە هاوردەکراوانە تا چەند سیما و ڕوخسار و جوانی و ئازایەتیی ئافرەتی کوردیان شێواندووە؟ تا چەند ئەم شێواندنە کاریگەری نەرێنی لەسەر بیری نەتەوەییمان دەبێت؟**

- ئەو پرسیارە ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەموومان دەبێتەوە: ئایا ئایدیۆلۆژیای هاوردەکراو هاتووەتە ناو کۆمەڵگەی ئێمە؟ کام ئایدیۆلۆژیایە؟ ئەوەی دژی ئافرەتە» یان ئەوەی ژن دەکات بە کاڵای بازرگانی؟ ڕاستی من لەگەڵ ئەوەم هەردووکی خراوەتە ناو کۆمەڵگەی ئێمە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوا بەر لە وڵاتانی دەورووبەرمان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئافرەت «میر» بووە. نموونەی خانزادی میری سۆران، ئەو ئافرەتە بەهێزە لەو سەردەمەدا میری میرنشینێك بووە، عادیلە خان، کێخوا سێوێ و دواتر لە بزوتنەوەی سیاسیی ڕزگاریخوازیی کوردستان، ژن کاراکتەرێکی کاریگەر بووە و لە قۆناغی شاخ و شار ڕۆڵی باڵای هەبووە. دواتر لە ساڵانی ٩٠ شەپۆلێکی دژە ئافرەت و بە کۆیلەکردنی ئافرەت و بە گوناح نیشاندانی ئافرەت هاتە ناو کۆمەڵگەی کوردی و شەپۆلێکی ڕادیکاڵ(من ناڵێم ئایینی، بەڵکو دەڵێم ڕادیکاڵی و ئەوە بە ناوی دین هاتە ناو ئێمە. من دڵنیام دین لەوە بێبەرییە. نموونە «هیند»ی هاوسەری ئەبوو سوفیان، دوای ئەوەی هاتە ناو ئیسلام، بووە بازرگان. کەواتە ئەوەی دژی ئافرەت دەکرێ نەریتە، نەك ئایین. هاوکات شەپۆلێکی بەکاڵانیشاندانی ئافرەت لە تەواوی دنیا هەیە. ئەوە هاوتەریبە لەگەڵ دنیای سەرمایەداری کە ئافرەت وەك کاڵا سەیر دەکرێت. کاڵای سەرمایەداری ئەو شەپۆلە بەسەر دنیا باڵکێش بووە، بەڵام زۆربەی وڵاتانیش توانیویانە بۆشاییەك لە نێوان کۆمەڵگەی خۆیان و ئەو بیرۆکەیە دابنێن. من هەرگیز لەگەڵ بەکاڵاکردنی ئافرەت نیم. سەرمایەداری ئافرەت وەك کاڵا سەیر دەکات و هەر واش دەمێنێتەوە.

*** لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان چارەسەر کێشەی ئافرەتیان گرێ داوەتەوە بە «وەبەرهێنان لە کچاندا»، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە کچ پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی ژنێکی باش پێشکەشی کۆمەڵگە بکرێت، لە کوردستان ئەم ئاراستەیە چ ئاستێکی هەیە؟ ئایا تاچەند گرنگە کە وەبەرهێنان لە کچاندا بکرێت؟**

- پەروەردەکردنی کچان جگە لەوەی ئەرکێکی مرۆیی و مۆرالییە، هاوکات هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، خێزان دامەزراوەیەکی گرنگە لە کۆمەڵگە و بەشێکی بەرچاو لە پەروەردە و ڕۆشنبیریی مرۆڤەکان لە خێزاندا دەستەبەر دەبێت. ئافرەت توخمێکی چالاکە لە خێزان و بەشێکی گرنگ لە پەروەردەی خێزانی لە ئەستۆدایە، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەی نەوەکانی داهاتوو، بۆیە خوێندەواری و ڕۆشنبیربوونی ئافرەت دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی تەندروست پێشکەش بە کۆمەڵگە بکرێت. هەر گۆڕانکارییەك بۆ ئافرەتان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە فەراهەم بێت، لە قازانجی پیاوان و کۆمەڵگە و نەوەی داهاتووە، باسەکەی ئێمەش لەسەر پێگەیاندنی کچە و پێشکەشکردنی بە کچی بەتوانایە بە کۆمەڵگە، یەکەم شوێنیش بۆ پێگەیاندنی کچ خێزانە، یەکەم ئەرکی خێزانیش دابینکردنی ئارامی و ئاسوودەییە بۆ ئەوەی خێزان ببێتە شوێن و پەناگەیەك بۆ دروستکردن و پێگەیاندنی منداڵ، بەتایبەت کچ، مامۆستای سەرەکییش لە خێزان بۆ پێگەیاندنی کچ دایکە، دایك لە سەرەتاوە دەبێت وا کچەکەی فێر بکات، کە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ چواردەوری مەرج نییە بە مەرام بێت، یان دڵسۆزی لە کار خۆشەویستی دروست بکات.

لەلایەکی دیکەوە، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، فاکتەری سەرەکییە بۆ پەروەردەی تاك و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان پرۆسەی پەروەردە زیاتر ڕۆڵ دەبینێت لە پێگەیاندن و بنیادنانی تاکێکی تەندروست بۆ کۆمەڵگە دوای ئەوە زانستخوازی دێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەهای ڕەوشتی لاواز بوو، ئەوا ئەو زانستەی کە فێریشی دەبێت، نازانێت چۆن پەخشی بکات، یان خزمەت بکات، بۆیە هۆشداری و پەروەردەی تاك گرنگە بە واتای ئینتیما بوون بۆ خێزان و خوێندنگە و نیشتمان، هۆشیارکردنەوەی تاك لە ڕێزگرتن لە سەروەریی مامۆستا و لە ڕۆڵبینینی خودی مامۆستا لە بنیادنانی نەوەیەکی تەندروست.

**بەر لە وڵاتانی دەوروبەرمان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئافرەت «میر» بووە**

**هەمواری یاسای باری کەسێتیی عێراقی زۆر ترسناکە لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان و منداڵان بەتایبەتی**

**لە بزوتنەوەی سیاسیی ڕزگاریخوازیی کوردستان، ژن کاراکتەرێکی کاریگەر بووە و لە قۆناغی شاخ و شار ڕۆڵی باڵای هەبووە**

**پەروەردەکردنی کچان جگە لەوەی ئەرکێکی مرۆیی و مۆرالییە، هاوکات هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە**

**ئەگەر مرۆڤ بەهای ڕەوشتی لاواز بوو، ئەوا ئە زانستەی کە فێریشی دەبێت، نازانێت چۆن پەخشی بکات، یان خزمەت بکات**

# داوا دەکرێت خوێندنەوە لە ناو خێزانەکاندا بە کەلتوور بکرێت

هەمیشە گوتراوە کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە، کەواتە خوێندنەوە پرسێکی گرنگە و ناکرێت لەو بوارەشدا ڕۆڵی خێزان فەرامۆش بکرێت، لەبەر ئەوەی خێزانی هۆشیار پێویستی بە بوونی کتێبخانە لە ماڵەکەیدا هەیە بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن، ئەوەش دەبێتە سەرەتایەکی باش و مرۆڤ ئاشنا دەبێت بە کتێب و خوێندنەوە و دواجار خوێندنەوە دەبێتە کەلتوور و بە خوێندنەوەش کەسێتی بەهێز بۆ تاك دروست دەبێت. کەچی لە ئێستادا خوێندنەوە لای زۆربەی تاکەکان بەتایبەت گەنجان فەرامۆش کراوە. لەم ڕوانگەیەوە دەپرسین: ئایا تا چەند گرنگە خوێندنەوە لە ناو خێزانەکان بە کەلتوور بکرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان لە ڕوانگەی جیاوازەوە وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



کامەران ئەبابەکر خدر، مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە و ڕای وایە: «خوێندنەوە لە هەر بابەت و کایەیەك بێت، سوودی خۆی هەیە، بۆیە خوێندنەوە بە یەکێك لەو ڕێگایانە دادەنرێت کە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤ پێش دەخات و دەروونی ئارام دەکاتەوە و چەندین کاریگەریی ئەرێنی لە سەری بەجێ دەهێڵێت، لەوانە کەسایەتیی بەهێز و باوەڕبەخۆبووی بۆ دروست دەکات، دووری دەخاتەوە لە کاری نابەجێ و سەرەڕۆیی و ئەنجامدانی توندوتیژی، بۆیە خوێنەری ڕاستەقینە ئەوانەن کە دەرفەت و کات بە شتی بێسوود بەفیڕۆ نادەن و هەمیشە لە خەمی پرۆسەی خۆڕۆشەنبیرکردندان، لەمەشدا چێژێکی تایبەت وەردەگرن، ئەمە جگە لەوەی وشیاری و ئاگامەندی زیاد دەکات و وادەکات لە ئاست پرس و ڕووداوە هەنووکەییەکان هەمیشە وەستاو و خاوەن هێزی متمانە و باوەڕبەخۆبوون بێت، ئەمەش دواجار هەم بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەی سوودی دەبێت». گوتیشی: «لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان تاکەکان بایەخێکی تایبەت بە خوێندنەوە دەدەن، تەنانەت خوێندنەوە بووەتە کەلتوورییان، بۆیە تاوەکو خوێندنەوە نەبێتە کەلتوور لە وڵات مەحاڵە تاکێکی ڕۆشنبیر و پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بەرهەم بێت.»

ڕاژان عەبدولڕەحمان ستونی، چالاکی مەدەنییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە قۆناغی ئێستادا خوێندنەوەی پەرتووك زۆر لاواز بووە و، ویستی خوێندنەوە گەیشتووەتە ئاستێك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە زۆر گرنگە هەوڵێکی جددی بدرێت بۆ بە کەلتوورکردنی خوێندنەوەی کتێب، بە شێوەیەك وا لە تاکی کومەڵگاکەمان بکرێت، کە خولیای خوێندنەوە بێت، بەتایبەتی لەنێو خێزاندا کە وەك یەکەمین ژینگەی پەروەردەکردنی منداڵ و یەکەمین خاڵی دەستپێکی پەروەردە و فێرکردنە». گوتیشی: «کۆمەڵگەی هۆشیار ئەو کومەڵگەیەیە کە تاکەکانی ڕاهێنراون بە خۆپێگەیاندن و بەردەوام خوێندنەوە، چونکە پرۆسەی خوێندنەوە بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەیەکی گرنگە و تاك قۆناغ بۆ قۆناغ بەرەو پێشەوە دەبات. ئەگەر سەیری وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراسی بکەین، دەبینین یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندنیان ئەوەیە کە خاوەن تاکی هۆشیارن لە هەموو ڕوویێکەوە».

ئەو چالاکی مەدەنییە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «نەخوێندنەوە بەگشتی کۆمەڵگە لە حاڵەتی سوننەتی واتە دواکەوتوویيدا دەهێڵێتەوە و لە پێشکەوتن و گەشەسەندن دەکەوێت، نموونەی ئەم وڵاتانەش گەلێك زۆرن لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی جیهانیدا». هاوکات پێشنیار دەکات: «قوتابخانەکان خوێندنەوەی پەرتووك بە هەند وەربگرن و پێویستە پلانێکی توکمە هەبێت کە وا لە قوتابیان بکرێت، ڕوو لە پەرتووکخانەکان بکەن بۆ خوێندنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاریی گشتی و خۆپێگەیاندن تەنیا ئەوە نەبێت کە لە قوتابخانە و زانکۆکان وەکو وانە دەیخوێنن». گوتیشی: «وتەیەك هەیە کە دەڵێت :ڕووخانی پەروەردە و فێرکردن یەکسانە بە ڕووخانی دەوڵەت و کۆمەڵگە، پێچەوانەکەشی ڕاستە».

دژوار ڕووناك، کتێبفرۆشە باسی ئەوە دەکات کە: «دروستکردنی کەلتووری خوێندنەوە لەناو خێزانەکاندا زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی تاك و نەوەکانی داهاتوو، تاکو ببنە بیرمەندی تەواوی بوارەکانی ژیان». گوتیشی: «وەك کتێبفرۆشێك، من پێموایە کە بناغەی خوێندنەوەی کتێب لەماڵەوە دەست پێدەکات، کە دایك و باوك و منداڵان دەتوانن لەسەر چێژی هاوبەشی خوێندنەوە پەیوەندییەك دروست بکەن. بۆ چاندنی ئەم خووەش، پێویستە خێزانەکان خوێندنەوەی کتێب وەك چالاکییەکی ڕۆژانە لە پێشینە دابنێن. دایك و باوك دەتوانن بە نموونەیی سەرکردایەتی بکەن، نیشانی منداڵەکانیان بدەن کە خوێندنەوە نەك تەنیا پەروەردەیە، بەڵکو چێژبەخشە. چیرۆکەکانی پێش خەوتن، کاتژمێرەکانی خوێندنەوەی خێزان و گەشتە بەردەوامەکان بۆ کتێبخانە و پێشانگاکانی کتێب دەتوانن یارمەتیدەر بن، بۆ ئەوەی خوێندنەوە ببێتە نەریتێکی بەنرخ. هەروەها گرنگە ڕێگە بە منداڵان بدرێت کتێبی خۆیان هەڵبژێرن. کاتێك هەست بە خاوەندارێتی دەکەن لەسەر هەڵبژاردنی خوێندنەوەیان، ئەگەری ئەوە زیاترە کە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بۆ کتێبەکان پەرەپێبدەن. سەرەڕای ئەوەش، باسکردنی چیرۆکەکان پێکەوە، تێگەیشتنێکی قووڵتر پەروەردە دەکات و خوێندنەوە دەکاتە ئەزموونێکی هاوبەش. زۆر گرنگە کە دایك و باوکان لە توندوتیژی و زەبروزەنگ دوور بکەنەوە لە ناچارکردنی منداڵەکانیان بە خوێندنەوە. لە جیاتی ئەوە کتێبخانەی بچووك لە ماڵەکانیان بنیاد بنێن، تاوەکو منداڵەکە خۆی هەستی کونجکاوی بۆ ناوەڕۆکی چیرۆك و کتێبەکان بجووڵێت».

ئەو کتێبفرۆشە پێشنیار دەکات: «یارمەتیدانی خێزانە کەمدەرامەتەکان فەرامۆش نەکرێت، چونکە ئەوان کە بێبەشن لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، زەحمەتە بتوانن خوێنەر بن و گرنگی بە دروستکردنی خووی خوێندنەوە لای منداڵەکانیان بدەن». ئەوەشی بە «ئەرکی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان» زانی، کە ئاسانکاری بۆ ئەو خێزانانە بکەن بە پەیداکردنی کتێب و کتێبخانە بۆ ماڵەکانیان. گوتیشی: «لەلایەکی دیکەوە کتێبخانە و دەزگاکانی چاپەمەنی بە هەمان شێوە بەرپرسن لە ڕێنوێنی و ئاسانکاری بۆ پەیداکردنی کتێب بۆ ئەو خێزانانە، هەروەها سەرمایەدار و بازرگان و خێرخوازانی بە گرتنەئەستۆی تێچووی دروستکردنی خووی خوێندنەوە لەلای منداڵی ئەو خێزانانەی کە توانای دابینکردنی کتێبیان بۆ منداڵەکانیان نییە، دەتوانن ڕۆڵی بەرچاو ببینن».

**خوێندنەوە بە یەکێک لەو ڕێگایانە دادەنرێت کە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤ پێش دەخات**

**خوێنەری ڕاستەقینە ئەوانەن کە دەرفەت و کات بە شتی بێسوود بەفیڕۆ نادەن و هەمیشە لە خەمی پرۆسەی خۆڕۆشەنبیرکردندان**

**لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان تاکەکان بایەخێکی تایبەت بە خوێندنەوە دەدەن، تەنانەت خوێندنەوە بووەتە کەلتوورییان**

**تاوەکو خوێندنەوە نەبێتە کەلتوور لە وڵات مەحاڵە تاکێکی ڕۆشنبیر و پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بەرهەم بێت**

**کۆمەڵگەی هۆشیار ئەو کومەڵگەیەیە کە تاکەکانی ڕاهێنراون بە خۆپێگەیاندن و بەردەوام خوێندنەوە**

## کیژان خەسرۆ:

# لەتابلۆکانم ئافرەت تۆخمی سەرەکییە

کیژان دەرچوی کۆلیژی هونەر بەشی گرافیك دیزاین، یەکێکە لەو کچە هونەرمەندانەی بە تابلۆکانی گوزارشت لە چیرۆك و بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیان دەکات و زیاتر هەوڵ دەدات خەمەکانی ئافرەتی کورد بخاتە ڕوو، گوڵان لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.



*** تا ئێستا چەند پیشانگات کردووەتە؟**

- خاوەنی دوو پیشانگەم تایبەتی و هاوبەش، یەکەمیان پیشانگەی (ژێر زەمین) پیشانگەیەکی هاوبەشی بوو، کە ساڵی ٢٠٢١ لەگەڵ ژمارەیەك هونەرمەندی بەئەزموون منیش تێیدا بەشدار بووم، لەم پیشانگەیەدا زیاترکارم لەسەر ئازارەکانی ئافرەت کردووە، پیشانگەی دووەمم کە تایبەت بوو بە



کارەکانی خۆم لەساڵی. ٢٠٢١ بە ناوی (هاوارەکانی ژێر خاك) ڕێکم خست، لەم پیشانگەیەشدا بە تابلۆکانم هەوڵم داوە خزمەتی زیاتری ئافرەت بکەم، و تێیدا (٢٠) تابلۆی هونەریم نمایش کرد کە هەر هەموویان گۆزارشت بوون لە مافی ئافرەتان و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنە سەر ڕێگەی ئافرەتی کورد.

*** لەو دوو پیشانگایەدا زیاتر بە چ شێوازێك کارت کردووە؟**

- لە پیشانگەی یەکەم جۆری ئیشکردنم بە ستایلی کۆلاج بووە، بەڵام لە پیشانگەی دووەم کارەکان جیاوازتر بوون و جۆری کارکردنم تەعبیری بوون، بە جۆرێك بیرۆکەی تابلۆکان لە چیرۆك و سەربوردەی ڕاستیی ژیان وەرگیرابوون.

*** شێواز و ستایلی کارکردنت ئەوە نیشان دەدات، ئەزموونکارانە کار دەکەیت؟**

- ماوەی دوو ساڵە وەك بزنس کار دەکەم لە بواری هونەر شێوەکاریدا، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی پەیجی ئۆنلاینەوە کارەکانم نمایش دەکەم و بە هەموو جۆرە ستایلێك بە پێی داخوازیی کریارەکانم کارم کردووە.

*** ئافرەت وەك فیگەر و کاراکتەر تا چەند لە نێو تابلۆکاندا ئامادەیە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، زۆربەی هەرە زۆری کارەکانم بۆ خزمەتکردنی دۆزی ئافرەتان و یەکسانییە، بۆیە لە کارەکانمدا ئافرەت وەك توخمێکی سەرەکی بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە وبە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت.

*** هاوڕای لەگەڵ هونەرمەند هاوسەنگییەك لە نێوان ڕیتمی خۆماڵی و ڕەوتی جیهانیدا ڕابگیرێت؟**

- کاتێك لە ڕووی بابەتییەوە کار دەکەم، هەوڵم داوە کارەکانم لە خزمەت کێشەیەکدا بن و بە تابلۆکانم گوزارشت لە کێشەیەك یان بابەتێکی دیاریکراو بکەم، بەڵام وەك بزنس کارەکانم بەپێی ویست و داخوازی کڕیارەکانە و زیاتر گرنگی بە لایەنی مۆدێرن و تازەگەری دەدەم، کە بۆ سەردەمی ئێستامان زۆرە گونجاوە و داخوازیی زۆری لەسەرە.

*** لەکاتێکدا هونەری کوردی بە گشتی بە دەست گرفتەوە دەناڵێنێت، ئێوەی شێوەکار گرفتتان چییە؟**


- لە کوردستاندا ئاسان نییە کە بە هۆی هونەرەوە بەتایبەتی هونەری شێوەکاری ئازارەکانت دەرببڕیت، چونکە ئەرك و ماندووبوون و خودی هونەری شێوەکاری بە هەند وەرناگیرێت، لە کۆمەڵگەدا توانای لێك تێگەیشتنی باش نییە بۆ بابەتەکان، بەڵکو دژایەتیش دەکرێین و لە جیاتی ئەوەی ڕێز لە کارەکانمان بگیرێت، بەداخەوە بەبێ ڕێزی سەیر دەکرێت.

*** هونەرمەندانی شێوەکار دەتوانن بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن؟**

- پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەم بابەتە لەلایەن خودی هونەرمەند خۆیەوە دیاری دەکرێت کە چۆن کار دەکات و چۆن سوود لە شێوازی بزنسکردن بە هونەرەکەی دەبینێت، ئەم کارەش لە کوردستان زۆر ئاسان نییە، چونکە ئەگەر بتەوێت داهاتێکی باشت هەبێت دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت.

*** تا ئێستا چەند لە تابلۆکانت فرۆشراون؟**

زیاتر لە ٥٠٠ تابلۆم فرۆشتووە و زۆربەیان لەسەر داخوازیی ئەو کەسانە بووە کە کڕیویانە، بۆ ئەوەی تابلۆکان سەنگی خۆیان لەدەست نەدەن هەوڵم داوە هەرزانفرۆشیان نەکەم، بۆ ئەوەی تەنیا دەستی ئەو کەسانە بکەوێت کە بە ڕاستی ئیشەکەیان خۆش دەوێت و بەنرخ سەیری دەکەن و بەهای کاری هونەری شێوەکاری دەزانن.





# بریانکا ئامۆژگاری هاوسەرەکەی دەکات

هەرچەندە گۆرانیبێژی ناوداری جیهانی (نیك جۆناس) لە منداڵییەوە ئەستێرەیەکی گەورە بووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا نزیکبۆتەوە لە بواری نواندن.

لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەدا نیك جۆناس ئەکتەر و مۆسیقاژەن ئاشکرای کرد کە پریانکا شۆپرای هاوسەری ئەستێرەی بۆلیوود، کە زیاتر لە پێنج ساڵە هاوسەرگیری لەگەڵدا کردووە، یارمەتی دەدات بۆ ئامادەکاری پێش وێنەگرتنی فیلم.

جۆناس لەم ڕووەوە زیاتر گوتی: «هاوئەستێرەیەکی نایابم هەیە لەماڵەوە، کاتێك دەڵێم نایاب، مەبەستم لە ئاستی جیهانییە و ئەوە هەمیشە شتێکی جوانە.»

هەروەها ئەوەشی ئاشکرای کردووە کە خۆی و هاوسەرەکەی شریتی ئاودیشنەکانیان تۆمار دەکەن، هەروەها دادەنیشن و هەوڵ دەدەن پێکەوە دیمەن و کارەکتەرەکان شی بکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە لە کاتی نمایشکردنی یەکەمی فیلمەکە لە لۆس ئەنجلۆس هەفتەی ڕابردوو، پریانکا لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرام سەرسامییەکی گەورەی خۆی بۆ فیلمەکە دەربڕی، کە تیایدا نووسیویەتی» ناتوانم چاوەڕێی ئەوە بکەم کە هەمووتان سەیری بکەن، ئەم فیلمە جوان و کاریگەر و سۆزدارییە و ئەدای سەرسوڕهێنەری ئەستێرەکانە، یان کەمێك لایەنگری نەبم، بەڵام نیك جۆناس، تۆ لەو فیلمەدا گەورە بوویت.»

لەم دواییانەدا نیك جۆناس ئاشکرای کرد کە بە دیدێکی جیاوازتر لە ژیان دەڕوانێت و دەڵێت: «پێموایە بوون بە باوك هەموو شتێکی لە ژیانمدا گۆڕیوە و دیدگای من بۆ هەموو شتێك هەر باوکێکی مۆدێرن و ڕوونە، کە بە تێپەڕبوونی کات زیاد دەکات».



# کریستین ستیوارت بەرگری لە خۆی دەکات

کچە ئەکتەری گەنجی ئەمریکی کریستین ستیوارت ڕایگەیاند کە زۆر وریای خۆیەتی بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە و ناوبانگ کاری تێ نەکات و نەبێتە هۆی لەخۆبایی بوونی. وەك لە قسەکانیدا هاتووە ئەو ناوبانگەی ئێستا هەیەتی وای لێ کردووە زیاتر ئاگای لەخۆی بێت و لەخۆبایی نەبێت وەك بریتنی سپێرز، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە زۆر سەرسامە بە جودی فۆستەر و وەك نموونەیەکە بۆ ئەو و زۆر شتی لێوە فێر بووە. پێی وایە کە ئەو باشترین کەس بووە کە کاری سینەمایی کردبێت و سەرنجی بینەری بۆ خۆی ڕاکێشابێت. کریستین ئەوەشی وت کە هەڵسوکەوتی زۆر لە هەڵسوکەوتی پیاوانەوە نزیکە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەگەڵ دووبرای گەورە بووە و زۆر یاریی بیسبۆڵی کردووە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکانی.

لە لایەکی دیکەوە «ستیوارت» کۆمێنتێکی لەسەر ئەو دانیشتنە وێنەییە مشتومڕاوییە کرد کە لەم دواییانەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سۆشیال میدیاوە بڵاو کرایەوە، هەندێك کەس پێیان وابوو دانیشتنەکە زیادەڕەوی تێدا کراوە و هەموو هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، «ستیوارت» لە کۆنفرانسی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی بەرلین دوای ئەوەی لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکەوە پرسیاری لێ کرا، بە توندی بەرگری لە دانیشتنەکەی کردووە.

ستیوارت باسی لە فیلمە نوێیەکەی کرد بەناوی «عەشق درۆ خوێنبەربوون» و دانیشتنە مشتومڕاوییەکەی، لەو بارەشەو گوتی: "«من بەشداریم لەم فیلمەدا کرد بۆ دەرهێنەر گلاس، فیلمی بەناوی سەینت مۆد، یەکێکە لە فیلمە خۆشەویستەکانم کە زۆر سەرسام بووم لەگەڵ سیناریۆی فیلمەکەدا کاتێك پێشکەشم کرا، چێژم لە ڕۆڵگێڕان لە فیلمەکەدا وەرگرت و زۆر شتم دۆزیەوە، هەروەها من یەکێك بووم لە کارەکتەرە سەرنجڕاکێشەکانی فیلمەکە، ئەمەش بۆ من مایەی شانازییە و هەوڵ دەدەم بەردەوام بم».

### شاجوان بەهرۆز یاریزانی مەلەوانی:

# پێویستە مەلەوانگەیەکی تایبەت به یاریزانانی کچ هەبێت








***ئاستی یاریی مەلەوانی چۆن دەبینیت؟**

- مەلەوانی لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام هیوادارم گرنگی بدریّ بە یارییەکە و یاریزانانی مەلەوانی لە شارەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر.

***ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێشچوون بەخۆیەوە نەبینیّ؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانێتی وا دەکات کە بزانرێت ئاستی یاریزان چۆنە و، وا دەکات یاریزان زیاتر گرنگی بە بەرەوپێشچوونی خۆی بدات، ئەگەر پاڵەوانێتی نەبێت بێگومان ئاستی یاریزان دادەبەزێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە بۆ کچان، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

-وەکو یاریزانێك پێم باشە گرنگی بە یاریزانە کچەکان بدرێت لە بەرئەوەی هەموو کەس ناتوانێت ببێت بە یاریزانی مەلەوانی، بەتایبەت بۆ ئاستی کچان، هەروەها کردنەوەی خول و پاڵەوانێتیی زیاتر بۆ یاریزانانی یانەکان زۆر گرنگە.

*** گرفتی مەلەوانی لە چیدا دەبینیت؟**

-نەبوونی مەلەوانگەی پێویست بۆ مەشقکردنی بە کۆمەڵی یاریزانان گرفتێکی گەورەیە، هەروەها پێویستە مەلەوانگەیەکی تایبەت بە یاریزانانی کچ هەبێت.

*** گرێبەستی یاریکردنت بۆ هاتووە لە یانەکانی دیکە؟**

- بە هۆی ئەوەی هەموو یانەیەك یاریزانی مەلەوانی نییە، ژمارەی یانەکانی مەلەوانیش کەمن، بۆیە نەخێر بۆم نەهاتووە.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- وەکو کچە یاریزانێکی کورد ئارەزوومە بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتیدا بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر**

**یاریی مەلەوانی یەکێك لەو یارییە وەرزشییانەیە کە وەرزی هاوینان بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەکانی گەرما خواستی زۆری لە سەرە، لە ئێستادا چەندین یاریزانی ئاست بەرز ڕوویان لەم یارییە کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی عێراق و دەرەوەش بەدەست بهێنن، پارێزگای سلێمانی هەمووکات بەوە ناوی دەکردووە، لە یارییە تاکییەکان پێشەنگ بووە لە دروست کردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش، یانەی سلێمانیش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەنی داوە بۆ شارەکە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش شاجوان بەهرۆز، ئەو لە منداڵییەوە شەیدای یاریی مەلەوانییە ئەنجامی دڵخۆشکەر بووە، هەروەها لە یارییە سیانییەکانیش پاڵەوانی ڕۆژئاوای ئاسیایە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ۲۰۰۲ی شاری سلێمانییە، یاری بۆ یانەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**




**و یاریزانی بیانی ببەستن بۆ ئەم یارییە، وەك ئەوەی لە یارییەکانی دیکەدا ئێستا لە کوردستان هێنانی یاریزانی بیانی بووەتە دیاردە؟**

- نەخێر لەگەڵ ئەوەدا نیم، ئەگەر گرنگی بە یاریزانانی خۆمان بدرێت لە یاریزانانی بیانی زۆر باشترین و دەتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین.

***هۆکاری چییە یاریزانانی کچ بە کەمی ڕوو لەم یارییە دەکەن؟**

- لە بەر ئەوەی خانمان بە گشتی تەنیا حەز دەکەن مەلەوانی فێر بن نەك بن بە یاریزان، چونکە یاریی مەلەوانی یەکێکە لە وەرزشە قورسەکان.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشیی لە کوردستان بۆ ئەم یارییە؟**

- هیوادارم هاوکاری یاریزانان بن بۆ پێشکەشکردنی ئاستێکی باش لە پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیدا.

***خەونت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونم ئەوەیە بەشداریی پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکەم و پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، وەك ئەوەی ئێستا چۆن یەکەمی ڕۆژئاوای ئاسیام لە یارییە سیانییەکاندا، بە هەمان شێوە لە مەلەوانیشدا یەکەم بم.

***مەلەوانی ترسناك نییە بۆ کچان؟**

-نەخێر کچانیش وەکو کوڕان ئازا و بوێرن و ئەگەر پشتگیری بکرێین پاڵەوانی باشمان تێدا دروست دەبێت.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی مەلەوانیی کچانی کوردستان دابمەزرێت تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟**

- ئەوە هیوای هەموو یاریزانێکی کوردە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراقی دژایەتیت ناکرێت وەکو کچە کوردێك؟**

- نەخێر هیچ کات تووشی ئەم بارودۆخە نەبووم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییە؟**

- مایکڵ فلیپس.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، سوپاسی تایبەتی باوکم و مامۆستا گۆران دەکەم، چونکە تاکە هۆکاری سەرکەوتنی منن.

# بارزان شێرزاد گرێبەستباران کرابوو




هەر چەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشیی هەولێر مانەوەی لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی لەسەر دەستی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری کوڕی یانەکە مسۆگەر کرد، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە ڕیزی یانەی هەولێریان جێهێشتووە بەهۆی نوێ نەکردنەوەی گرێبەستەکانیان، بارزان شێرزاد کە ماوەیەکی زۆر خزمەتی یانەکەی کردبوو، ئەمساڵیش لەگەڵ یاریزانانی یانەکەی توانیان پلیتی مانەوە لە خولی پیشەگەران بهێڵنەوە، بەڵام بەهۆی پێنەدانی هەلی مانەوەیان لە یانەکە، بارزان شێرزاد ڕیزی یانەکەی جێهێشت و پەیوەندی بە یانەیەکی باشووری عێراقەوە کرد لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یانەی ناسرییە ژمارەیەکی زۆری یاریزانی کوردی گواستووەتەوە، بارزان شێرزاد یەکێکە لە یاریزانەکان و لەبارەی چوونی بۆ یانەی ناسرییە بە گۆڤاری گوڵانی گوت: «ئەوەی ڕاستی بێت ئۆفەری زۆرم بۆ هاتبوو لە یانەکانی دیکەی عێراقی هەتا لە خولی ئەستێرەکانیش عێراقیش، بەڵام بۆیە یانەی ناسرییەم هەڵبژارد، یانەکە ئامانجی سەرکەوتنی هەیە بۆ خولی پیشەگەرانی عێراقی هەروەها کۆمەڵێك یاریزانی کورد لە ڕیز یانەکە یاری دەکەن، کە ئەمساڵ گرێبەستی کردووە، هەبوونی ئەم یاریزانانەش بۆم مایەی دڵخۆشییە کە لەگەڵمان یاری دەکە جگە لەوەش یانەکە گرێبەستێکی زۆر باش پێداوم، بۆیە هەموو هەوڵێك دەدەم ئەم وەر ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم»



# هەولێر بە سەرجەم یاریزانانی بیانی خۆی ئامادە دەكات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر بەشدار لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی ئەم وەرزە، لەسەر دەستی ڕاهێنەری کوردی شاری هەولێر سەمیر سەدیق دەیەوێت تیپێکی بەهێز دروست بکەن بۆ خولە گەورە پڕ ئەستێرەکانی عێراقی، کارگێڕیی یانەی هەولێر ئەمساڵ زوو کەوتۆتە خۆ بۆ ئەوەی زۆرترین گرێبەستی تێکەڵ لە یاریزانانی کورد و بیانی مۆربکات و، تیپەکە بە بەهێزی بچێتە نێو کێبڕکێیەکان، لە ئێستادا شەش یاریزانی بیانی لە ڕیزی یانەی هەولێر دەبینرێت کە یانەکە بەفەرمی گرێبەستی ئەم یاریزانانەی تەواو کردووە، هەریەك لە یاریزانان (هیگۆر ڤیدالی بەرازیلی و یوسف بن سۆدەی تونسی و کۆلین ئەندەرسۆنی جامایکی و بیلال ئەلعیفەی تونسی و خالید کرداغلی سوری و هێلیۆ مۆنتێرۆی بەرازیلی) بە فەرمی یاریزانی یانەکە دەبن لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، سەمیر بابۆی ڕاهێنەری یانەی هەولێر ژمارەیەك یاریزانی کوردی لە یانەی دیکەی کوردستانی هێناوەتە ڕیزی تیپەکە بۆ ئەوەی بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ یانەکانی دیکەدا بکەن لەسەر ئاستی یانەکانی عێراقی. سەمیر بابۆ هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی گرفتەکانی یانەکە چارەسەر بکات و، تیپێکی بەهێز لە سەر ئاستی عێراقی بۆ یانەی هەولێر دروست بکات، جگە لەوەش یانەی هەولێر بە نیاز بوو کەمپێکی مەشق و ڕاهێنان لە وڵاتی تورکیا ئەنجام بدات، بەڵام بەهۆی هەندێك گرفتی تەکنیکی کەمپە مەشقییەکە بۆ شاری هەولێر گواسترایەوە و، بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە هاوینەهەواری پیرمام ئەنجام بدات.



# زاخۆ
# بە بەهێزی دەچێتە نێو کێبڕکێیەکانەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زاخۆ ئەم وەرزە بۆ خولی ئەستێرەکانی عێراقی کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزی لە ڕیزی یانەکەی کۆکردۆتەوە، جگە لەوەش یانەکە گرێبەستی کۆمەڵێك یاریزانی وەرزی ڕابردووی تازە کردۆتەوە، تەلال بلوشی ئەم وەرزە دوای نوێ کردنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەرایەتی لەگەڵ تیپەکە پلانی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی زاخۆ بکەنە یەکەمی عێراقی، لە ئێستادا کارگێڕیی یانەکە لە هەوڵی ئەوەیە کەمپێکی مەشقی و ڕاهێنان لە وڵاتی تورکیا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی یانەکە لە گشت ڕوویەکەوە ئامادە بێت، جگە لەوەش یانەکە هەریەك لە یاریزانانی پیشەگەر ئەیوب نەناح وگۆستافۆی بەرازیلی و ئەحمەد زامل و یوسف ڕائید و پاترێك و مویسێس و ئەمجەد عەتوان و عەلی کازم وهومام تاریقی یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی و عەلا ڕەعد و محەممەد عەلی عەبوود و ئەحمەد ئیبراهیم و مەحموود ئەسوەد یاریزانی سوری و ژمارەیەك لە یاریزانان گرێبەستیان تازە کردۆتەوە، ژمارەیەکی دیکەش گرێبەستیان لەگەڵ کراوە، بەلوشی لە هەوڵی ئەوەیە بتوانێ تاکو دەستپێکی خولی ئەستێرەکانی عێراقی پێکهاتەیەکی بەهێز دەست نیشان بکات بۆ وەرزی تازەی خولەکە. زاخۆ بۆ ئامادەکاریی زیاتر کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی لە وڵاتی تورکیا ئەنجامداوە، دەیەوێت بە تەواوی خۆی ئامادە بکات بۆ کێبڕکێیەکانی وەرزی تازە.

# میوە گونجاوەکان بۆ دابەزاندنی کێشی لەش



میوەکان بەهایەکی خۆراکیی بەرزیان هەیە، توێژینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە ڕۆژانە خواردنی میوەی جۆراوجۆر هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش. میوە دەوڵەمەندە بە ئاو کە ڕێژەکەی لە زۆربەی میوەکاندا دەگاتە ٨٠-٩٠٪، هەروەها ڕیشاڵ کە هەستی تێربوون دەبەخشێت و ڕێگرە لە زیاد خواردن. جگە لە ڕێژە بەرزەکەی ئاو و ڕیشاڵ، میوەکان شەکری سرووشتی لەخۆدەگرن، کە حەزی شیرینی پڕ دەکەنەوە. بەگشتی ئەو جۆرانەی میوە گونجاون بۆ دابەزاندنی کێشی لەش کە ڕێژەیەکی بەرزی ئاو و ڕیشاڵیان تیدایە لەگەڵ کالۆریی کەم، کە نابنە هۆی بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن، هەروەها لەسەرخۆ هەرس دەکرێن، وەکو: گرەیپ فرووت، سێو، هەرمێ، ڕاسبێری، شیلك، خۆخ، کاڵەك، پرتەقاڵ، کیوی. هەندێك جۆری میوەی دیکەیش تا ڕادەیەك دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن، کە لەوانەیە زۆر گونجاو نەبن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، تەنیا ئەگەر بە بڕی کەم بخورێن، وەکو: شووتی، ئەناناس، ترێ، ئاڤۆکادۆ، گوێزی هیندی، گێلاس، پاپایا Papaya، مانگۆ، هەروەها میوەی وشککراو و قووتووبەند.

# ئاوسانی ژێر چاوەکان



ئاوسانی ژێر چاوەکان Puffy eyes واتە ئاوسانێکی کاتیی شانەکانی دەوری چاو لە ئەنجامی قەتیسبوونی شلە. هۆکارەکان: بۆماوە یان مەیلی زگماکی، کەم خەوی بەتایبەتی کە هاوکات بێت لەگەڵ وەستانی کاتیی هەناسەدا، زیاد خواردنی خوێ (سۆدیۆم) کە هۆکارە بۆ قەتیسبوونی ئاو لە دەوری خانەکاندا، هەستەوەری، گریان چونکە فرمێسك خوێ لەخۆدەگرێت، کە دەرژێتە دەوری چاوەکان شلە قەتیس دەکات، تەمەن لەبەر کەمبوونەوەی توانای لاستیکیی پێست لەگەڵ کەمبوونەوەی دروستبوونی پرۆتینی کۆلاجین لە پێستدا، کە دەبنە هۆی تەنکبوونی پێستی ژێر چاوەکان و جووڵەی چەوریی ژێر پێست لەگەڵ کۆبوونەوەی شلە، کە هۆکارن بۆ شۆڕبوونی پێستی بەری چاوەکان Baggy eyes، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان، هەروەها نەخۆشی وەکو: هەوکردنی پێڵووی چاو، ئاوسانی گلاندی ژێر برژانگەکان، نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە، هەوکردنی چینی سەرەوەی سپێنەی چاو، نەخۆشیی تۆڕەی چاوی پەیوەست بە نەخۆشیی شەکرە، هەوکردنی چینی کۆڕنیای چاو، هەوکردنی دەماری بینین، هەروەها هەوکردنی شانەکانی دەوری گۆی چاو.

# ڕۆژانە چەند كالۆری دەسووتێنیت؟

لەش ڕۆژانە بڕێك كالۆری دەسووتێنێت بەبێ هیچ مەشقێكی وەرزشی، ئەمەش لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی جیاوازە بەپێی ڕەگەز، تەمەن، درێژیی باڵا، ئاستی چالاكیی فیزیكی، تەندروستیی كەسی، لەگەڵ كێشی لەش. سووتاندنی بڕی زیادی كالۆری كە زیاتر بێت لەو بڕە كالۆرییەی كە لە خۆراكەوە وەردەگیرێت، دەبێتە هۆی دابەزینی كێشی لەش. لە كاتی حەسانەوەدا، لەش بۆ ڕاپەڕاندنی فرمانی كۆئەندامەكان بڕێك وزە سەرف دەكات، بۆنموونە هەناسە، سووڕی خوێن، هەرسكردنی خۆراك، هەروەها نوێبوونەوەی خانەكان، بەمەش دەگوترێت تێكڕای میتابۆلیزم لە حەسانەوەدا RMR كە زۆربەی كالۆریی سەرفكراوی ڕۆژانە پێك دەهێنێت، بۆنموونە لە كەسانی پێگەیشتوودا دەگاتە ١٦٠٠ كالۆری بۆ پیاو و ١٤٠٠ كالۆری بۆ ئافرەت. بە مەشقی وەرزشی بڕی زیاتر كالۆری دەسووتێت، ئەو مەشقانەی كە دەبنە هۆی زیادبوونی لێدانەكانی دڵ وزەی زیاتر سەرف دەكەن، بۆنموونە لێخوڕینی بایسكل لە یەك كاتژمێرا نزیكەی ٢٥٠ كالۆری سەرف دەكات، ڕاكردنی مامناوەند ٤٠٠ كالۆری، مەلەكردن ٣٥٠ كالۆری، پیادەڕۆیی مامناوەند ١٥٠ كالۆری، ئیشی ناوماڵ ٢٣٠ كالۆری، تۆپی پێ ٥٠٠ كالۆری یان زیاتر.



# ئەڵقە زیرەکەکان لە سـ

**ئەڵقە یا ئەنگوستیلە مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، لەسەردەمی دەسەڵاتداری پاشایانی پێشوودا، ڕۆڵی مۆری فەرمی نووسراوە تایبەتییەکانی گێڕاوە. هەربۆیە لە زمانی عەرەبیدا بە ئەنگوستیلە (خاتم) گوتراوە. واتە مۆری کۆتایی سەر نووسراوەکان.**

**لەسەردەمی ژیریی دەستکرددا، ئەڵقەکان ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕن و شوێنی کاتژمێرە زیرەکەکان دەگرنەوە. بەهۆی ئەوەی ئەڵقە**



## ئەڵقەی ژیرۆکی سامسۆنگ

سامسۆنگ کۆمپانیایەکی گەورەی بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژیای نوێیە و لە ڕیزی بژاردەکاندا دێت. ئەڵقەی جۆری galaxy یەکێکە لە بەرهەمەکانی سامسۆنگ و تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

کێشی ئەڵقەکە لە نێوان دوو هەتا سێ گرام دایە. سێ ڕەنگی زیوین و زێڕین و ڕەشی هەیە. کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا هەفتەیەك شەحنی دانابەزێت. ئەڵقەکە پشتیوانی لە زیرەکیی دەستکرد دەکات. چاودێری کردنی خەو ئەرکێکی گرنگی ئەڵقەی گەلەکسی سامسۆنگە. خاڵ بۆ خەوێکی باش دادەنێت واتە (Sleep Score). ئەڵقەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و داتاکانی تەندروستی بەکارهێنەر بۆ ئاپێکی تایبەت دەنرێت کە لەسەر مۆبایلەکە داندراوە. وەك پرخە کردن لە خەودا، جوڵەجوڵ لەخەودا، کاتەکانی نووستن و ماوەی نووستن، لێدانی دڵ و هەناسەدان.

خاڵێکی گرنگی ئەڵقەی زیرەکیی سامسۆنگ تایبەت بە خانمانە و کە پێی دەگوترێت Cycle Tracking چاودێری کاتەکانی سوڕی مانگانەیان دەکات.

## ئەڵقەیەکی زیرەک وەک ماوسێکی سێ ڕەهەندی

ئەڵقەی زیرەکی جۆری Air-Point Ring وەك یەکەمین ئەڵقەی ماوس سەیر دەکرێت. ئەو ئەڵقەیە هیچ پەیوەندی بە تەندروستی و چاودێرییەوە نییە! کاتێك لە دەست دەکرێت وەك ماوسێکی سێ ڕەهەندی سەیر دەکرێت. یانی ماوسێك لە هەوادا و پێویست بەوە ناکات لەسەر شتێك دابندرێت، بە جوڵەی دەستی بەکارهێنەر دەجوڵێت. دوگمەی لای ڕاست و چەپی هەیە. بە جوڵەی پەنجەیەك پرۆگرامەکان دەکاتەوە و دایدەخاتەوە. نە تەنیا بۆ کۆمپیوتەر بەڵکو بۆ ئەو ئامێرانەش دەبێت کە تایبەتن بە گەمەی ئەلکترۆنی. جگە لەوەش دەکرێت وەك هێمایەکی لەیزەری بۆ وتنەوانە و پێشکێشکردنی سیمینارەکان سوودی لێوەربگیرێت. کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا دە ڕۆژ شەحنی دانابەزێت. کێشی ٥٠ گرامە و لەگەڵ سیستەمی ویندۆز و ماك دەگونجێت.



## زیرەکیی دەستکرد ئەڵـ

ئەڵقە زیرەکەکان ئەوەندە زۆرن لە ژمار نایەن، زۆربەی هەرە زۆریان ئەرکیان چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرە. ئەڵقەی جۆری Wizpr جیاواز لە هەموو ئەڵقەیەکە، چونکە ڕاستەوخۆ بە زیرەکی دەستکرد پەیوەند دەدرێت. ئەڵقەکە لەبری هەنگاوەکانت بژمێرێ یا چاودێری خەوت بکا، زیرەکیی دەستکرد دەخاتە ناو پەنجەکانت. هەربۆیە دەتواندرێ کۆنترۆڵی ئامێرەکانی ماڵەوە بکەی و وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە. پێویستیش ناکات بە دەنگی بەرز قسە بکەی، هەر ئەوەندەیە ئەڵقەکە لە دەمت نزیك بکەیەوەو بە



# ـــــــەردەمی ژیریی دەستکرددا

**هەمیشە لەگەڵ بەکارهێنەرەکەیەتی و کێشی کەمە ڕۆڵی گرنگتر لە کاتژمێریش دەگێڕێت. لەم سەردەمەدا ئەڵقەکان چاودێری تەندروستی، بەخشینی وزە، چاودێری خەو. بیستۆکی گوێ، تۆمارکردنی حاڵەتە دەروونی و تەندروستییەکانی بەکارهێنەر و زۆر شتی دیکەش. ئەرکی حەڵقە هۆشمەندەکانن. لێرەدا چەند ئەڵقەیەکی هۆشمەند بە نموونە دێنینەوە**



## ئەڵقەی زیرەکی Oura Ring Generation 3

ئەڵقەی ژیرۆکی Oura Ring Gen 3 لە ڕیزی بژاردە باشەکانی ئەڵقەی زیرەك دێت. زیاتر بۆ ڕێکخستنی جەستە و چاودێری خەوتن و پشوودان سوودی لێوەردەگیرێت. بەو هەستەوەرانەی لە ئەڵقەکە دایە، چالاکییە فیزیکی و دەروونی و خەوی بەکارهێنەر دەخاتە ژێر چاوەدێری. سایزی ٣ هەتا ٦ی هەیە. تایبەتمەندییەکانی ئەڵقەکە ئەمانەن: وەك هەموو ئەڵقەیەکی دیکە ئەرکی سەرەکی چاودێریی خەو و تەندروستییە، گەرمای جەستەیە و لێدانی دڵە. هاوکاری بەکارهێنەرەکەی دەکات لە وەرزشی مودیتەیشن. لە قووڵایی سەد مەتر لە ژێر ئاودا کێشەی بۆ نایەتە پێش. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. لەگەڵ پرۆگرامەکانی Google Fit و Apple Health دەگونجێت. ٤ ڕەنگی هەیە لەگەڵ ٨ ئەندازە.

## ئەڵقەیەکی زیرەک بۆ پێوانی چەوری و ئاو لە جەستەدا

دەکرێ بڵێین کارکردی گشت ئەڵقە زیرەکەکان وەك یەکە بە هەندێك جیاوازییەوە، بەڵام جیاوازییەکان لە ئەڵقەی زیرەکی جۆری ringo pro smart زۆر زیاترە. لە ستایل و شێوەدا هەروەك ئەڵقەیەکی ئاسایی دەچێت و هەمان ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدات کە ئەڵقەکانی دیکە دەیکەن. وەك چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی و ڕێژەی ئۆکسیجێنی ناو خوێن و گەرمای جەستە و ڕێژەی دڵەراوکێ... تاد. بەڵام یەکەم ئەڵقەی زیرەکە کە ڕێژەی ئاوی جەستە و هەروەها ڕێژەی چەوری ناو خوێن دیاری دەکات. ئەڵقەکە لە پۆڵا دروستکراوە. کاتێك شەحنی دەکەیەوە هەتا هەفتەیەك پێویستی بە شەحنکرنەوە نییە. جگە لەوەش پەدێکی لەمسی هەیە بەهۆیەوە دەکرێت کۆنترۆڵی مۆبایل بکەی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەیەوە و کامێرا پێبکەی و وێنە بگری. بارستاییەکەی ٢,١١ملمە.



## ـــــــقەیەک لە پەنجەتدا

ئارامی پەیامەکانتی پێ بڵێ. ئەوەی لە زیرەکیی دەستکرد دەپرسی لەو ئەڵقەیەش بپرسە. ئەڵقەکە کە بەهۆی ئاپێکەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، پەیامە دەنگییەکەت دەکاتە دەق و هەروەها دەکرێت بۆ نووسینی دەقیش سوودی لێوەربگری. لە چەند زمانێکی زیندووی جیهان تێدەگات. ئەڵقەکە کێشی ٤ گرامە. سایزی ٦ هەتا ١٣ی هەیە. بە چوونە ناو ئاو تێکناچێت. هەتا ٩٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. بەڵام ئەگەر قسەی پێبکرێت هەتا ١٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.



# پرۆگرامێکی زیرەکیی دەستکرد و گەلێک کارئاسانی

زیرەکیی دەستکرد ئەرکی سەرەکی ئەوەیە کارئاسانی بۆ مرۆڤ بکات و ئەرکەکان ئاسان بکاتەوە. لە بواری گرافیك و وێنە و ڤیدیۆدا لەو بوارەدا پێشەنگ بووە.

یەکێك لەو ئەپلکەیشنەکانی تایبەت بە سیستەمی ئەندرۆیدی مۆبایل، پرۆگرامی SnapEdit ە پرۆگرامێك ئەوەی مەبەستە لە دەستکاری کردنی وێنە تێیدایە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- سڕینەوەی ئەو شتانەی پێتوایە لە وێنەیەکدا زیادن.
- لابردنی دەقێك لە وێنەیەکدا، بە جۆرێك تەنیا دەقەکە لادەبات چ دەقی ئینگلیزی بێت چ ئارامی.
- ئامادەکردنی وێنەیەك بۆ وێنەی مامەڵات، بۆ نموونە وێنەیەکت بە مۆبایلەکەت گرتووە بەڵام وێنەکە بۆ پاسپۆرت یا مامەڵەی دیکە نابێت، پرۆگرامەکە وێنەکە تەواو دەکاتە وێنەیەکی مامەڵاتی.
- سڕینەوەی باکگراوەندی وێنەیەك، بە ئاسانی باکگراوەندی وێنەیەك دەگۆڕی و پاشخانی دیکەی لە شوێن دادەنرێت.
- گۆڕینی وێنە بە وێنەیەکی ئەنیمەیشنی و کارتۆنی.
- بردنە سەری کوالیتی وێنەیەك بە ئەندازەیەکی زۆر.

نوێکردنەوەی وێنە کۆنەکان.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئایا بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شەحنکردنەوەدا کێشە بۆ مۆبایلەکە دروست دەکات؟**

خوێنەری بەڕێز لە وەڵامدا دەڵێین بەڵێ. چونکە کاتێك مۆبایل شەحن دەکەیەوە و تۆش بەکاری دێنیێ بەتایبەتی ئەگەر گرتەیەکی ڤیدیۆیی بێت یا یارییەك گرافیکی لەسەرەوە بێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مۆبایلەکە گەرم دابێت و هەروەها خێرایی شەحن بوونەوەکەی کەمتر بێتەوە لە درێژمەودادا باترییەکەی هێزێکی ئەوتۆی نامێنێت. ئەگەر ڕێژەی شەحنبوونەوەی باتری مۆبایل لەگەڵ ڕێژەی سوود وەرگرتن هاوسەنگ بن، ئیدی ئەوە شەحن نابێتەوە و وەك خۆی دەبێت، ئەگەر ڕێژەی سوود وەرگرتنەوەکە زیاتر بێت ئەوە نەتەنیا شەحن نابێتەوە، بەڵکو شەحنی دادەبەزێت.

# ڕیمۆتێک بۆ گشت ئامێرێک

ئامێرە دیجیتالییەکان ئێستا گەلێك زۆر بوونە. تیڤی، سپلێت، موبەریدە، گلۆپ... تاد. بۆ هەر ئامێرێکیش دەبێت ڕیمۆت کۆنترۆڵی تایبەت بەخۆی هەبێت. جار هەیە ڕیمۆتێك بزر دەبێت و هاوشێوەکەشی گیرناکەوێت.

ڕیمۆت کۆنترۆڵی جۆری swithcBot Universal remote بۆ گشت ئامێرێکە. زیاتر لە ٢٥ جۆر ئامێر دەخوێنێتەوە و پشتیوانی لە دە هەزار مۆدێل دەکات. هەر ئامێرێك بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ بکرێت، بەو ڕیمۆتە سیحرییە کۆنترۆڵ دەکرێت. ڕێمۆتێك بۆ هەمیشە. ڕیمۆتەکە چ جۆری بلوتوس بێت، یا وای فای بێت، یا IR بێت. شاشەیەکی هەیە و بەکارهێنەر دەتوانێت لە شاشەکە ئامێری خۆی بدۆزێتەوە. دوگمەکانی زۆر نین و کێشە دروست بکەن. بە هەر شەش مانگ جارێك شەحن دەکرێتەوە. نە تەنیا ئامێرە کۆنەکان، بگرە هەر ئامێرێکیش لە داهاتووشدا بەرهەم بێت، ڕیمۆتەکە بۆ ئەویش دەگونجێت.








# کامێرایەکی تایبەت بە پایسکل

کامێرای تایبەت بە ئۆتۆمبیل هەیە کە لە سەر داشبۆردی ئۆتۆمبیل دادەنرێت و ڕووداوەکانی گەشت کردن تۆمار دەکات. کامێرای تایبەت بە پایسکیلیش بەرهەم هاتووە. کامێرای جۆری LINKFLOW BOLD لە سوکانی پایسکیل بەهۆی ستاندێکی تایبەتەوە دەبەسترێت. تایبەتمەندییەکانی کامێراکە گەلێك زۆرن:

کامێراکە خۆی وای-فای تایبەتی هەیە و ئەگەر لە گروپێکی پێنج کەسی دابن، هەموو گروپەکە بەبێ ئینتەرنێت و بەبێ مۆبایل دەتوانن پەیوەندییان پێکەوە هەبێت و قسە بکەن. لەو کاتەی کە کێشەیەك دێتە پێش، وەك ئەوەی بەکارهێنەرەکەی لە پایسکیل بکەوێتە خوار، پەیوەندی بە نزیکەکانیەوە دەکات و خۆکار دەست دەکات بە فیلم هەڵگرتنەوە. کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەی ئاستێکی بەرزی هەیە و 4K یە. باترییەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێت هەشت کاتژمێری بەردەوام فیلم هەڵبگرێتەوە. وەك پاوەربانکیش سوودی لێوەردەگیرێت و مۆبایل شەحن دەکاتەوە. گۆشەنیگای ١٤٨ە و فیلم لە هەموو گۆشەکانەوە دەگرێت. سیستەمی شەویشی تێدایە و لەکاتی تاریکایی و شەویشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە.

## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی ماڵپەڕ

ئەگەر نیازت هەیە ماڵپەڕی تایبەت بەخۆت هەبێ و هیچیش لە دانانی ماڵپەڕ نازانیێ. لەسەردەمی ژیریی دەستکرددا دروستکردنی ماڵپەڕ وەك ئاو خواردنەوەیەك وایە. تەنیا لە دوو خولەکدا ماڵپەڕی تایبەت بەخۆت لە هەربوارێکدا بێت دروست بکە. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە ماڵپەڕی hocoos.com بدە و دوای دانانی هەژمارێك بۆخۆت، تایبەتمەندی ماڵپەڕەکەت و ناوی ماڵپەڕەکەت و جۆری ماڵپەڕەکەت بەگشتی بە حەوت قۆناغدا تێدەپەڕێت هەڵبژێرە. ئیدی لە ماوەی کەمتر لە دوو خولەکدا دەتوانی ماڵپەڕی تایبەت بەخۆت هەڵبژێری. لە هەموو ئەو قۆناغانەدا ژیریی دەستکرد هاوکارت دەبێت و ئاسانکارییەکی تەواوت بۆ دەکات.



## ChatGPT.5 نزیک بوونەوەی ژیریی دەستکرد و ژیریی مرۆیی

بڕیار وایە لە چەند مانگی داهاتوودا دوا ڤێرژنی ChatGPT واتە ڤێرژنی (٥)ی ئەم ژیرە دەستکردە بخرێتەڕوو و گشتگیر بێت و هەمووان سوودی لێوەربگرن.

ChatGPT.5 لەسەر لێکدانەوەی زمان کار دەکات و بە جۆرێك دەدەوێ و دەردەبڕێ وەك ئەوە وایە لەگەڵ مرۆڤێکی ئاسایی قسە بکەی. تەنانەت دەربڕینەکانی حاڵەتی خۆشی و ناخۆشی و تووڕە بوون و زیزبوون و ...تاد هەموو ئەوانە لە خۆدەگرێت. لایەنێکی دیکەی دوا ڤێرژنی چات جی پی تی، تێگەیشتنی قووڵە و واتە کاتێك دەقێکی دەدەی وەك مرۆڤ دایدەڕێژێتەوە بە جۆرێك هەست بەوە ناکەی ئەو بابەتە بە ژیری دەستکرد داڕێژرابێ. لە بواری وێنە و ڤیدیۆوەش چەند هەنگاوێك چۆتە پێش و کارئاسانی زۆر بە بواری بەرهەمهێنانی فیلم دەکات.








## جوانترین مۆدێلی گوارەی کورت که به درێژایی ڕۆژ دەگونجێت

لەگەڵ بەردەوامیی پەرەسەندنی دیزاینی زێڕینگەریدا، گوارەی کورت جێگەی تایبەتی لە جیهانی مۆدەدا بەدەست هێناوە، ئەمەش بەهۆی هەمەچەشنیی دیزاینەکانیان و ئاسانکاریی بەکارهێنانی لە هەموو کاتێکدا.
گوارەی ئەندازەیی لەم وەرزەدا لە پێشەنگی لیستی مۆدەدایە، لە بازنەی سادە تا چوارگۆشە و سێگۆشە، ئەمەش ڕەنگێکی مۆدێرن بۆ جوانیت زیاد دەکات، بۆیە وای کردووە ببێتە هەڵبژاردەیەکی دڵخواز بۆ بۆنە تایبەتەکان.
بەردی بەنرخ سەرنجڕاکێشی دەبەخشێتە گوارەی کورت و بەهۆی بریقەی ئەڵماسەوە زیاتر دڵڕفێن دەکرێت، دەتوانرێت لە چەندین بەردی ڕەنگاوڕەنگی وەك یاقوت و زمروود و.. هتد دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لە ئێواراندا درەوشاوەییتان پێ بدات.
گوارەی مرواری وەك هەڵبژاردەیەکی بێ کات دەمێنێتەوە، دیزاینەکانیان لە شێوەی سادە تا دیزاینی ناوازە جیاوازە، ئەمەش وای کردووە بۆ بۆنە جیاوازەکان گونجاو بێت.
بۆ ئەو خانمانەی بەدوای دیزاینی ناسك و نەرمدا دەگەڕێن، گوارەی تەنك و کورت گونجاوە، کە بە زۆری بە بەردی ئەڵماسی بچووك چەسپێندراون کە سەرنجڕاکێشییان زیاتر دەکات.



## چۆن ڕەنگی مۆبیلیاتی ژووری نوستن هەڵدەبژێریت؟

بەهەڵبژاردنی ڕەنگی گونجاو بۆ مۆبیلیاتی ژووری نووستنەکەت دەتوانیت بە خێرایی ژوورێکی مات بگۆڕێت بۆ شوێنێکی سەرنجڕاکێش، لەم چوارچێوەیەدا، پەیڕەوکردنی یاسای ٦٠-٣٠-١٠ دروستە، لە یاساکەدا هاتووە کە لە ژوورەکەدا، سێ ڕەنگ هەیە:
١- ڕەنگی باڵادەست: ئەم ڕنگە ٦٠٪ی توخمەکانی ژوورەکە داگیر دەکات و بەکار دێت بۆ بۆیاخکردنی دیوارەکان و شتە سەرەتاییەکان، لە زۆربەی ڕەنگەکاندا ڕەنگی باڵادەست تا ڕادەیەك سووك و بێلایەنە، وەك: خۆڵەمێشیی کاڵ، سپی، بێجی، یان قاوەیی کاڵ.
٢- ڕەنگی لاوەکی: ڕەنگی دووەم کاریگەریی لەسەر ٣٠٪ی توخمەکانی ژوورەکە دەبێت، توخمە لاوەکییەکانی دیکۆرات و مۆبیلیات، وەك: پەردە، بالیف و کورسی، لەم چوارچێوەیەدا ئازادیی زیاترت هەیە هەڵبژاردنی نێوان سێبەری تۆخ یان ڕەنگی گەشاوە، بەڵام دڵنیابە کە زیادەڕەوی نەکەیت.
٣- ڕەنگی جیاواز: ڕەنگی سێیەم بە ڕێژەی ١٠٪ لەسەر پارچە ناوازەکان دەگۆڕدرێت، کە ڕەنگە بۆ کار بەکار بهێنرێت.
٤- ڕەنگی هونەری وەك: دیکۆراتی مۆبیلیات، ئیکسسواراتەکانی دیکۆرات، ڕازاندنەوەی ڕووناکی و گڵۆپ.





# چۆن خۆت لە تۆخبوون و ڕەشیی لێوەکان ڕزگار دەکەیت

## ڕێچکە سرووشتییەکان:

• تێکەڵەی شووتی و زەیتی گوێزی هیندی:
هەندێك شووتی ورد بکە و لەگەڵ زەیتی گوێزی هیندی تێکەڵیان بکە، شووتی ترشی سرووشتیی تێدایە کە ڕێگری لە قڵیشاندنی پێست دەکات، هەروەها زەیتی گوێزی هیندی لێو شێدار دەکاتەوە.

• ماست و زەردەچەوە: دەتوانیت ماست لەگەڵ کەمێك زەردەچەوە تێکەڵ بکەیت و تێکەڵەکە بدەیت لە لێوت، زەردەچەوە تایبەتمەندیی دژە بەکتریا لەخۆ دەگرێت، هەروەها ماست شێدارەوەیەکی باشە بە لێو.

• شەکر و زەیتی زەیتون: شەکر لەگەڵ زەیتی زەیتون تێکەڵ بکە و وەکو توێژاڵێکی نەرم بۆ لێو بەکاری بهێنە، شەکر یارمەتی لابردنی خانە مردووەکانی پێست دەدات، لەکاتێکدا زەیتی زەیتون شێدارکەرەوەیە بۆ لێوەکان.

• زەیتی بادەم و لیمۆ: ئاوی لیمۆ لەگەڵ چەند دڵۆپێك زەیتی بادەم تێکەڵ بکە و تێکەڵەکە بدە لە لێوت، زەیتی بادەم ڤیتامین E ی تێدایە کە یارمەتی نوێکردنەوەی خانەکانی پێست دەدات.

• ئالۆڤێرا: جێڵی ئالۆڤێرای سرووشتی بۆ لێوەکانت بەکار بهێنە، بۆ شێدارکردنی لێو و کاڵکردنەوەی ڕەنگەکەی، ئالۆڤێرا تایبەتمەندیی ئارامکەرەوە و سوودبەخشی تێدایە بۆ پێست.

ئامادەکردنی: شیلان عەلی





## کۆنترین دراوی جیهان

دراوەکان مێژوویەکی کۆنیان هەیە، بەڵام زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە عێراقییەکان دەکەن کە یەکەم کەس بوون کە پارەیان دروست کرد و ئاڵوگۆڕیان پێ کرد، دراوەکە لە عێراق بە شاقل ناسراوە، کە بە زمانی ئەکەدی بە مانای کێش دێت، کە یاسای سۆمەری ئورنامو لە عێراق تا ٤٢٠٠ ساڵ پێدانی غەرامەی بە دراوی شاقل وەك قەرەبووی زیانە جۆراوجۆرەکان دیاری کردبوو. وە هەروەها (جۆ) بە یەکێك لە خۆراکە سەرەتاییەکان و گرانبەهاکان دادەنرێت لە عێراقی کۆنەکاندا، بۆیە پێش داهێنانی دراو بۆ ئاڵوگۆڕی کەلوپەل (جۆ)بەکار دەهات و ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی بیکاتە لۆگۆیەك بۆ دراوی عێراقی کۆن.

## یاسا



**وتەی شاهید**

زۆر جار ئەو کەسەی کە بەتەمای شاهێدیدانە لە کێشە یان داوایەکی دیاریکراودا، پێش ئەوەی بچێتە بەردەم دادوەر، تووشی جۆرێك لەدڵەڕاوکێ و شڵەژان دەبێت، ئەو کەسەی کە هاتووە شاهیدی بدات یان لەگەڵ پارێزەری ئەو کەسە قسەکان ڕێك دەخات و ڕیزبەندییان بۆ دەکات، بەهۆی ئەم فشار و هۆکارانە دوور نییە ئەو کەسەی کە بە تەمای شاهیدیدانە بیر لەمە بکاتەوە کە وتەکانی لەسەر کاغەزێك بنوسێتەوە و بۆ دادوەری بخوێنێتەوە، بەڵام بەگوێرەی یاسا لە داوا مەدەنی و سزاییەکاندا ئەمە ڕێگەپێدراو نییە و ناکرێت بۆ شاهیدیدان پشت بە یادنامە و بیرنامە و شتانێکی نوسراو ببەسترێت بە مەبەستی بەبیرهاتنەوە، تەنیا بە ڕێگەپێدانی دادگا نەبێت، ئەویش ئەگەر سرووشتی داواکە یان سرووشتی شاهیدیدانەکە وای پێویست بوو.

هەروەك لە یاسای سەلماندن لە مادە (٩٥) بڕگەی یەکدا هاتووە (شاهیدیدان بە زارەکی ئەنجام دەدرێت و نابێت پشت بە یادنامە (مذکرات) و نوسراو ببەسترێت، تەنیا بە مۆڵەتی دادگا نەبێت، ئەگەر سرووشتی داواکە پێویستی بەمە کرد. هەروەها لە مادە (٦١) بڕگەی (أ)ی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاییەکاندا هاتووە: «شاهیدیدان بە زارەکی ئەنجام دەدرێت و دەکرێت ڕێگە بە شاهید بدرێت کە پشت بە یادنامە نوسراوەکان ببەستێت ئەگەر سرووشتی شاهیدیدانەکە وای پێویست بوو».



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرەدا باس لە گرنگیی دار و درەختەکان دەکات، کە هەر دارێك هێندەی سپلیتێکی دوو تەنی دەتوانێت هەوای پیس و گەرم، پاك بکاتەوە و کەشوهەوا فێنك بکاتەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

**هەنگەکانیش ئاو دەخۆنەوە**

هەنگەکان پێویستیان بە ئاو هەیە، بە تایبەت لە بەهاردا کاتێك زۆرترین بێچووهەڵهێنان ڕوو دەدات، شانە بەهێزەکان ڕۆژانە لە مانگی نیساندا گەشە دەکەن و ١-٢ لیتر ئاو بەکاردەهێنن.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

سەرنجی تەواوت لەسەر ئەو وشانە بێت کە دەیڵێیت، بۆ ئەوەی دواتر پەشیمان نەبیتەوە، پەستانێکی زۆری کارت لەسەر شانە، پێویستە پشوو وەربگریت بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەندروستیت نەبێت، خۆشەویستەکەت لێت نیگەرانە بەهۆی ئەوەی کاتی پێویستی بۆ تەرخان ناکەیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هیچ بڕیارێك بە خێرایی مەدە، دووجار بیر لە هەر شتێك بکەرەوە کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت یان بیڵێیت، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبیتەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، پێویستە بە ژیرانە ڕەفتار بکەیت بۆ ئەوەی بەزوویی چارەسەریان بکەیت، تەندروستیت فەرامۆش مەکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

دەروونت ئارامە، لە لایەنی پیشەییەوە هەست بە باشی دەکەیت لەگەڵ کارەکەت، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشە سۆزدارییەکانت بکەیت، پێویستە لەو بارودۆخانە تێبگەیت کە ڕووبەڕووی دەبیتەوە و بە تێگەیشتوانە بیری لێ بکەیتەوە، هیچ هەوڵێك مەدە کە دەزانیت ئەنجامەکەی شکست دەبێت، کاتەکانت بەهەدەر مەدە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ردەروونت کەمێك ناجێگیرە و بەردەوام سەرقاڵی بیرکردنەوەیت بەهۆی ئەو بەربەستانەی هاتوونەتە پێشت، هەوڵ بدە سوود لە ئامۆژگاریی کەسانی دیکە وەربگریت بۆ ئەوەی بەسەر کێشەکاندا زاڵ ببیت، ئەو خەونانەی بە سەرکەوتنەوە دەتبینی بەم زووانە دەبن بە ڕاستی، لە لایەنی تەندروستییەوە باشیت، تەنیا کەمێك سترێست هەیە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

زۆر سەرقاڵ دەبیت و هەست بە ماندووبوون دەکەیت، تەندروستیت بەهۆی زۆریی سترێس و دڵەڕاوکێوە بەرەو خراپی دەڕوات، زیاتر گرنگی بە خۆت بدە، بۆ ئەوەی لایەنی داراییت بەهێز بکەیت پێویستە بە ئاراستەیەکی ڕاست کار بکەیت، دوور بکەوەرەوە لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی پەیوەندیی تۆ و خۆشەویستەکەت تێك دەدات.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لە لایەنی پیشەییەوە بە هەوڵەکانت زیاتر کارەکەت گەورە دەکەیت، ئەمەش کارێکی باش دەبێت، ئەگەر چەند ناکۆکییەك ڕووی داوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت کۆتایی پێ دێت، لە لایەنی تەندروستییەوە زیاتر سەرنجت لەسەر جۆری خۆراکەکانت بێت.

بۆ زانیاریت

# دڵۆپەی ئاوی باران




زیندەوەرناسانی براوەی خەڵاتی نۆبل، لە دوو کۆلێژی ئەندازیاری، لە شووشەیەکی ئاوی بارانی هیوستن تیشکێکی نوێیان خستە سەر سەرچاوەی ژیان لەسەر زەوی. لە توێژینەوەکەدا کە ئەمڕۆ لە گۆڤاری Science Advances بڵاو کراوەتەوە، توێژەری پۆست دکتۆرای زانکۆی چیکاگۆ PME ئامان ئاگراواڵ Aman Agrawal و هاوکارەکانی کە بریتین لە راگری خانەنشینی زانکۆی کالیفۆرنیا ماتیو تیرێل و زیندەوەرزانی براوەی خەڵاتی نۆبل، بایۆلۆجیست جاک Jack Szostak نیشانی دەدەن کە چۆن ئاوی باران یارمەتیدەر بووە لە دروستکردنی تۆڕی دیواری meshy wall دەوری خانە سەرەتاییەکان لە ٣,٨ ملیار ساڵ لەمەوبەر، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لە گواستنەوە لەمۆلیکولە بچووکەکانی ئارئێن ئەی بۆ هەموو بەکتریاکان و رووەک و ئاژەڵ و مرۆڤیش کە تا ئێستا ژیاوە. توێژینەوەکە دەریدەخات کە ئاوی باران لەوانەیە یارمەتیدەر بووبێت لە دروستبوونی دیواری سەرەتایی خانەدا، زانایان بۆیان دەرکەوتووە دڵۆپەی ئارئێن ئەی RNA لە ئاوی باراندا دیوارێکی پارێزراو لە دەوروبەریان دروست دەبێت و ئاڵوگۆڕی RNA خاو دەکاتەوە. ئەمە رێگە بە جیاوازیی بۆماوەیی و پەرەسەندن دەدات کە بۆ گەشەی ژیان گرنگە، تاقیکردنەوە لەسەر ئاوی بارانی راستەقینە سەلماندوویەتی کە باران دەتوانێت ئەم دیوارە پارێزەرانە دروست بکات، ئەمەش دەریدەخات کە باران رۆڵی سەرەکیی هەبووە لە سەرچاوەی ژیان لەسەر زەوی.

## فیلم

## ئەژدیها - Monster




فیلمێکی ترسناك و تریلەرە، باس لە دوو هاورێی کچ دەکات، کە یەکێکیان دەرفێندرێت ئەوی دیکەش پلانێکی تۆکمە دادەنێت تا هاورێ کچەکەی لە دەست ئەو ئەژدیهایە رزگار بکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٨) خولەکە، لە دەرهێنانی راکۆ پاراجانتۆ، لە نووسینی باتارا گۆمپەر سیاگان، لە نواندنی: مارشا تیمۆسی، ئەنانتیا کیرانا، ئەلێکس ئەبد، سوتلنا هامۆنانگەن.



## پەند و وتە

شاژن (ئەلیزابێت) دووەم، شاژنی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٦ لە شاری برۆتۆن لە بەریتانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆشکی بالمۆراڵ کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی ئازاردانی رۆح دەڵێت: هەروەك چۆن جگەرەکێشان ئازاری سییەکان دەدات، بەم جۆرەش خەم و ناخۆشی و بێزاری ئازاری رۆح دەدات، تەنانەت ئەگەر برێکی کەمیش بێت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کە بە فرێمەکانەوە وێنەی کێشراوە، ئەوەی سەیرە هیچ رەنگێکی سوور لە وێنەکەدا بەکار نەهێنراوە، تەنیا بە شێوەیەکی فیکری وێنەی کۆڵایان کێشاوە، کە مێشك لە لایەن خۆیەوە رەنگێکی سوور بە وێنەکە دەبەخشێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بارودۆخەکە بە خواستی تۆ نابێت لە ژیانی تایبەتیتدا، رەنگە دەمەقاڵێت ببێت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت، وشە زبرەکانت زیاتر بارودۆخەکە دەشێوێنێت، پێویستە بە هێمنی بمێنیتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر تووشی سترێس نەبیت، ئەم چەند رۆژە لە خواردنی سورەوەکراو دوور بکەوەرەوە لەپێناو پاراستی تەندروستیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنیت و هەموو شتێك بە خواستی تۆ دەبێت، خێزانەکەت بە تەواوی لێت تێدەگەن و پاڵپشتیت دەکەن، هەندێك کێشە دێتە پێشت لە ژیانتدا، تەنیا پێویستت بە کەمێك متمانەبەخۆبوونە بۆ ئەوەی بە ئاسان تێپەڕێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەم کاتەدا هەموو شتێك بە خواستی تۆیە، لە لایەن کەسانی چواردەورتەوە پاڵپشتی دەکرێیت بۆ هەر کارێك کە ئەنجامی بدەیت، لە کۆتایی رۆژەکەتدا چانسی ئەوەت دەبێت هەندێك کات لەگەڵ هاورێکانت یان خۆشەویستەکەت بەسەر بەریت، ئەمەش زیاتر دڵخۆشت دەکات، پرۆژەکانت لەلایەی پیشەییەوە پێویستیان بە هەوڵدانی زیاتر هەیە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لە لایەنی پیشەییەوە ئەگەر هەست بە ئارامی ناکەیت و بیر لەوە دەکەیتەوە پیشەکەت بیگۆڕیت، پێویستە پەلە نەکەیت، بە ژیرانە بیر بکەیتەوە و بڕیار بدەیت، دەنا دواتر پەشیمان دەبیتەوە، لە لایەنی داراییەوە ئەمڕۆ رۆژێکی باش دەبێت، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت جێگیرە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خێزانەکەت دڵخۆشن و لەگەڵیان هەست بە ئارامی دەکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەستی زیاتر بۆ یەکتر دەربەڕن و هەست بە دڵخۆشی دەکەن، رێگە مەدە کەسی سێیەم بێتە نێوانتانەوە، لە لایەنی پیشەییەوە ئەنجامی پلانەکانت بەو شێوەیە دەبێت کە خۆت چاوەڕوانیت دەکرد.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەست بە دڵخۆشی دەکەیت لە ژیانی سۆزداریتدا و کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت، هەندێك کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی بڕۆیتە دەرەوە و پیاسە بکەیت، بەم شێوەیە سترێست نامێنێت، لە لایەنی پیشەییەوە بە چاودێریکردنی باش و متمانەبەخۆبوونەوە دەتوانیت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی —٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Gulan Weekly

November 9, 2024 Issue,No.1429

